# هەندێ کێشەی
# زمانەوانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا

د. ئەحمەد قەرەنی

# هەندێ کێشەی

# زمانەوانی لە  پرۆگرامەکانی خوێندندا

# هەندێ کێشەی
# زمانەوانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا

د. ئەحمەد قەرەنی

ناوی بەرهەم: هەندێ کێشەی زمانەوانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا

نووسەر: د. ئەحمەد قەرەنی

بەرگ: ئامانج ئیسماعیل عەبدی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم – ساڵی ٢٠١٨

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر

پێداچوونەوە: ئەکادیمیای کوردی چاودێریی زمانەوانی ئەم کتێبەی کردووە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردن (٨٧٠) ساڵی ٢٠١٨ پێدرا


هەواڵنامەی کتێب

دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە و لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین بۆ ئەم کارە پووخت و پڕ لە زانیاریی و وردەکارییە. کتێبەکە بەو پەڕی سەرکەوتوویی ئامانجی خۆی پێکاوە و پانۆرامایەکی گشتی دەداتە ئەو پڕۆژە گەورەیەی وەزارەتی ناوبراو کاری لەسەر کردووە.

ئەکادیمیای کوردی

هەولنامەی کتێب

هەوانامەی کتێب

# پێڕست


**پێشەکی ........................................................ ٩**

**بەشی یەکەم: بنەما زانستی و تەکنیکییەکانی پرۆگرامی... .... ١٧–٧٦**

تەوەرەی یەکەم: پاشخان و سەرەتای دانانی..... ...... ١٩

تەوەرەی دووەم: بنەما تیۆرییەکانی فێربوونی .... ....٢٨

تەوەرەی سێیەم: بوارەکانی خوێندنی زمانی.... .......٥٢

تەوەری چوارەم: ئامانجەکانی پرۆسەی بە ..... .. ....٦٨

**بەشی دووەم: ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە ... ... ٧٧–١٥٨**

تەوەرەی یەکەم: ئامادەکاری و دەستپێکی کارەکان..........٧٩

تەوەرەی دووەم: بەدواداچوونی کارەکان....................٩٥

تەوەرەی سێیەم: هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکان ..............١٢١

**بەشی سێیەم: کارو ئەرکەکانی لێژنەی باڵا ................... ١٥٩–٢٠١**

تەوەرەی یەکەم: کۆبوونەوەو بەدواداچوونی کارەکان ......١٦١

تەوەری دووەم: سەرپەریشتیکردن و بەدواداچوون ............١٩٤


هەواڵنامەی کتێب

**بەشی چوارەم: هەڵسەنگاندن ................................ ٢٠٣-٢٥٢**

تەوەرەی یەکەم: هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە.............. ٢٠٥

تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنێك لەلایەن ڕاهێنەرێکەوە... ٢١١

تەوەری سێیەم: هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتیی.......... ٢٢١

تەوەری چوارەم: پوختەی دووساڵی پرۆژەی بە.......... ٢٤٦

**ئەنجام.............................................................. ٢٥٣**

**سەرچاوە.......................................................... ٢٦٢**

**پاشکۆکان........................................................ ٢٦٥**

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

فێربوونی زمانێکی بیانی و فێرکردن بە هەمان زمان، دوو شتی جیاوازن و لە هەندێك ڕووەوە پێچەوانەی یەکترن. ئەگەر ئەوەی یەکەم شتێکی ئاسایی بێت و پێڕەوکردنیشی کارێکی ئاسان بێت، بەڵام ئەوەی دووەم پێویستی بە هەڵویستێکی جدییەو دەبێت لە هەموو ڕوویێکەوە دیراسەت بکرێت. هەردوو حاڵەت لە هەرێمی کوردستاندا هەن و لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب بەرەو داهاتوویێکی نادیار دەڕۆن. هەر دۆخێکی ئەنجام نادیاریش لە سیستمی پەروەردەو فێرکردندا کێشەیەکی ئاوێتەیی هەمەلایەن دروست دەکات. چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشە ئاڵۆزانە کە فرە ڕەهەندن و دەرهاوێشتەی نەرێنییان هەیە، پێویستیان بە دارشتنی پلانێکی ستراتیژی هەیە، کە لەڕووی تەکنیکی و کارگێڕیی و سەرپەرشتیکردن و داراییەوە تۆکمە بێت.

لە سەرەتاوە، پرۆسەی کردنەوەی قوتابخانەکان کە فێرکردن تێیدا بە زمانی ئینگلیزی بێت، لە قوتابخانە ئەهلییەکانەوە دەستی پێکردو یەکەم قوتابخانەش لە ساڵی خوێندنی (١٩٩٤ـ ١٩٩٥) لەلایەن (کۆمپانیای فەزالەری تورکی) کراوەتەوە، کە جگە لە پرۆگرامی وانەی ئینگلیزی، هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکانیش بە هەمان زمان دەخوێندران. بە بێ خۆئامادەکردنێکی (زانستی - پەروەردەیی) تەواو، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠١– ٢٠٠٢) پرۆژەی کردنەوەی باخچەی ساوایان و

قوتابخانەکان بە هەرسێ قۆناغەکانییەوە (سەرەتایی/ ناوەندی/ ئامادەیی)[1] بە زمانی ئینگلیزی لە هەرێم پێڕەوکرا. وەکو نموونەیەکی ئەزموونکاری، چەند قوتابخانەیەك لە سەنتەری شارەکان کراونەتەوە. تا ئێستا بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری پەروەردەیی، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانی پەروەردەییەوە دەردەچێت (١٨) قوتابخانە هەن، زۆربەی قوتابخانەکانی ئەم ڕێچکەیە بابەتە زانستەکانیان بە زمانی ئینگلیزییەو هەمان پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە پێڕەو دەکەن، لە پۆلی (١تا٩)ی بنەڕەتین و هەندێکیان لە (٧تا٩). ئەوانەی دیکە ئامادەیین (١٠تا١٢)و ژمارەیان بەرەو هەڵکشاندایە. جگە لەو (١٨) قوتابخانە حکومیانە، حەوت قوتابخانەی (p.p.p)یش بوونیان هەیە، کە لەنێوان وەزارەتی پەروەردەو (کۆمپانیای سابیس)دا هاوبەشن. (٣) قوتابخانەی دیکەی قازانج نەویستیش هەن، کە بە هاوکاری وەزارەتەوە لەلایەن کۆمپانیاو دەزگە پەروەدەییەکانەوە کراونەتەوە و زمانی خوێندنیان بیانیە (ئینگلیزی، ئاڵمانی، فەڕەنسی)یە.

سەرەڕای ئەو قوتابخانە حکومیانەی کە لە هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکاندا پرۆگرامەکانیان بە زمانی ئینگلیزی پێڕەو دەکەن، بەپێی

---

[1] بەپێی ماددەی (٦) شەشەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢١، فێرکردنی گشتی لە دوو قۆناغدا ڕێکخرا: قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی کە ماوەی خوێندن تێیدا (٩) ساڵە. قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی کە ماوەی خوێندن تێیدا (٣) ساڵە.



هەواڵنامەی کتێب

یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢)ی تایبەت بەقوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان، مۆڵەت بە کەسایەتی و کۆمپانیاکانیش درا کە باخچەو قوتابخانە ناحکومییەکان بە زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکەی زیندووی جیهانی بکرێنەوە. تا ئێستا پرۆسەکە بەردەوامەو ژمارەی قوتابخانەکانیش لە زیادبووندایە. هەندێك لەو قوتابخانە ناحکومیانە نێودەوڵەتین، پرۆگرامەکانیان جگە لە زمان و ئەدەبی کوردی، سەرجەم بابەتەکانی دیکەی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە.

لەم کەیسەدا تێکەڵییەکی زمانەوانی لەنێوان قوتابخانە لۆکاڵ و بیانی و نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، بەڵام سیستمی بەڕێوەبردن و پرۆگرامی خوێندنیان بەپێی ڕێنمایی تایبەتەوە ڕێکخراون.

هەبوونی ئەم جۆرە باخچەو قوتابخانانە، بەتایبەتی ئەوانەی سیستمی بەڕێوەبردن و پرۆگرامی خوێندنیان بە زمانێکی بیانییە، لەڕووی پەروەردەیی و ئامادەکردنی نەوەی نوێیەوە دەرئەنجامێکی نەرێنییان دەبێت و ڕاستەوخۆ کار لە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات. مەترسی لەسەر زمانی دایکیش دروست دەکات، کە باشتر وایە منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی فەرمیشیدا هەر بە زمانی دایك فێر بکرێت. ئەوەی کە پێویستە بکرێت، لە هەرێمی کوردستاندا ناگوزەرێت. ئەمەش کێشەیەکی دوو لایەنەیە. لە لایێکەوە گەف لە سەروەرییەکان دەکات و لە لایێکی دیکەوە ناوەندە ئەکادیمی و پسپۆرییەکانی کوردی نەیانتوانیوە لە ئاست زمانی زانستدا کارەکانیان

ڕێکبخەن، بۆیە بۆشاییەکی زمانەوانی لەنێوان پێویستییەکانی وڵات و پێشکەوتنە خێراکانی جیهاندا پەیدا بووە.

زمانی زانست، هەر چەندە وەك زاراوە نوێیە، بەڵام لە بەکارهێنانیدا هەر هەبووە. خاڵی گرنگ، لێرەدا ئەوەیە، کە بە زمانی دایك بەکارهاتووە، یان بە زمانێکی بیانی، یانیش بە زمانێکی تێکەڵ. مەترسییەکانی گریمانەی سێیەم زۆرن، بە تایبەتی کاتێك لە ژینگەیەکی هەژاری فێربووندا دروست بێت. هەژاری لە فێربوونیشدا مانای بێزمانی دەدات. کەواتە زمانی دایك ون دەبێت و ئەوەی فێر دەبێت لە هیچ زمانێك ناچێت.

بۆ ئەوەی زمانی دایك پشتگوێ نەخرێت و بکرێتە زمانی زانستیش، دەبێت لە نووسینی فەرمی و دانانی کتێب و ناوەندەکانی فێرکردندا بەکاربهێنرێت. زمانی کوردیش ـ تا ئێستا ـ لە هەندێ بوارەکانی زانستدا پێی دەنووسرێت و زۆر کەم لە دانانی کتێبدا بەکارهاتووەو لە فێرکردنیشدا تەنیا لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی پێڕەو دەکرێت، بەڵام لە قۆناغی زانکۆیی و خوێندنی باڵا ئینگلیزی زمانی زانستە. لە کۆلێژە زانستییەکاندا، گۆڤارو سازدانی سیمینارەکان، گفتوگۆی نامە ئەکادیمییەکانیشیان هەمووی بە زمانی ئینگلیزییە. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە لە ڕێی بەزانستکردنی زمانی کوردیدا. لەڕووی پاراستنی وشەی فەرهەنگی و ڕێکخستنی زاراوەسازیی و سترەکچەری زمانەوە وەکو پێویست خزمەت نەکراوە.

لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشە زانستی و پەروەردەییانەو لەهەمانکاتیشدا دارشتنی بەرنامەیەکی ڕێکوپێك کە پابەند بێت بە بەها نیشتیمانییەکان و لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی سەردەمیش بگونجێت. بە پشتبەستن بە برگەی (٢) لە ماددەی چواردەی قانونی هەموارکراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤ی ساڵی١٩٩٢) وەزارەت بڕیاریدا، کە پرۆسەی (بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان) لە هەردوو قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و ئامادەیی جێبەجێ بکات و کراوەتە یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکانی خۆی و لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) وەك نموونەیەکی ئەزموونگەرایی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە (١٨٣) قوتابخانەی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێم جێبەجێ کرا.

ئەم ئەزموونەش بە سێ جۆر جێبەجێ دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئەو قوتابیانەی لە پۆلی یەکی بنەڕەتی تۆماردەکرێن، سەرەڕای وانەی زمانی ئینگلیزی کە لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێمدا دەخوێنرێت، هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکانیش بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێن.
- لە هەندێك قوتابخانەی بنەڕەتی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاوە دەستنیشان دەکرێن لە بازنەی سێیەمەوە، ئەو پرۆسەیەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە

گشتییەکان تێدا جێبەجێ دەکرێت، کە لە پۆلی (٧)ەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت.

- لە هەندێ قوتابخانەی ئامادەیی بابەتە زانستییەکان (زیندەزانی، فیزیا، کیمیا، کۆمپیوتەر)و بیرکاری بە زمانی ئینگلیزییە.

لەپێناو ڕێکخستنەوەی بابەتەکانی زمانی ئینگلیزی و لە هەمانکاتیشدا بایەخ بە ڕۆڵی زمانی دایك بدرێت، ئەم پرۆسەیە هاوسەنگییەك لەنێوان پرۆگرامەکانی زانستە مرۆییەکان و زانستە پەتییەکاندا دروست دەکات. ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییەش بە پاراستنی بەها زانستییەکانی هەردوو لایەنی هاوکێشەی نێوانیاندا دەبێت، بەمەرجێك کە بایەخدان بە لایەنی یەکەم لەپێش لایەنی دووەمدا بێت.

بۆ بەدۆکیۆمەنتکردنی پرۆسەکەو، دەستنیشانکردنی سەرەتا هزرییەکان و خستنەڕووی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی لەهەردوو ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦ و ٢٠١٦/٢٠١٧)، هەروەها دانانی پلانی خۆئامادەکردن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨)، هەموویان لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەکی کارکردن و بەرنامەی داهاتووی پرۆسەکەش لەسەر بینا بکرێت.

ئەم پەرتووکە لە پێشەکی و چوار بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا سەرەتاو دانانی پرۆگرامەکان و بنەما تیۆرییەکانی فێربوون و بوارەکانی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێم و ئامانج و سوودەکانی پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان ڕوونکراونەتەوە.

بەشی دووەمیش لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم بۆ پلانی ئامادەکاری و دەستپێکی کارەکان تەرخانکراوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە ڕێکخستن و بەدواداچوونی کارەکان کراوە. تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە هەماهەنگی لەنێوان لێژنەی باڵاو لایەنەکانی دیکەی بەشداربوو لە پرۆسەکەدا.

لە بەشی سێیەمدا، ئەرك و كارو كۆبوونەوەكانی لێژنەی باڵاو لێژنەکانی دیکەی لە سنووری بەڕێوەبەراتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان شیکراونەتەوە.

بەشی چوارەمیش لە چوار تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم بۆ سەرپەرشتیکردن و سەردانی مەیدانی ناوەندەکانی خوێندن و تەوەری دووەم بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان و تەوەری سێیەم بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە تەرخانکراوە. لە تەوەری چوارەمیشدا، سەرجەم کارەکانی دوو ساڵی پرۆژەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لە پوختەیەکی کورتدا کۆکراوەتەوە. لە کۆتاییدا ئەنجام و پاشکۆکان خراونەتەڕوو.

هەولێر – ٢٠١٨ د. ئەحمەد قەرەنی

هەواڵنامەی کتێب

بەشی یەکەم:

# بنەما زانستی و تەکنیکییەکانی
# پرۆگرامی خوێندنی بیرکاری و زانستە گشتییەکان

تەوەرەی یەکەم: پاشخان و سەرەتای دانانی پرۆگرامەکان

تەوەرەی دووەم: بنەما تیۆرییەکانی فێربوونی

بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان

تەوەرەی سێیەم: بوارەکانی خوێندنی زمانی ئینگلیزی

تەوەری چوارەم: ئاما نجەکانی پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو

بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

تەوەری یەکەم:

## پاشخان و سەرەتای دانانی پرۆگرامەکان

لە پرۆگرامەکانی خوێندندا سێ لایەنی سەرەکی هەن، کە زمان و بیرکاری و زانستەکانە. وەزارەتی پەروەردەی هەر وڵاتێك بەپێی بارودۆخی خۆی چەندین بابەتی دیکەی ڕۆحیی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی لێ تەواو دەکات، و بەپێی شێوازی ئاوێتەیی یان تێکەڵ یان سەربەخۆ ڕێکیان دەخات. ئەوەی پێوەندی بە هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکانیشەوە لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی قوتابخانە فەرمییەکانەوە لە ناوچەکەدا، بە هەر ناوێك بوایە بیرکاری و زانستەکان دوو لایەنی سەرەکی بوون لە پرۆگرامەکانی خوێندنداو بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵ و پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکانی مەعریفییەوە، گۆڕانکاری لە بابەت و ناوەڕۆکیان کراوە. دوا گۆڕانکاری بنەڕەتیش لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧/٢٠٠٨) کراوە، کە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری دەزگەیەکی پەروەردەیی جیهانی و بەپێی نوێترین زانیاری و تازەترین پێشکەوتنە زانستییەکانەوە کتێبەکانی بیرکاری و زانستەگشتییەکان لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و هەروەها کتێبەکانی فیزیاو کیمیاو زیندەزانی و بیرکاری لە قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی - کەناڵی زانستی و بیرکاری بۆ هەموو کەناڵەکانی دیکە ئامادەکراون.

ئەو هاوکارییەی لەنێوان هەردوو لایەندا هەبوو، بەپێی گرێبەستێکی تۆکمەی دیراسەتکراو بووە، کە جەخت لەسەر گۆڕانکارییە تەکنیکی و زانستی و پەروەردەییەکانی دەکرد. کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان کە ئیستا لە قوتابخانەکانی هەرێمدا پێڕەو دەکرێن، لەلایەن دەزگەی جیۆپرۆجێکتس و بەهاوکاری کۆمپانیای هارکورتەوە ئامادەکراون. کۆمپانیای هارکورتیش دەزگەیەکی بالادەستی ئەمریکییەو زنجیرەی زانست و بیرکاریی بە زمانی ئینگلیزی بلاودەکاتەوەو پرۆگرامەکانیشی لە چەندین ولات پێڕەو دەکرێن.

بەپێی (یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن - مذكرة تفاهم)ی نێوان وەزارەتی پەروەردە بە نوێنەرایەتی لایەنی یەکەم جەنابی وەزیری پەروەردە (د.دلشاد عەبدولڕەحمان محەممەد) و نوێنەرایەتی لایەنی دووەم (د. ڕەزا عەلی ئیسماعیل) بەڕێوەبەری گشتی دەزگەی جیوپرۆجێکتس گرێبەستی بەروارکراو لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٤/١١) لەنێوانیاندا مۆرکرابوو. یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنەکەش[٢] لە پێشەکی و (١٠) خالّ پێکهاتووە. لە پێشەکییەکەدا هاتووە کە:

((وەزارەتی پەروەردە هەڵدەستێت بە نوێکردنەوەی شێوازەکانی دیزاینی پرۆگرامەکانی خوێندنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکانی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و کۆمپانیای جیۆپرۆجێکتس ئامادەیی

---

[٢] وێنەی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنەکە لە پاشکۆی ژمارە (١)دا بلاوکراوەتەوە.

خۆی نیشانداوه که دەتوانێت، ناوەڕۆکی یاداشتنامەکەی جێبەجێ بکات)).

له برگەی (٤)ی خاڵی (١)ی یاداشتنامەکەشدا هاتووه، که لایەنی یەکەم تیمێك له شارەزایانی خۆی دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی کاری وەرگێڕان و بەدواداچوونی زمانەوانی ئەنجام بدات. لەدوای پەسەندکردنی سەرجەم کتێبەکان، دەبێت لەدوای (٣) ساڵ هەڵسەنگاندنی گشتییان بۆ ئەنجام بدرێت. بۆ ئەوەی بزانرێت که تا چ ڕادەیەك لەگەڵ سیستمی پەروەردەیی وەزارەت و ژینگەی هەرێم و ئاستی مامۆستا له وانەوتنەوەو توانای قوتابیان له وەرگرتنندا دەگونجێن.

بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە، کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی بیرکاری و زانسته گشتییەکان به ناوەڕۆکێکی نوێ و لەنێو چاپێکی نایاب و دیزاینێکی مۆدێرندا ئامادەکران. بەگوێرەی پۆلەکان و ساڵی دەستپێکردنی گۆڕانکاری، له قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێم جێبەجێکران:

١- هەردوو بابەتی بیرکاری و زانسته گشتییەکان له قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی بەم شێوەیەی خوارەوه بوو:

- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ له پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ له پۆلی چوارەم و حەوتەم.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩/٢٠١٠ له پۆلی پێنجەم و هەشتەم.
- ساڵی خوێندنی ٢٠١٠/٢٠١١ له پۆلی شەشەم و نۆیەم.

هەوارنامەی کتێب

٢- بابەتەکانی بیرکاری و زیندەزانی و کیمیا و فیزیا لە قۆناغی ئامادەیی کەناڵی زانستی و بیرکاری بۆ کەناڵی وێژەیی و ئەوانی دیکە، بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکارییەکان دەستپێکران:

- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ لە پۆلی دەیەم.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩/٢٠١٠ لە پۆلی یازدەیەم.
- ساڵی خوێندنی ٢٠١٠/٢٠١١ لە پۆلی دوازدەیەم.

کەواتە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٠/٢٠١١ سەرجەم کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بە بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و هەر چوار بابەتەکانی بیرکاری و زیندەزانی و کیمیاو فیزیا لە قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی چاپ و دابەشکران و کەوتنە واری جێبەجێ کردنەوە.

لەدوای (٤) ساڵ کە ماوەی ڕێککەوتننامەکەی تەواو بوو (لێژنەی باڵای هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی کۆنگرەی گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن) بە فەرمانی وەزاری (٢٢٠٥٩ لە١/١٢/ ٢٠١١) پێکهێنرا. کارەکانیشی لە سێ کۆنووسدا کۆکراونەتەوە[٣]. جگە لە لێژنەی باڵا، لێژنەی ستافی پرۆگرامە زانستییەکانیش لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان پێکهێنرابوو، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر لەبارەی بابەتە زانستییەکان و کارە تەکنیکییەکانی چاپەمەنییەکانەوە بۆ کۆنگرەی پرۆگرامەکان ئامادە بکات.

---

[٣] وێنەی هەر سێ کۆنووسەکە لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا بڵاوکراوەتەوە.

له یاداشتێکی لیژنەی ناوبراودا، کە لە(٢٠١٢/١/١٧) بۆ جەنابی وەزیر بەرز کردۆتەوە[٤]. لە برگەی (٣)ی هەمان یاداشدا هاتووە کە: (ئیش و کارەکان لەسەر تەواوبوونەو میکانیزمی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ئیشە نازانین).

لە برگە (٤) یشدا هاتووە: (لە پەروەردە گشتییەکانی هەر یەك لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، پ. کەرکووك/ خوێندنی کوردی) چەندین لیژنە لەسەر کتێبەکان کاریان کردووەو پوختەی کارەکانیان بە راپۆرت بەرزکردۆتەوە. ئێستا کە پێشنیارە ئامادەکراوەکانی کۆمپانیایان بە سەردابەشکراوە تا راو بۆچوونیان وەربگرن مانای پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو هەوڵ و ماندووبوون و پێشنیارانەیە کە لێژنەکان بەرزیان کردۆتەوە بۆ پرۆگرامەکان تا وەکو هەمووان بگەیێننە ئەو رایەی کە پێشنیاری کۆمپانیا باشترین چارەسەرە بۆ کەمکردنەوەی کەم و کوریەکان و هەر دەبێت بۆ چەند ساڵێکی تریش هەر ئەو کارەکان راپەڕێنێت).

لە خاڵی (٥) دا هاتووە: (جێ بە جێ کردنی ئەمە، تووشی شێوان و لێك تێنەگەیشتنێکی گەورەمان دەکات، چونکە ئێستا نە مامۆستاو نە قوتابی و نە جەماوەر قەناعەتی تەواویان نەهاتووە چۆن دەبێت گۆڕانکاری بکرێت. ئەمە متمانەی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان کەم دەکات بەرامبەر بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمەکەماندا).

---

[٤] وێنەی یاداشتەکە لە پاشکۆی ژمارە (٣)دا بلاوکراوەتەوە.

جگە لە لێژنەی تەکنیکی تایبەت بە گۆڕینی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن، لێژنەی باڵای کۆنفرانسی پەروەردەیی بۆ هەڵسەنگاندن و جێ بە جێ کردنی پرۆگرامەکان بە فەرمانی وەزاری (٢١٢٤ لە ٢/٢/ ٢٠١٢) پێکهێنراو[٥] ڕاستەوخۆ لەلایەن جەنابی وەزیرەوە سەرپەرشتی دەکرا. لێژنەی سێیەمیش کە بە فەرمانی وەزاری (٢١٢٢لە ٢٠١٢/٢/٢) پێکهێنرا بوو[٦]، تایبەت بوو بە بەدواداچوونی فۆرمەکانی ڕاپرسی و شیکردنەوەیان کە قوتابی و خێزان و مامۆستا و سەرپەشتیاری پسپۆری بگرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین کارەکانی لێژنەی باڵا لەم چەند خاڵانەدا کورت بکەینە.

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی لە دیوانی وەزارەت بەو فۆرمانەدا بچێتەوە کە (بە هاوکاری دەزگەی جیۆپرۆجێکتس) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانەوەو بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ئامادەکرابوون.

٢- بەپێی یاداشتی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی پەروەردەیی کە لەهەمان کاتدا (سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی فۆرمەکان و شیکردنەوە) بوو، بەروارکراو لە (٢٠١٢/٢/٩) کە بۆ جێگری سەرۆکی (لێژنەی باڵای کۆنفرانسی پەروەردەیی بۆ هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان)

---

[٥] وێنەی فەرمانی وەزاری لە پاشکۆی ژمارە (٤)دا بلاوکراوەتەوە.

[٦] وێنەی فەرمانی وەزاری لە پاشکۆی ژمارە (٥)دا بلاوکراوەتەوە.



هەولێرنامەی کتێب

ئاراستەکرابوو[٧]، لە خاڵی (١)مدا داوا دەکات کە: ((لایەنی سێیەم (ڕێکخراوەکانی un و ڕێکخراوی Rand) لەگەڵ لێژنەی بەدواداچوون هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ ئەم فۆرمانە بکات)). لە خاڵی (٣)میشدا داوا دەکات کە: ((داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی (٣) ئەندام کە (٢) ئەندام بە پسپۆری (پرۆگرامی خوێندن) و (١) ئەندام بە پسپۆری (قیاس و تقویم) بن. وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیش بەپێی نووسراویان ژمارە (٤١٠٤ لە ٢٠١٢/٢/٢٦) هەر سێ زانکۆی سەلاحەددین و سلێمانی و دهۆك ئاگادارکردۆتەوە کە نوێنەریان دەستنیشان بکەن[٨]. هەردوو نوێنەریان (د.عەونی فەتاح ئاکرەیی) بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پرۆگرامەکان[٩] و (د. ئومێد صابر عبداللە)[١٠] بەڕێوەبەری پلاندانان لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە وەکو ئەندام لە لێژنەی هەڵسەنگاندنی فۆرمەکان دەستبەکاربوون.

لە خاڵی (٥) میشدا هاتووە: ((ئەو لێژنانەی کە باسمان لێوە کرد لە چوارچێوەی لێژنەی بەدواداچوونی فۆرمەکان دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان پێویستیان بە ژوورێکی تایبەت و کۆمپیۆتەرو

---

[٧] وێنەی یاداشتەکە لە پاشکۆی ژمارە (٦)دا بڵاوکراوەتەوە.
[٨] وێنەی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە (٧)دا بڵاوکراوەتەوە.
[٩] وێنەی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە (٨)دا بڵاوکراوەتەوە.
[١٠] وێنەی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە (٩)دا بڵاوکراوەتەوە.

خواردن دەبێت لەکاتی مانەوەیان لەدوای دەوامی فەرمی. هەروەها ئەو ئەندامانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دیاریدەکرێن پێویستە پاداشتێکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت وەك ڕێزگرتن لە ماندووبوونیان. بۆیە ئەگەر بودجەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەو تێچوانە...)). بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی باڵا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو یاداشتێك[11] بۆ جەنابی وەزیر وەکو سەرۆکی لیژنەی باڵا بەرزکرایەوە.

٣- بە نووسراوێکی فەرمی فۆرمی ڕاپرسییەکان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان بەسەر هەموو لایەنە پێوەندارەکانەوە دابەش بکرێت و لەو ماوەی دەستنیشانکراودا بگەڕێننەوە بۆ لیژنەیەکی تەکنیکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دەهێنرێت.

٤- لیژنەیەکی تەکنیکی بۆ بەدواداچوونی فۆرمەکان و شیکردنەوەیان، کە لە چەند شارەزاییێك لە وەزارەتی پەروەردەو دوو مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین و هەروەها دوو شارەزا لە ڕێکخراوی یونسکۆو دوو شارەزا لە ڕێکخراوی ڕاند پێکهات.

٥- لیژنەی باڵاو لیژنە تەکنیکییەکانیش کارەکانیان تەواوکرد. ئامادەباشی بۆ کۆنگرە کرا، بەڵام لەدوای گۆڕینی کابینەی شەشەمی وەزاری و دەستبەکاربوونی وەزیری نوێ، بەرنامەیەکی نوێ دەستپێکرا.

[11] وێنەی یاداشتەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٠)دا بلاوکراوەتەوە.

بەبێ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن و بەفەرمانی بەڕێزیان گرێبەستەکان لەگەڵ دەزگەی ناوبراو نوێکراونەتەوەو کارەکانی لێژنەکانیش ڕاگیراو کێشەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنیش بێ چارەسەری ماونەتەوە.

**بەپێڕەوکرنی پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان و دەستکاریکردنی ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندنی هەردوو بابەتەکە بە شێوەیەك کە لەگەڵ زمانی دووەمدا بگونجێت، ئەو کێشە درێژخایەنەو کەڵەکەبووەکان تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر دەبن و لە ڕووی تەکنیکییەوەش برەو بە ناوەڕۆکی کتێبەکان و ڕێکخستنەوەی جۆری خولەکانی مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان دەدرێت.**

تەوەری دووەم:

## بنەما تیۆرییەکانی
## فێربوونی بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان

فێربوونی چالاك و فێرکردنی کارلێککەر بەرهەمی مێشکی ڕاهێنراوو دەرئەنجامی پلانە ستراتیژییەکانی پرۆسەی پەروەردەن، بۆیە پێویستە لەڕووی بایۆلۆژییەوە پێکهاتەکانی شیبکرێنەوەو ئەرکەکانیشی بزانرێن. تۆنی بوزان بایەخ بەم لایەنەی داوەو لە بۆچوونەکانیشیدا پشت بە لێکۆڵینەوەکانی هەردوو زانای ئەمریکی بەستووە (ڕۆجەر سپیری١٩١٣–١٩٩٤) لە ئەنستیتۆتی تەکنۆلۆژیای کالیفۆرنیاو خاوەنی خەڵاتی نۆبل و هاوکارەکەی (ڕوبەرت ئۆرنستین). ئەوان کار لەسەر شەپۆڵەکانی مێشك و تایبەتمەندی ئەرکەکانیان کردبوو و گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە مێشکی مرۆڤ لە دوو لایەن پێکهاتووەو هەر لایەنێکی کاری خۆی تایبەت هەیەو ئەرکەکانیان جیاوازن و ئەم دۆزینەوەیەش بە (تیۆری دوو لایەنەی مێشك) یانیش بە (تیۆری سپیری) ناودەبرێت. لەم وێنەیەدا پێکهاتەو ئەرکەکانی هەردوو لایەن بەدی دەکرێن:




هەواڵنامەی کتێب

دەتوانین ئەم وێنەیە زیاتر ڕوون بکەینەوەو کاریگەرییەکانی لایەنی ڕاستی مێشك لەسەر لایەنی چەپی جەستەو لایەنی چەپی مێشك لەسەر لایەنی ڕاستی جەستە تێیدا دەستنیشان بکرێن، هەر وەکو لەم هێلکارییەدا دیارە:

ڕاست
چەپ

هندێ لەو کارانەی هەر بەشێك لە بەشەکانی مێشك دەکەن

| لایەنی ڕاست | لایەنی چەپ |
|---|---|
| ئاواز، | وشە، |
| ڕەنگ، | ژمارە، |
| ئەندێشە، | لۆژیك، |
| تێکئێخستن، | شیکردنەوە، |
| هەماهەنگی، | ڕێزبەندی، |
| ڕەهەند، | لیستە، |
| زیندەخەون، | دۆرهێل، |
| وێنە، | زمان، |
| ئەفراندن، | بیرکاری، |
| هونەر، | زانست، |
| نەست، | تێگەیشتن، |
| هەستیاری، | هزر، |
| تێدەرخستن، | ژیربێژی، |
| هاوتەریب، | ڕاستی، |
| هەنۆکەیی، | **ڕووت،** |
| | دەرئەنجام، |
| | ڕاشکاوی، |
| | بەدواداچوونەوە، |
| | درێژبڕی، |



تیۆری سپێری ڕێگە بۆ بەکارهێنانی نەخشەی زەینی زیاتر خۆش کردوە. ئەم جۆرە نەخشەیەش بۆتە لایەنێکی سەرەکی لە ناوەندەکانی خوێندن و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو دەزگەکانی بەڕێوەبردندا. لەبەر گرنگییەکەشی وا پێویست دەکات، لێرەدا هەندێك لە سوودەکانی باس بکرێن:

١- نەخشەی زەینی کە بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێك مامەڵە لەگەڵ ئەقڵدا بکات، بێگومان دەرخستەی گەورەو دەستکەوتی باشیشی دەبێت.

٢- لەکاتێکدا نەخشەی زەینی دیزاین دەکرێت پێویستە هەردوو لایەنی مێشك بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی وشە بە وێنەکانەوە بلکێنرێن و ژمارە بە ڕەنگەکان و هەروەها وشە بە ئاوازەکانەوە ببەسترێنەوە، ئەم پرۆسەیە مێشکی مرۆڤ چالاك دەکات.

٣- هەستەکانی مرۆڤ هەروەها وێنەو ئەندێشەکانیش پێگەی خۆیان لەسەر نەخشەی زەینی هەیە. ئەگەر بە دروستی بەکاربهێنرێن ئەوە بۆ وەبیرهێنانەوەو گەڕاندنەوەی زانیاریەکان و ڕێکخستنەوەی کارەکان ئەنجامێکی باشی دەبێت.

٤- بۆئەوەی ئەقڵ لەسەر کردەوەکانی هەردوو لایەنی مێشك رابهێنرێت، پێویستی بە مەشقپێکردن و ڕاهێنانێکی بەردەوامە تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی بتوانێت کارەکان کۆنترۆڵ بکات.

٥- کاتێ هەردوو لایەنی ڕاست و چەپی مێشك پێکەوە کاردەکەن، ئەوە یادگەی خاوەنەکەیش بەهێز دەبێت. بەپێی ئەو ئامارانەی تا ئێستا ئەنجامدراون لە هەندێك حاڵەتدا دەگاتە ئاستی بەهێزی دە جار زیاترە.

٦- کاتێ هەردوو لایەنی ڕاست و چەپی مێشك پێکەوە کاردەکەن، شێوازی بیرکردنەوەو بڕیار وەرگرتنیش نەرم و ڕێکتر دەبێت.

٧- دەتوانی بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانی بەرانبەردا بکەیت، چونکە هەندێك دیجیتالی و ماتماتیکی و لۆژیکین و هەندێکی دیکە ڕەنگاوڕەنگ و ئەندێشەیی و وێنەگەراین.

٨- دەتوانی بەباشترین ڕێگە جۆرە حالیبوونێك لەگەڵ ئەوانیتردا بکەی و لەگەڵیدا بگونجێی، لەبەر ئەوەی لەدوای شێوازی ئەواندا پێوەندی و گونجاندن بەیەکەوە دێتە دی. هەر مرۆڤێك نەخشەیەکی خۆی هەیەو ئەو نەخشەیەش مایەی ڕێزگرتنە.

٩- کردەوەی قەناعەتپێکردنی بەرانبەر ئاسان دەکات. ئەوەی لایەنی چەپ بەکاردێنێت قەناعەتپێکردنی پتر بە قسەی واقعی و ڕووت و ورد دەبێت. ئەوەی لایەنی ڕاستی بەکاردێنێت قەناعەتپێکردنی پتر بە وێنە و دیمەن و ئەندێشەی قووڵ و پێلۆتکەی هەڕەمەکی بۆ ئایندەی دەبێت.

١٠- خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ دەدۆزرێنەوەو سەرچاوەکانیانیش دەستنیشان دەکرێن. گەورەترین خاڵی لاوازی ئینسانیش لایەنی مەعریفی و لاوازی خوێندنەوەیە.

جگە لە تیۆری سپیری، چەندین تیۆری دیکەش هەن کە جەخت لە سەر لایەنەکانی مێشکی مرۆڤ و ئەرکەکانی دەکەن، لەوانە تیۆری (هیرمان ١٩٢٢ـ ١٩٩٩) کە لە ساڵی (١٩٧٨) داینابوو و مێشك دەکاتە چوار لایەن و هەر لایەنێکی ئەرکی خۆی هەیە:




هەروەها ماکلین کە تیۆرێکی هاوشێوەی دانابوو، ئەوەی هیرمانیش لێکدانەوەی هەردووکیان بووە. کە لەم هاوکێشەیەدا دیارە:

سپیری + ماکلین = پێوەری هیرمان

پێوەری هیرمانیش بەپێی هەر چوار لایەنی مێشکی مرۆڤەوە، ئەو چوار جۆرەی کەسایەتیی دەستنیشان دەکات:

١- کەسایەتی بابەتی ـ دیکتاتۆری A ڕەنگی شین
٢- کەسایەتی جێبەجێکار ـ کریاری B ڕەنگی سەوز
٣- کەسایەتی کۆهەستی ـ جڤاکی C ڕەنگی سوور
٤- کەسایەتی داهێنەر D ڕەنگی زەرد

لەم وێنەیەدا چوار جۆری کەسایەتیی، بەپێی هەر چوار لایەنی مێشکی مرۆڤەوە ڕوونکراونەتەوە:




گرنگی نەخشەی زەینی لە بەکارهێنانیدایە، بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەیەکی نیشتیمانی و تاکی کوردستانی لەسەر ڕابهێنرێت، پێویستیمان بە بەرنامەیەکی زانستی هەیەو بۆ ئەو مەبەستەش بە باشی دەزانین کە:

## یەکەم: لەڕووی پەروەردەییەوە

لەڕووی پەروەردەییەوە، دەتوانین سوود لە نەخشەی زەینی وەربگرین بە تایبەتی، کە پشت بە دوو تیۆری تایبەت بە ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی ببەسترێت، ئەویش ئەمانەن:

## ئا- تیۆری ڤیگۆتسکی لەبارەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتییەوە

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەو کردارە دەروونییانە دەکات، کە پشت بە ئەرکە ئەقڵییە باڵاکانی فێرخواز دەبەستێت. ئەوانەی بە ڕێگەی کارلەیەکترکردن و پێوەندییەکانی نێوان خۆی و تاکەکانی دەوروبەردا دروست دەبن، ئەمانەش بە هەمان قانوونەکانی پەرەسەندن کاردەکەن. لە پرۆسەی پەرەسەندنی گشتیدا دەتوانین جیاوازی لەنێوان پرۆسەی سەرەتایی ساکار کە بنەماکانی بایۆلۆژین و پرۆسە دەروونییەکانی باڵا کە بنەماکانی ڕۆشنبیری - کۆمەڵایەتین دا بکەین. مێژووی پەرەسەندنی ڕەوشتیش لە جووڵەی ناوەوەی ئەم هەردوو پرۆسەیەدا پەیدا دەبێت. بنەما تیۆرییەکانی ڤیگۆتسکی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕۆشنبیری - کۆمەڵایەتییەوە هەیە:

- هۆشیاری لە مێشك دا نییە، بەڵکو لە کردەوەکانی ڕۆژانەدا یە.

- پەرەسەندنی ڕۆشنبیری لای منداڵ دوو جار دەردەکەوێت، جاری یەکەم لەسەر ئاستی کۆمەڵ و جاری دووەم لەسەر ئاستی تاکەکەسی. بە مانایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین: ئەوەی یەکەم لە کۆمەڵدا و ئەوەی دووەمیش لەسەر ئاستی خۆی دەکرێت.

## ب - تیۆری شیاندنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی

تیۆری شیاندنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات مانەوەو بەردەوامبوونی ڕێچکەکانی ژیان لە کۆمەڵگەکەدا ڕاڤە بکات. کێشەی ئەو

ڕاڤەکردنەش ئەوەیە کە ڕێچکەکانی ژیان چۆن مانای خۆیان دەپارێزن و کەی تێیدا سەرکەوتوو نابن. هەر ڕێچکەیەکی ژیانیش تواناکانی مانەوەی خۆی لە پۆلێنکردنی چەندین ڕەفتاری دەستنیشانکراودا وەردەگرێت، بۆیە پێویستە بزانرێت کە چەند لەو ڕەفتارانە شایستەی ڕێز و شانازین و چەندیش پەسەند ناکرێن و قابیلی ئەوەش نین کە تەنانەت بیری لێبکرێتەوە.

بۆ ناساندن و شیکردنەوەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی سوود لەو هەوڵانەی وەرگرتووە کە لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسیی و مرۆڤناسیدا وەرگیراون و دەرهاوێشتەی سەرجەمیان ئەم سێ چەمکەی لێوە گەڵاڵە کراون:

- لایەنگیریی ڕۆشنبیریی(Cultural Bias) ، کە گشت بەها و بیروباوەڕە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵدا دەگرێتەوە.

- پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (Social Relations)، ئەو پێوەندییە کەسێتییەکانی نێوان خەڵکدا هەن.

- ڕێچکە یان شێوازی ژیان (Way of Life)، ئەویش کۆئەنجامێکی ئاوێتەیی گشتییە کە لە لایەنگیریی ڕۆشنبیریی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێك دێت.

## دووەم: لەڕووی فێربوونەوە

پرۆسەی فێربوون پشت بە بنەمای چەندین تیۆری زمان دەبەستێت. زمانیش چەند دەنگێکەو هەر میللەتێك مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت، وەرگرتنیشی یان چۆنیەتی فێربوونی لەلایەن هەر مرۆڤێکەوە، بەدوو شێوەی سەرەکی دەبێت:

**شێوەی وەرگرتنی ئاسایی،** کە منداڵ لە یەکەم قۆناغی گەشەکردنیدا فێردەبێت و بە قۆناغی تەنگەتاو دادەنرێت. زۆربەی تیۆرەکانی فێربوونی زمان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە منداڵ ئامادەباشی و توانای فێربوونی زمانی تێدایە. ئامادەباشییەکەش ئەو زانینە شاراوەیە کە سیستمی زمان و ڕێساو وشەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی بەشەکانی دەگرێتەوەو هەموویان لە کردەوەی تێگەیشتنەوە کۆدەبنەوە. توانای بەکارهێنانیشی قسەکردن و نووسینە کە بە کردەوەی بەرهەمهێنانی زمان دادەنرێت. تەوەری سەرەکی ئەم شێوەیە زمانی دایکە، کە منداڵ لە خێزاندا فێردەبێت.

**شێوەی وەرگرتنی نائاسایی،** کە مرۆڤ بەپێی بەرنامەیەکی فێرکردنەوە وەردەگرێت و پرۆگرامەکانیشی پەسەندکراون و پلانی وانەوتنەوەشی بۆ دادەنرێت و لەوانەیە لە چەند شوێنی جیاجیاش پێڕەو بکرێت. ئەم شێوە نائاساییەش زیاتر لە قوتابخانەو پەیمانگەکانی فێربوونی زماندا ئەنجامدەدرێت. جیاوازی لەنێوان هەردوو شێوەی وەرگرتنیشدا، دەتوانین لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- شێوەی وەرگرتنی ئاسایی بە زمانی یەکەم دادەنرێت و بە زمانی دایك دەناسرێت، بەڵام شێوەی وەرگرتنی نائاسایی بە زمانی دووەم دادەنرێت. لەوانەیە وەرگر چەند زمانێکی دیکەیش فێربێت و بە زمانی سێیەم، چوارەم....هتد ناودەنرێن، کە هەموویان بە زمانی بیانی دادەنرێن.

٢- ژینگەی فێربوونی زمانی یەکەم خێزانەو لە پێش زمانی دووەم دێت، بۆیە بە زمانی دایك دادەنرێت، بەڵام ژینگەی زمانی دووەم و سێیەم دەوروبەرە یاخود دەزگەکانی فێربوونی زمانن، بۆیە بە زمانی بیانی دادەنرێن.

٣- زمانی دایك بنچینەیەو بە بنەمای ڕۆشنبیریی کەسەکە دادەنرێت و ڕێخۆشکەرە کە زمانەکانی دیکە فێربێت یاخود فێر بکرێت (ثاتسی، ٢٠١٤: ٧٩).

لەوانەیە هەندێك خاڵی وەکیەکیش لەنێوانیاندا هەبن، بەڵام بەدەگمەن ڕوودەدەن، بۆنموونە منداڵێك لە ژینگەیەکی دووزماندا لەدایکبێت و هەردوو زمانیش فێربێت. یان مرۆڤێك لە تەمەنێکی گەورەتردایەو لەڕێگەی کارکردن یان پێوەندی خزمایەتی یان دۆستایەتی فێری زمانی دووەم و سێیەم ... دەبێت. لەهەردوو حاڵەتدا تەنیا فێری قسەکردن و گوێگرتن

دەبێت، بەڵام فێری نووسین و خوێندنەوەی ئەو زمانە نابێت. ئەگەر بە خودکاریش فێربێت، ئەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی دەبێت.

## لەبارەی تیۆرەکانی فێربوونی زمانی یەکەمەوە

ناکرێت هەوڵی شیکردنەوەی تیۆرەکانی فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم بدرێت و هێشتا ئەو لێڵییەی لەنیوانیاندا هەیە لانەبرێت و هەندێ بیروڕای تەمومژاویش پێوەندییەکانیانی تەنیبێت. (هـ. هـ. شتێرن) لە کتێبی (چەند دیدگەیەك لەسەر فێرکردنی زمانی دووەم)دا، ئەو بیروڕایانەی کە لەنێو خەڵکدا بە گشتی و توێژەراندا بە تایبەتی باوبوون، لەم چەند خاڵانەدا کورت دەکاتەوە:

١– بۆ ئەوەی زمان فێربین، دەبێت بەردەوام بەکاربێنین و بەکاری بێنین، سەیری ئەو منداڵە ساوایە بکە کە زمانی دایکی فێردەبێت. ئەو چەند جار شتەکان دووبارە دەکاتەوە. ئەو بە درێژایی کات زمانی بەکاردێنێت. ئێمەش کاتێ فێری زمانێکی بیانی دەبین دەبێت وەك ئەو بکەین،.

٢– فێربوونی زمان لەبنچینەدا لاساییکردنەوەیە، دەبێت وەکو منداڵ لاساییکەر بێت، کە ئەو لاسایی هەموو شت دەکاتەوە.

٣– دەبێت یەکەم جار باش گوێبگرین و پاشان تاکەدەنگەکان بەکاربێنین. پاشان وشەکان، پاشان ڕستەکان، ئەمەش ڕێزبەندییەکی سروشتییە و شێوازێکی دروستە بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی.

٤– چاودێری گەشەی ئاخاوتنی منداڵێکی ساوا بکە، یەکەم جار گوێ ڕادەگرێت، پاشان قسەدەکات، چونکە هەمیشە تێگەیشتن لەپێش

ئاخاوتن دێت. ئەمە سیستمێکی دروستە لە پێشکەشکردنی کارامەییەکانی زمانی دووەم.

٥- منداڵی ساوا گوێ ڕادەگرێت و قسەدەکات. لێی چاوەڕوان ناکرێت، کە دەبێت بخوێنێتەوەو بنووسێت، چونکە خوێندنەوەو نووسین دوو قۆناغی پێشکەوتوون لە گەشەکردنی زماندا. بەم شێوەیە سیستمی سروشتی لە فێربوونی زمانی یەکەم و دووەمدا ئەوەیە: گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوەو نووسین.

٦- کاتێك کە منداڵ بووی و فێری زمانی دایکت بووی، پێویستیت بە وەرگێڕان نەبوو، بە هەمان شێوە دەبێت خۆت فێری زمانی بیانیش بکەی.

٧- منداڵی ساوا فێری زمان دەبێت و بەکاریشی دێنێت بەبێ ئەوەی شتێك لە ڕێزمانەکەی فێربووبێت. کەسێك بۆی باس نەکردووە کە ناوەکان و کارەکان چین، لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکە بە جوانی و ڕەوانی فێردەبێت، بۆیە لە فێربوونی زمانی دووەم و سێیەمیشدا (بیانی) پێویست ناکات کە ڕێزمان بەکاربهێنرێت.

کۆکردنەوەی بیرو بۆچوونە باوەکانی ئەو ڕۆژگارە، سەرەتاو ڕێخۆشکەرێك بوو کە پسپۆڕانی دەروونزانی زمان بیر لە دانانی تیۆری تایبەت بە فێربوونی زمانی یەکەم بکەنەوەو لەگەڵ پرەنسیپەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا بەراورد بکەن و جۆرەکانی هەر یەکێکیان بەرانبەری ئەوی دیکەیان بکەن و ئەنجامەکانیشیان بەشێوەیەکی زانستی دابڕێژن.

هەردوو پرۆسەی بەراوردکردن و بەرانبەرکردنی فێربوونی زمانی یەکەم لەگەڵ زمانی دووەمدا هەنگاوی سەرەتایی بوون لە کاری تیۆرڕێژیدا، بە تایبەتی کە منداڵ زمانی یەکەم فێردەبێت بەراورد بکرێت لەگەڵ چۆنیەتی وەرگرتنی زمانی دووەمیش. یان وەرگرتنی زمانی دووەم لای منداڵ بەرانبەر بکرێت لەگەڵ فێربوونی زمانی دووەم لای گەورە، بەو پێیەی کە منداڵ گەیشتە تەمەنی باڵغبوون بە گەورە دادەنرێت. ئەم بۆچوونەش لەو ڕاستییە نێزیك دەبێتەوە کە کارێکی لۆژیکی نییە پرۆسەی فێربوونی زمانی یەکەم لای منداڵ بەراورد بکرێت بە فێربوونی زمانی دووەم لای کەسێکی گەورە، هەر چەندە ئەو بەراوردکردنە مانای ئەوە نادات کە ئەم پرۆسەیە بە یەکجاری لە لایەنە وێکچووەکان بێبەش بێت. بەڵام ئەوەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە تا ئێستا، هیچ ڕێبازێکی زانستی نییە ئەو پرۆسەیەی پێ ئەنجام بدرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە، بە پێویست دەزانرێت کە چاوخشاندنێك بە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی چەند تیۆرێکی تایبەت بە پرۆسەی فێربوونەوە بکرێت، وەك:

**تیۆری ڕەوشتگەرایی**

بەرەپێشین ڕەفتارگەرییەکان لەنێو تیۆرییەکانیاندا بەڕوونی باسی چۆنیەتی فێربوونی زمانیان کردووەو لەو باوەڕەدا بوون کە زمان بەشێکی بنچینەییە لە سەرتاپای ڕەوشتی مرۆڤدا. لەم بارەوە (ب. ف. سکنەر ١٩٠٤ ـ ١٩٩٠) لە کتێبی (ڕەفتاری ئاخاوتن، ١٩٥٧)دا باشترین نموونەی

پێشکەشکردووە، بە تایبەتی کە پرۆسەی فێرکردن بە ئامێرو پرۆسەی فێربوونیش بە بەرنامەڕێژی دادەنێت.

لەم سۆنگەیەوە، ڕەفتاری زمانەوانی وەکو هەر ڕەوشتێکی دیکەی ئادەمیزاد بەپێی ئەنجامەکانیەوە بڕیار لەسەر دەدرێت. ئەنجامی باشیش کە پاداشت دەکرێت پتەوتر دەبێت، بەڵام کە ئەنجامەکەی سزاو سەرزەنشتکردن بوو، ئەوە دادەمرکێت و بەرەو نەمان دەڕوات.

تیۆری سکنەر کە لە سێ بەش پێکهاتبوو (ژینگە، فێربوونی ڕەفتاری کردەیی، پتەوکردن) تووشی ڕەخنەیەکی توند بۆوە، بە تایبەتی لەلایەن (نوام چۆمسکی) یەوە، کە لە پەرتووکی (پێداچوونەوەیەك بۆ زمانی ئاخاوتنی ب. ف. سکنەر)دا، نموونەکانی سکنەر ڕەتدەکاتەوە. جگە لە چۆمسکی چەندین زمانەوان و دەروونناسی دیکەش لەگەڵ تیۆری سکنەر نەبوون و ڕەخنەیان لە بۆچوونەکانی دەگرت و ڕای جیاوازیان هەبوو. لەو باوەڕەدا بوون کە تیۆری سکنەر لەسەر مەرجداری و پتەوکردن بیناکراوەو ناتوانێت ڕاستییەکی بنچینەیی شیبکاتەوە، کە ئەویش ئەوەیە: هەر ڕستەیەك بوترێت ڕستەیەکی نوێیەو پێشتر نەوتراوە.

لایەنگرانی ڕێبازی ڕەوشتگەرایی هەوڵیاندا فێربوونی زمانی یەکەم لە چوارچێوەی هزری ڕەفتاریدا ڕوون بکەنەوە، بەڵام نەیاتوانی لایەنی داهێنان لە زماندا شیبکەنەوە، کە منداڵێك دەتوانێت ڕۆژانە چەندین ڕستە بەرهەم بهێنێت و لێیان تێ بگات. ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو بۆ

دەروونزانی ڕەوشتگەرایی کە لەم بازنەیە دەربچن و لەو سنوورە زیاتر ڕوون بکەنەوە.

**تیۆری خورسکی**

تیۆری خورسکی، ئاراستەیەکی ژیریی هەیەو هەوڵی شیکردنەوەی هەندێك نهێنییەکانی فێربوونی زمان دەدات. جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکات کە زمان دەزگەیەکی جێگیرەو لەناخی مرۆڤدا هەیەو هەر لەڕۆژی لەدایکبوونیدا کاردەکات. ئەم دەزگەیە کە خەسڵەتێکی بایۆلۆژیی زمانی ئینسانە، درك بەو شتانە دەکات کە لە دەوروبەریدا هەن و وەریان دەگرێت و ڕێکیان دەخات و بەرهەمیان دێنێتەوە. داڤید ماکنێلّ لە کتێبی (دەروونزانی پەرەپێدان)یدا، باس لەو دەزگەیە ناوخۆییەی ئینسان دەکات، کە چوار خەسڵەتی زمانەوانی هەیە:

١– توانای هەیە دەنگەکانی ئاخاوتن لە دەنگەکانی دیکەی لە ژینگەدا هەن جیابکاتەوە.
٢– توانای هەیە دەنگەکانی زمان بۆ چەندین جۆر پۆلێن بکات و پاشان ڕێکیان بخات.
٣– دەزانێت کە جۆرێك لە سیستمی زمانەوانی دەڕەخسێت و جۆرەکانی دیکە ناکرێن.
٤– توانای بەرهەمهێنانی سیستمێکی ئاسانی زمانەوانی هەیە بەپێی ئەو کەرستانەی لەبەردەستدا هەن.

ئەم ڕوونکردنەوەی ماکنێڵ لەبارەی بیرۆکەی دەزگەی فێربوونی زمان، کاریگەری خۆی هەبوو لە سەلماندن و چەسپاندنی هەندێ گریمانەی پێوەندییان بە تیۆری خورسکییەوە هەبووە. ئەم تیۆرە کە لە ساڵانی شێستەکانی سەدەی ڕابردوو دۆزراوەتەوە، بۆتە وەرچەرخانێکی نوێ و ئەو سنوورەی بەزاند کە شوێنپێکەوتووەکانی تیۆری ڕەوشتگەرایی گیریان تێدا خواردبوو و گەیشتبوونە ڕێگەیەکی بنبەست.

لەڕێگەی دەزگەی فێربوونی زمانەوە، لایەنگرانی ئەم تیۆرە بۆ نموونە (کۆرنێڵ، چۆمسکی، ژین بەرکۆ) هەوڵیان دەدا تێگەیشتنێکی تەواویان لەبارەی سیستمی زمانەوانی منداڵیان هەبێت. لەم ڕووەوە، پشتیان بەو گریمانەوە دەبەست، کە لە ڕێبازە زانستییەکان ڕزگار بن و بنەما قوڵاییە پەتییەکانی زمانی منداڵ بدۆزنەوە.

**تیۆری ئەرککاری**

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، گواستنەوەیەکی بنچینەیی لە جۆری لێکۆڵینەوەکاندا ڕویداو توێژەران قووڵتر لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی مەعریفی و لایەنەکانی تیۆری خورسکیدا شۆڕبوونەوە. هەرچەندە ڕێساکانی خورسکگەراییەکان ڕوون و لۆژیکی بوون، بەڵام زیاتر لە شێوەکانی زمانیان دەکۆڵییەوە، نەك لە ئاستە قووڵییەکانی کە یادگەو بیرو ماناو سۆزن. ئەو ئاستانەش هەموویان وەك پێکهاتەیەکی ئاوێتەیی لە بونیادی باڵای عەقڵی مرۆڤدا ڕێك دەخرێت کە ئەویش ئەرکی زمانە. ئەرکی زمانیش خاڵێکی سەرەکییەو خورسکگەراییەکان فەرامۆشیان کردبوو.

زمان توانا مەعریفی و ویژدانییەکانی ئینسان دەردەخات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوەو خودی خۆیدا بکات.

کارە زانستییەکانی لویس بلۆم و جان پیاجیەو دان سلۆبین و لایەنگرەکانی دیکەی تیۆری ئەرککاری ڕێخۆشکەربوون، کە ڕەوتێکی نویٚ سەرهەڵبدات و لێکۆڵینەوە لەبارەی خەسڵەتە مەعریفییەکانی ڕەفتاری منداڵ ئەنجام بدرێن. ئەم بۆچوونەش لەتیۆری ڤیگۆتسکی نزیك دەبێتەوە کە جەخت لەسەر ئەو پێوەندییە دوو لایەنەی نێوان کردارە دەروونییەکان و ئەرکە ئەقڵییە باڵاکانی فێرخواز دەکات. دەتوانین بڵێین کە ئەم بۆچوونەی سەرەوە، هەنگاوێکی دیکە نزیکی ئەو ڕاستییە دەبێتەوە، کە منداڵ بەپێی شارەزایی خۆی و ناسینی شتەکانی دەوروبەری فێری زمان دەبێت.

لەنێو پێشکەوتنەکانی ئەم ڕەوتەدا، بلۆم توانی لە دوو ئاراستەی تەواوکاری یەکتردا، پرۆسەکە ڕاڤە بکات، کە چۆن منداڵ فێری ئاخاوتن دەبێت:

- یەکەمیان، ڕێڕەوی گەشەی زمانەوانی منداڵە، کە پشت بە دەزگەی سیستمی زمانەوە دەبەستێت.
- لە ئاراستەی دووەمیشدا، جەخت لەسەر کارلێککردنی نێوان گەشەی دەرکپێکردنی منداڵ و ژینگەی زمانی و نازمانیدا دەکات.

ئەو تیۆرانەی سەرەوە، کە لە فێربوونی زمانی یەکەمەوە دەکۆڵنەوە، هەتا ڕادەیەکی باش بەرچاوڕوونییەکی شیکاری دەدەنە فێرکارو فێرخوازان بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوونی زمانی یەکەم ڕێك بخرێت و ڕێگاکانی فێربوونی زمانی دووەمیش ئاسان بکرێت.

### لەبارەی تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دووەمەوە

لەبارەی فێربوونی زمانی دووەمەوە، چەندین تیۆر هەن کە هەموو لایەنەکانی زمان لێکدەدەنەوەو بۆچوونەکانیانیش لە ئەنجامەکانی تیۆرییەکانی فێربوونی زمانی یەکەمەوە نزیکن. لێرەدا، بە پێویست دەزانرێت کە هەندێك لەو تیۆرانە دەستنیشان بکرێن، لەوانە:

**١– تیۆری هاوتاکردن**

لایەنگرانی ئەم تیۆرە لەو باوەڕەدان، کە فێربوونی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانێکی بیانی، لەبنەڕەتدا دوو پرۆسەی هاوجووتن و جیاوازییەکی زۆر لەنێوان فێربوونیاندا نییە، بەڵام لەڕووی زانستییەوە ئەمە بۆچوونێکی ورد نییە، چونکە لەڕووی دەروونییەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تەمەنی منداڵ و تەمەنی هەرزەکارو کەسێکی بەساڵاچوودا هەیە، کە هەردووکیان وەك یەك فێرنابن. هەرچەندە ئەم تیۆرە هەندێك لایەنی پێوەندی بە

گەشەپێدانی کۆزانیاری و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و فێرکاری پشتگوێ دەخات، بەڵام چەندین لایەنی ئەرێنیشی هەیە، بە تایبەتی کە جەخت لەسەر ستراتیژییە هاوشێوەکانی دەکات، کە لە فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا بەکاردێن.

**٢- تیۆری جیاوازی**

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر زمانی یەکەم دەکات، کە هەندێك پێکهاتەو شێوازەکانی دەبنە بنەما بۆ فێربوونی زمانی دووەمیش، بە تایبەتی کە وێکچوونێکی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەبێت. ئەم وێکچوونەش بە ئاسانی لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم دەگوازرێتەوەو بە گواستنەوەیەکی ئەرێنی ناودەنرێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە ئەم تیۆرە لێی دەکۆڵێتەوە، ئەویش لەبارەی ئەو پێکهاتەو شێوازانەیە کە لەنێوان هەردوو زماندا جیاوازن و ئاستەنگ لەڕێگەی فێربوونی زمانی دووەمدا دروست دەکەن. بەپێی ژمارەی ئەو جیاوازیانە، کە بە زەحمەت دەگوازرێنەوە، ڕادەی فێربوونی زمانی دووەمیش قورستر دەبێت، بۆیە بە گواستنەوەی نەرێنی دادەنرێت و چەندین هەڵەی زمانەوانیشی تێدەکەوێت. بەپێچەوانەشەوە چەندی جیاوازییەکان کەمتر بن، فێربوونی زمانی دووەم ئاسانتر دەبێت.

لایەنگرانی ئەم تیۆرە زیاتر پشت بە پرۆسەی بەرانبەرکردنی زمانی یەکەم و زمانی دووەم دەبەستن. هەردوو دانەری پەرتووکی (بەرانبەرکردنی زمانەوانی و شیکردنەوەی هەڵەکان)دا (محمود، ١٩٨٦: ١١٩) نموونەی (ڕۆبەرت لادۆ)ی دەخەنەڕوو، کە پرۆسەیەکی ئەزموونگەرایی لەنێوان زمانی ئیسپانی وەکو زمانی یەکەم و زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم (بیانی) ئەنجامدابوو.

لەم بەرانبەرکردنەکەیشیدا پشتی بە دوو گریمانە بەستبوو: یەکەمیان، کلیلی ئاسانی و گرانی لە فێربوونی زمانی بیانییدا. دووەمیانیش، بابەتە فێرکارییەکانی هەرە چالاکەکان کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی وەسفی و زانستی هەردوو زماندا داڕێژرابن و بۆ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتریش لایەنە وێکچوو و جیاوازەکانیان بەراوردکرابن.

**٣- تیۆری شیکردنەوەی هەڵەکان**

لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕەوتێکی نوێی هاودژی تیۆری زمان پەیدابوو و جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە دەکردەوە کە فێربوونی زمانی دووەمیش هەر وەکو فێربوونی زمانی یەکەمەو پشت بە هەوڵدان و هەڵەکردن دەبەستێت. لایەنگرانی ئەم تیۆرە تەنیا کاریان لەسەر دەستنیشانکردنی

هەڵەکان نەدەکرد، بەڵکو بەرەو دانانی تیۆرەکانی شیکردنەوەی هەڵەکان و گریمانییەکانیانیش دەچوون و تا گەیشتنە ئاستی داڕشتنەوەی پرۆگرامەکانی شیکردنەوەی هەڵەکان و لێکدانەوەکانیان.

جگە لە لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم تیۆرە، لایەنی نەرێنییەکەشی لەوەدایە، کە کاریگەرییە تێکهەڵکێشکراوەکانی ناوەوەی زمانی بیانی پشتگوێ دەخات.

٤- **تیۆری دەزگەی بەرزەفتکردن**

ئەم تیۆرە بایەخ بەو پێوەندییە دەدات، کە لەنێوان فێربوونی ڕاستەوخۆو فێربوونی ئاڕاستەکراودا هەیە. ئەمەش پێچەوانەی هەردوو تیۆری جیاوازی و تیۆری شیکردنەوەی هەڵەکانە، کە بایەخیان بە پێوەندی لەنێوان فێربوونی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانی دووەمیان دەدا. لایەنگرانی تیۆری دەزگەی بەرزەفتکردن لەوانە پرۆفیسۆر ستیفن کراشن لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا جەخت لەسەر ئەم دوو ڕێگەیە دەکەنەوە: یەکەمیان، فێرخواز بەشێوەیەکی نەستییەوەو لەمیانی تێکەڵبوون و پێکەوە ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵ قسەکەرانی زمانی دووەم فێری زمانیان دەبێت. ڕێگەی دووەمیش، فێرخواز بەپێی خواستی خۆی فێری زمانی دووەم (بیانی) دەبێت، ئەوەش لە قوتابخانەو بە

سەرپەرشتی مامۆستا دەکرێت، کە هەڵەکانی بۆ ڕاستدەکاتەوەو ئەویش خۆی زەحمەت دەدات و ڕەنج دەکێشێت بۆ ئەوەی بەسەر فێربوونی زماندا زاڵ بێت.

٥- **تیۆری قۆناغبەندی زمان**

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە هەر فێرخوازێك لەو فێرخوازانەی فێری زمانێکی بیانی دەبێت، زمانێکی بیانی تایبەت بە خۆیەوە هەیە. ئەو زمانە تایبەتەش لەپێش زمانە ڕەسەنەکە دێت کە لە کۆتاییدا بەتەواوەتی فێری دەبێت. ئەم زمانە پێشینەیە، بە زمانی گواستنەوە یان بە زمانی قۆناغبەندی ناودەبرێت، چونکە هەر وشەیەك یان فرێزێکی زمانی بیانی لای ئەو فێرخوازە هەمان ئەرکی خۆیی ئاسایی زمانەکەی نیە، بەڵکو لەوانەیە لای ئەو فێرخوازە مەبەستێکی دیکەی هەبێت. بەپێی بۆچوونی ئەم تیۆرە پرۆسەی فێربوونی زمانێکی بیانی لە زنجیرەبەندێکی پرۆسە گواستراوەکانەوە پێکدێت. لەم پرۆسەیەدا فێرخواز لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە نزیکی ئامانجە سەرەکییەکان دەبێتەوە، کە ئەویش فێربوونی زمانەکەیە بە شێوەیەکی تەواو.

لەنێو ئەو ڕێبازانەی سەرەوەدا، کە کرۆکی تیۆرەکانی فێربوون تێیدا جێبەجێ دەکرێت. ئەوەی زیاتر لەگەڵ ژینگەی قوتابخانەکانی هەرێمدا دەگونجێت، ڕێبازی بەرانبەرکارییە، چونکە بەشێکی زۆر لەو هەڵانەی کە

له فێربوونی زمانی دووەمدا ڕوودەدەن شیدەکاتەوە. ئەگەرچی ئەم بۆچوونە هەندێك خۆنزیکی ڕاستی دەکاتەوەو هەتا ڕادەیەکیش پەسەندە، بەڵام ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێت کە لایەنە ئەرێنییەکانی تیۆرەکانی دیکەش لەبەرچاو نەگیرێن و خاڵە باشەکانیان کۆنەکرێنەوەو دەرئەنجامەکانیان وەك ڕێکارێك دانەنرێت و نەکرێتە بنەمایەك بۆ فێربوونی هەر زمانێکی بیانی.

لەم سۆنگەیەوە، فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی هەرێمدا، تەنیا بۆ ئەوە نیە کە زمانی دووەمە یان سێیەمەو پێویستە قوتابیان فێری بن، بەڵکو زمانی زانستەو لە زۆربەی وڵاتاندا هەتا ڕادەیەکی باش بایەخ پێ دەدرێت. ئەگەر لە قوتابخانەکانی هەرێمیشدا، وانەوتنەوەی بابەتە زانستییەکان بەو زمانە بێت، دەبێتە پاڵپشتێك بۆ زمانی دایك و هەر لەڕێگەی ئەوەوە کێشەی سەرچاوە زانستییەکانیش هەتا ڕادەیەکی باش چارەسەر دەکرێت.

**تەوەرەی سێیەم:**

## بوارەکانی خوێندنی

## زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی هەرێمدا

زمانی ئینگلیزی لە هەموو قۆناغەکانی فێرکردن (باخچەی منداڵان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگەکان) وەکو زمانی دووەم (بیانی) دەخوێندرێت و بە وانەیەکی سەرەکی لەنێو خشتەی دابەشکردنی وانەکانی هەفتەدا دادەنرێت و مامۆستای پسپۆریش دەڵێتەوە.

جگە لەم سیستمە سەرانسەرییەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، بەپێی ئامارەکانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦– ٢٠١٧) چەند قوتابخانەیەکی دیکەی حکوومیش هەن، کە فێرکردنی هەندێك پرۆگرامەکانی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: لە قوتابخانە حکومییەکاندا**

١– کۆلێجە دواناوەندییەکانی بەهرەداران لە هەر سێ پارێزگەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کراونەتەوەو، پرۆگرامی خوێندنیان لە بابەتەکانی (بیرکاری و زانستە گشتییەکان و کۆمپیۆتەر لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی) کە پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) دەگرێتەوەو (بیرکاری و کۆمپیۆتەر و فیزیك و کیمیا و زیندەوەرزانی لە قۆناغی ئامادەیی) بە زمانی ئینگلیزییە. سیستمی تایبەتی خۆیان هەیەو

تا ئامادەکرنی ئەم پەرتووکە ژمارەیان (٣) کۆلێجەو ژمارەی قوتابیانیش (١٥٨) قوتابییە و بەم شێوەیەی خوارەوە:




٢- ئەو قوتابخانانەی پرۆگرامەکانیان جگە لە بابەتی زمانی ئینگلیزی بابەتەکانی بیرکاری و کۆمپیۆتەر و زانستەکانیش بە زمانی ئینگلیزییەو بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ز | ن. قوتابخانه | ب. گ. پ | قۆناغ | ژ. قوتابیان | ئەو بابەتانەی بە ز. ئینگلیزی دەخوێنن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د. شنروێ | هەولێر | ٧–٩ | ٢٣٦ | کۆمپیۆتەر، ز.گشتیەکان، بیرکاری |
| ٢ | د. هەولێر | هەولێر | ٦–١٢ | ٥٦٢ | کۆمپیۆتەر، ز.گشتیەکان، بیرکاری |
| ٣ | د. ڕۆژاک | هەولێر | ٧–١٢ | ٢٧٩ | کۆمپیۆتەر، زیندەزانی کیمیا، بیرکاری، فیزیا، |
| ٤ | د. توانا | هەولێر | ٧–١٢ | ٢٥٠ | کۆمپیۆتەر، بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەزانی، زانستە گشتیەکان |
| ٥ | ق. شیلان | هەولێر | ١–٦ | ٥١٣ | ز. گشتیەکان، بیرکاری |
| ٦ | ک. کوردستان | سلێمانی | ١–١٢ | ٨٣٣ | ز. گشتیەکان، بیرکاری، زیندەزانی، کیمیا، فیزیا، |
| ٧ | ڕۆژ | سلێمانی | ١–٩ | ٨٦١ | ز. گشتیەکان، بیرکاری |
| ٨ | گەشە | سلێمانی | ١–٦ | ٨٣٠ | ز. گشتیەکان، بیرکاری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | د.شەهید جەبار | سلێمانی | ٧–١٢ | ٣٠٣ | ز. گشتیەکان، بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی |
| ١٠ | ئا. دوارۆژ | سلێمانی | ١٠–١٢ | ٦٠٠ | زانستەگشتیەکان، بیرکاری، زیندەوەرزانی کیمیا، فیزیا، |
| ١١ | ق. نوهات | دهۆك | ١–٦ | ١٠١٥ | ز. گشتیەکان، بیرکاری |
| ١٢ | ق. هیڤا | دهۆك | ٧–٩ | ٢٨٢ | زانستەگشتیەکان، بیرکاری |
| ١٣ | ئا. کورد | دهۆك | ١٠–١٢ | ٢٩٥ | بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی، کۆمپیوتەر |
| ١٤ | ق. ڕۆژین | دهۆك | ١–٩ | ٣٢٥ | زانستە گشتیەکان، بیرکاری |
| ١٥ | ئا. ڤەژین | دهۆك | ١٠–١٢ | ١١٥ | بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی، کۆمپیوتەر |
| کۆ | ١٥ | – | | ٧٢٩٩ | – |




بەم شێوەیەی سەرەوە پرۆسەی بە ئینگلیزیكردنی بابەتە زانستییەكان لە قوتابخانەكانی هەرێمدا، لەسەر سێ ئاست جێبەجێ دەكرێت:

١– ئاستی یەكەم، لە بازنەی یەكەمی قوتابخانە بنەڕەتییەكان دەستپێدەكات و بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٨/٢٠١٧ دەگاتە پۆلی سێیەمی بنەڕەتی.

٢– ئاستی دووەم، لە بازنەی سێیەمی قوتابخانە بنەڕەتییەكان دەستپێدەكات كە پۆلەكانی (٧، ٨، ٩) دەگرێتەوەو بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧/ ٢٠١٨ بازنەی سێیەمی تێپەڕاندووە.

٣– ئاستی سێیەم، كە قۆناغی ئامادەیی ـ بەشی زانستی دەگرێتەوە.

ئەوەی ئەم پرۆسەیە جێگیر دەکات و بە بنچینەی گەشەپێدانیشی دادەنرێت ئاستی یەکەمە، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی لەڕووی دەستەبەرکردنی هۆیەکانی فێرکرن و ئامادەکردنی مامۆستایانیش ئاسانترە.

**دووەم: لە قوتابخانە هاوبەشەکاندا:(PPP)**

ئەو (٧) قوتابخانانەی کە لەگەڵ کۆمپانیای سابیس هاوبەشن و لە سنووری ب. گ. پەروەردەی پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و گەرمیان)ن، پرۆگرامی خوێندنیان لە بابەتەکانی بیرکاری و کۆمپیۆتەرو زانستە گشتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی و بابەتەکانی بیرکاری و کۆمپیۆتەر و فیزیك و کیمیا و زیندەوەرزانی لە قۆناغی ئامادەیی بە زمانی ئینگلیزییەو ژمارەی قوتابیانیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧

یەك قوتابخانەی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای (یۆنایتد ساینس)یش لە پارێزگەی هەڵبجەی شەهید هەیە. بەگشتی ژمارەی قوتابخانە هاوبەشەکان (٨) قوتابخانە بووەو ژمارەی قوتابیانیش (٥٦٢٢) پێنج هەزارو شەش سەدو بیست و دوو قوتابی بووەو بەپێی خشتەی خوارەوە:

| ز | ناوی قوتابخانە | ب.گ. پەروەردە | ژ. قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | سۆران | هەولێر | ٦١٨ |
| ٢ | سەروەران | هەولێر | ٨٩٤ |
| ٣ | شەهیدفاخیرمێرگەسۆری | هەولێر | ١٢١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | سلێمانی نێودەوڵەتی | سلێمانی | ٦٧٠ |
| ٥ | سەردەم | دهۆك | ٦٩٧ |
| ٦ | زاخۆ | دهۆك | ٥٠٩ |
| ٧ | کەلاری نێودەوڵەتی | گەرمیان | ٥٩٣ |
| | هەڵەبجەی شەهید | هەڵەبجەی شەهید | ٤٣١ |




**سێیەم: لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا:**

لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا سێ جۆری پرۆگرامەکانی خوێندن تێدا پێڕەو دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەو قوتابخانانەی پرۆگرامی خوێندنی هەرێم پێڕەودەکەن و زمانی خوێندنیان کوردییە، جگە لە بابەتەکانی بیرکاری و زانستە

گشتییەکان کە بە زمانی ئینگلیزییە. لەڕووی قۆناغەکانی فێرکردنەوەش سێ جۆرن: (قۆناغی باخچەی منداڵان، قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی، قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی) کە سەرجەمیان دەکاتە (١٢٨ باخچە و قوتابخانە) و ژمارەی منداڵ و قوتابیانیش دەکاتە (٢٧٢٤٨) و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئا- لەبارەی قۆناغی باخچەی منداڵانەوە:

| ز | ژ. باخچە | ب.گ. پەروەردە | ژ. منداڵان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣٨ | هەولێر | ٦٦٠٩ |
| ٢ | ١٩ | سلێمانی | ١٤٣٦ |
| ٣ | ٨ | دهۆك | ٧٩١ |
| ٤ | ٣ | گەرمیان | ٢٠٧ |
| ٥ | ٨ | کەرکوك | ٥٠ |
| ٦ | ١ | نێودەوڵەتی | ٧٦٦ |
| کۆ | ٧٦ | | ٩٨٥٩ |




ب ـ لەبارەی قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتییەوە:

| ز | ژ. قوتابخانە | ب.گ. پەروەردە | ژ. قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩ | هەولێر | ٧٣٣٣ |
| ٢ | ١٣ | سلێمانی | ٥٤٨٩ |
| ٣ | ٧ | دهۆك | ١٧١١ |
| ٤ | ١ | گەرمیان | ١٨١ |
| کۆ | ٤٠ | | ١٤٧١٤ |




پ ـ لەبارەی قۆناغی فێرکردنی ئامادەییەوە:

| ز | ژ. قوتابخانە | ب.گ. پەروەردە | ژ. قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٧ | هەولێر | ١١١١ |
| ٢ | ٣ | سلێمانی | ٧٧٨ |
| ٣ | ٣ | دهۆك | ٧٨٦ |
| كۆ | ١٣ | | ٢٦٧٥ |




٢- ئەو قوتابخانانەی سیستمیان نێودەوڵەتییە و پرۆگرامی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، جگە لە بابەتەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی... ئەویش دەبنە دوو بەش (باخچەی منداڵان، قوتابخانەکان)، کە سەرجەمیان دەکاتە (٨ باخچە + ٢٠ قوتابخانە = ٢٨) و ژمارەی منداڵان و قوتابیانیش دەکاتە (١٢٦٩١) و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئا ـ لەبارەی باخچەی منداڵانەوە:

| ز | ژ. باخچه | ب.گ. پەروەردە | ژ. منداڵان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | هەولێر | ٣٩٤ |
| ٢ | ٢ | سلێمانی | ٢٤٧ |
| ٣ | ١ | دهۆک | ١٤٥ |
| کۆ | ٨ | | ٧٦٦ |




ب ـ لەبارەی قوتابخانەکانەوە:

| ز | ژ. قوتابخانە | ب.گ. پەروەردە | ژ. قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٢ | هەولێر | ٨٣٧٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٤ | سلێمانی | ١٩١٦ |
| ٣ | ٤ | دهۆك | ١٦٣١ |
| كۆ | ١٨ | | ١١٩٢٥ |




**ئه نجام:**

بەم شێوەیەی سەرەوە، ژمارەی گشت باخچەو قوتابخانە حکومی و ناحکومی و هاوبەشەکان، کە هەندێك پرۆگرامەکانیان بە زمانی ئینگلیزی

دەخوێنرێت دەکاتە (١٨٣) و ژمارەی منداڵ و قوتابیانیش دەکاتە (٥٢٥٧٦). دەتوانین لەم خشتەو وێنەی خوارەوەدا، ڕێژەی ئەو قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان کە ئەمە چەندین ساڵە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن لەگەڵ قوتابخانەکانی پرۆسەی بە ئینگلیزیکرنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان بەراورد بکەین:

| ژ. قوتابخانەکانی هەرێم | ژ. قوتابخانەکانی گشت قوناغەکان | ژ.قوتابخانەکانی پرۆسەکە |
|---|---|---|
| ٥١٧٨ | ١٨٣ | ١٢٦٢ |



بەهەمان شێوەی سەرەوە، دەتوانین ژمارەی قوتابیانی هەردوو جۆری قوتابخانەکانیش لەم خشتەو وێنەی خوارەوەدا بەراورد بکەین:

| ژ. قوتابیان هەرێم | ژ. قوتابیانی گشت قوناغەکانی ئینگلیزی | ژ.قوتابیانی پرۆسەکە |
|---|---|---|
| ١٧٣١٦٢٩ | ٥٢٥٧٦ | ١٠٤٨٥٧ |




٣- ئەو قوتابخانانەی سیستمیان بیانییەو پرۆگرامی خوێندنی دەوڵەتەکانیان پێڕەو دەکەن، وەکو فەرەنسی و ئەڵمانی و فارسی، بەڵام ژمارەیان جێگیر نییەو بەردەوام دەگۆڕدرێت..

هەبوونی ئەم سێ جۆرە سیستمە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، بووەتە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی زمانەوانی گەورە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، کە نزیکەی پەنجا و سێ هەزار قوتابی زمانی زانستیان و

هەندێکیان زمانی خوێندنیان بەتەواوەتی زمانی ئینگلیزییە یانیش زمانێکی دیکەی بیانییە. ئەم حاڵەتە لە دوو لایەنەوە کار لە پرۆسەی پەروەردە دەکات. لە لایەکەوە جیاوازی لە ئاستی زانستی قوتابیان دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر یەك ئاستدا مامەڵە لەگەڵ زمانی دایکدا ناکرێت.

**چوارەم: لە پەیمانگەکانی فێربوونی زمانە بیانییەکاندا**

ئەم جۆرە پەیمانگانە لەلایەن ب. گ. ئامادەیی و خوێندنی پێشەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردەوە مۆلەتی فەرمی پێدەدرێت، بەپێی بەرنامەیەکی زانستی خولی تایبەت بۆ ئارەزوومەندانی فێربوونی زمان دەکاتەوە. ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە کە فێربوونی زمان دەگرێتەوە، نەك فێرکردن بە زمانێکی بیانی.

تەوەری چوارەم:

## ئامانجەکانی پرۆسەی

## بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان

ئامانجە زانستی و پەروەردەییەکانی پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١- دانان و ئامادەکردن و وەرگێڕانی پرۆگرامەکانی خوێندن، لایەنێکی سەرەکییە لە کێشە هەمیشە تەشەنەکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە. لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧/٢٠٠٨) بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەستکاریکراوەو تا ڕادەیەکی زۆر بەرەو باشترکردنیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لە بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکاندا. دەکرێت لەڕووی فێرکردنەوە بە شۆڕشێکی زانستی دابنرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەڕووی ڕێنووس و ڕێزمان و داڕشتنەوە بێ کەموکوڕی نین. تا ئێستاش گلەیەکی زۆر هەیە، چ لەلایەن مامۆستایانەوەو چ لە لایەن خەمخۆرانی پەروەردەو تەنانەت لە لایەن دایکان و باوکانی قوتابیانیشەوە، کە بەردەوام لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە تێبینییەکانیان بڵاودەکەنەوە. هەرچەندە ساڵانە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام ئەم کێشەیە هەر ماوەتەوەو چارەسەری ڕیشەییان بۆ نەکراوە.

٢- دەرچووانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بە هەموو کەناڵەکانییەوە، کە ئۆفەر بۆ خوێندنی زانکۆیی وەردەگرن، بەتایبەتی لەو کۆلێژانەی کە زمانی خوێندنیان ئینگلیزییە، تووشی زۆر کێشەی زانستی دەبنەوە، نەمازە لەڕووی فێربوونی زمان و تێگەیشتنی چەمکەکان و چۆن سوود لە سەرچاوە زانستییەکان وەربگرن، بۆیە ئەو قوتابیانەی نیازی تەواوکردنی خوێندنیان هەیە لە کۆلێژەکانی (پزیشکی، ئەندازیاری، زانست...) هەر زوو هەوڵدەدەن لە قوتابخانە ئینگلیزییەکان، چ حکومی و چ ناحکوومی بێت بخوێنن. لە حاڵەتی یەکەمدا ئارەزوویەکی زۆر لەسەر ئەو چەند قوتابخانە ئینگلیزییەکان دروست دەبێت و نادادپەروەریەکیش لە وەرگرتنی قوتابیان دروست دەکات و دواتر حاڵەتە نایاسایەکانیش تەشەنەدەکەن و کۆنترۆلکردنیانیش ئەستەمە. لە حاڵەتی دووەمیشدا کە منداڵان لە قوتابخانە ناحکومییەکان تۆماردەکرێن، ئەوەش لەڕووی ئابوورییەوە بارگرانییەکەو بەناچارییەوە هەندێك خێزان قبووڵی دەکەن.

٣- منداڵان ئارەزوویەکی زۆریان بۆ بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەمیان هەیە. ئەم بەکارهێنانەش بەبێ فێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە ناکرێت، بۆیە منداڵان حەز دەکەن شارەزاییان لەو زمانەدا هەبێت. خێزانەکانیانیش بۆ ئەو مەبەستە هاندەرن و پاڵپشتیان دەکەن و هەوڵدەدەن لەو چەند قوتابخانانەدا تۆمار بکەن کە خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە.

ئەگەر هەوڵەکانیان سەرنەگرت، بەپێی توانای دارایی هەر خێزانێکەوە هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان تۆمار بکەن. ئەوانەی بێ ئومێد دەبن، زۆر جار لە پشۆوەکاندا، پەنا بۆ سەنتەرە ئەهلییەکان دەبەن بۆ ئەوەی بەشداری لە خولەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بکەن. مەبەستی سەرەکیش لەو هەموو هەوڵدانە هەر بۆ ئەوەیە کە بەباشی فێری زمانی ئینگلیزی بن. بەم شێوەیە یەکێ لە خاڵە ئەرێنییەکانی قوتابخانە ناحکومیەکانیش مەسەلەی فێربوون و خوێندنە بە زمانی ئینگلیزی. لەڕێگەی ئەم بەراوردکردنەوەی لەنێوان خوێندنی حکومی و ناحکومیدا هەیە، وەزارەت دەتوانێت جەخت لەسەر پرۆسەی بە ئینگلیزکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان بکات و کوالێتی خوێندن و فێرکردن لە قوتابخانە حکومیەکانیشدا بەرز بکاتەوە.

٤- بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان بە شەش زمانی جودا لە هەرێمی کوردستان دەخوێنرێن (کوردی بە دوو شێوەزار، عەرەبی، تورکمانی، سریانی، ئەرمەنی، ئینگلیزی). ئەم فرەزمانییە شلەژانێکی (تەکنیکی - چاپەمەنی) و (زانستی - هزری) دروست دەکات، بەڵام لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە یەکخستنێکی کارگێڕی - تەکنیکی و یەگرتنێکی داهێنانکاری - پیشەوەری ڕێك دەخات و لەڕووی داراییشەوە تێچووەکانی دانان و ئامادەکردنی پەرتووکەکان و ڕاهێنانی مامۆستایان کەمتر دەبێت،

تەنانەت کێشەکانی دامەزراندن و گواستنەوەی مامۆستایانیش ئاسانتر چارەسەر دەکرێن. ئەم پرۆسەیە لە وڵاتە فرە زمان و نەتەوەکاندا تاقیکراوەتەوەو لە جێبەجێکردنیشیدا سەرکەوتوو بووە.

٥- لەبەر ئەوەی پەرتووکەکانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی دانراون و دواتر وەرگێڕاونەتەوە سەر زمانی عەرەبی و لە زمانی عەرەبییەوە کراونەتە کوردی، بۆیە لەڕووی زانستی و ڕێزمان و داڕشتنەوە زۆر هەڵەی تێکەوتووەو بەردەوام کەموکووڕیەکانیان ڕاستدەکرێنەوەو ئەم پرۆسەیە بە ئاسانی سەرڕاست نابێت. ئەمە لە لایێکەوەو لە لایێکی دیکەوە مەسافەیەك لەنێوان ئەوانەی لە ئامادەکردنی پرۆگرامەکاندا کاردەکەن و ئەو ناوەندە زانستیانەی کە سەرچاوەی زانیاری و داهێنانە نوێیەکانن. بەپێچەوانەیشەوە کە هەردوو بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان بە ئینگلیزی دەخوێنرێن، هەڵەکان کەمن یانیش هەر نین و ئەوەی گرنگتر ئەوە کە ناوەندە پەروەردەیەکانمان ڕاستەخۆ پێوەندییان لەگەڵ سەرچاوە زانیاریە جیهانییەکانەوە دەبێت.

٦- هەمانگی لەنێوان هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە ڕێکتر دەبێت، بەتایبەتی کە پرۆسەی خوێندن لە بەشە زانستییەکانی زانکۆکانی هەرێم بە زمانی ئینگلیزییە، بەڵام قوتابیانی قۆناغە کۆتاییەکانی ئەو

بەشانەی سەر بە کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی و هەروەها کۆلێژەکانی پاڵپشت کە پسپۆرییەکانیان بۆ پیشەی مامۆستایەتی دەشێ لەکاتی بینین و پراکتیزەکردن و تەنانەت لەدوای دەرچوونیان و دامەزراندنیانیش لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە گشت ئەرکەکانیان لە وانەوتنەوەو ڕاییکردنی کاری ڕۆژانەدا هەمووی بە زمانی کوردییە یان زمانەکانی دیکەی نەتەوەکانی هەرێم، ئەمەش هاودژییەکی نەرێنی لەنێوان هەردوو بواردا دروست دەکات، کە خۆئامادەکردن بە زمانێك بێت و جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی بە زمانێکی دیکە بێت. دەرهاوێشتەکانی ئەو کارەش لەمیانی هەڵسەنگاندنی ڕابردوودا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

٧- ئەم ئەزموونەی وەزارەتی پەروەردە بۆ بە زانستکردنی هەردوو پرۆگرامەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان بە زمانی ئینگلیزی، کرانەوەیەکە بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لەڕووی گەشەی مرۆیی و ئابووری و پەروەردەییەوە کە بتوانێت پەرە بە پێوەندییەکانی بدات. لەنێو تەوەرە ناوەندەکانی جیهانیشدا فاکتەرێکی چالاك بێت. ئەمە لە لایێکەوەو لە لایێکی دیکەشەوە، ئەم پرۆسەیە پاڵپشتێکی ئەرێنییە بۆ سەرخستنی پلانەکانی وەزارەت لەڕێگەی بەرزکردنەوی توانا زانستییەکانی کارمەندەکان بە گشتی و ئاستی پیشەیی مامۆستایانی پسپۆری بیرکاری و زانستە گشتییەکان بەتایبەتی.

٨- ژێدەر و سەرچاوەکانی تایبەت بە بیرکاری و بابەتە زانستییەکان کە بە زمانی کوردین زۆر کەمن، تا ڕادەیەك لەوانەیە لە هەندێك بواری ورددا نەبن، بۆیە پێویستی بەهەڵمەتێکی نیشتیمانی گشتی وەرگێڕان هەیەو ئیمکاناتێکی دارایی و شارەزایی و پۆسپۆرییێکی زۆری کارگێڕی و پاچڤەکرن و چاپەمەنی پێویستەو بەپێی بارودۆخی ئێستای هەرێم کارێکی ئەستەمە، بەپێچەوانەوە ئەگەر زمانی زانست لە هەرێم ببێتە ئینگلیزی، ئەوە کارەکان ئاسان دەبن و پێویستی بەو هەموو ڕەنج و تێچوونە نابێت و ڕاستەوخۆ سوود لە سەرچاوەکان وەردەگیرێت. لەوانەیە چالاکییەکانی ئەو پرۆسەیە بەروڤاژی ئەنجام بدرێن و شارەزاو پسپۆڕانی کوردیش بەشداری لە دانانی سەرچاوەکان بکەن و ڕۆڵێکی جیهانییان هەبێت. سەرەڕای ئەو حاڵەتە ئەرێنیانە، هەرێم دەتوانێت ئامادەبوونی خۆی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دا بسەلمێنێت و بەشێوەیەکی بەردەوامیش لەگەڵ ڕێڕەوی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و زانستییەکاندا بڕوات.

٩- بەپێی دوا شیکردنەوەکانی زانستی سیاسی و بنەماکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، ململانێی ڕۆشنبیریی لەنێوان شارستانییەکاندا فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە چەسپاندنی هەبوون و پێشکەوتنی وڵاتاندا... لەڕێگەی پێڕەوکردنی ئەم پرۆسەی وەزارەتەوە، هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت بەشێك بێت لە هاوکێشە جیهانییەکانداو هاوڵاتییەکانیشی کە خوێندن تەواو

دەکەن ڕاستەوخۆ بەشداری لە چالاکییە ئابووری و زانستییەکاندا دەکەن، بە تایبەتی کە هەلی کارو بوارەکانی داهێنان لە دایزانەوە تا دەگاتە ئالۆگۆڕی بازارکردنەوە هەمووی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ڕۆژگارەدا ئاسمان بووەتە پانتییێکی فرەوانی ئیشکردن و جێگەی هەموو مرۆڤێکی تێدا دەبێتەوە.

١٠- پەروەردە لە بچووکترین وێنەکەیدا بریتییە لە پرۆسەیەکی دوو لایەنە، لایەنی یەکەم کە فێرکردنەو مامۆستا لە ئەنجامدانیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. لایەنی دووەمیش کە فێربوونەو قوتابی تێدا تەوەری بنگەهین و سوودمەندی سەرەکییە لە پرۆسە گشتیەکەدا. سوودی قوتابیش داهاتێکی ئامادەکراو نییەو ڕاستەوخۆ پێ بدرێت، بەڵکو بەرهەمهێنانێکی کەلەکەئاساو زنجیربەندێکی ئاوێتەییە لە ڕەنج و ماندووبوونی چەندین ساڵ. ئەو داهاتوویەش شتێکی سەربەخۆ نییە و تەنیا پێوەندی بە قوتابییەوە هەبێت، بەڵکو بەشێکە لە داهاتووی چەندین هەزار قوتابی دیکە، کە هەموویان پێکەوە پاشەڕۆژی وڵات دروست دەکەن. پاشەڕۆژی وڵاتیش شتێکی دابڕاو نییە لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی وڵاتانی دیکە، بەڵکو هەموویان پێکەوە ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی دروست دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە، قوتابی دڵۆپێکە لە دەریا گەورەکەی ئەم جیهانە ئاڵۆز و پڕاوپڕ لە هاوکێشە زەحمەتەکانی ژیان...کەواتە هەنگاوی یەکەم کە لە قوتابییەوە دەستپێ دەکات، مانای ئەوە

نییە کە حیساب بۆ دوا هەنگاوە گەورەکەی جیهانی ئەمڕۆ نەکرێت، کە خۆی دیسانەوە دەسپێکەکە بۆ جیهانێکی نوێتر و ژیان بەردەوام دەبێت.

لەم ڕێبازە قۆناغرێژکراوەدا پێگەی قوتابی سەنگ و گرنگی خۆی هەیە، بۆیە دەبێت وا ئەژمار بکرێت کە خۆی بەشێکە لە هەر جومگەیەکی دنیای پێشکەوتن. یەکەم ئەرکی قوتابیش فێربوونی زمانی زانستە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی گشتگیر هەبێت و بە ئاسانی تێکەڵی هەموو هاوکێشەکان بێت.

١١- ئەوەی کۆمەڵگە ڕێکدەخات لایەنی ئابووری و کارگێڕی و سیاسی و یاسایی و پێوەندییەکانەو چەندین لایەنی دیکەی لاوەکیش وەك پاڵپشت هەوڵی چەسپاندنی ئەم پێنج لایەنە سەرەکییە دەدەن. لەم سۆنگەیەوە پێویستە ئەو لایەنانە هەر لەسەرەتاوە بە زمانی دایك (کوردی) بخوێندرێن و پەرە پێ بدرێن تا دەگاتە خوێندنی باڵاو ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان و پراکتیزەکردنیان. ئەو پەرەپێدانەش نە تەنها لە دەزگەکانی دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو سەراپای جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

لایەنەکانی دیکەی زانست و بیرکاری بە هەموو بەش و لقەکانیانەوە کە بە زمانێکی جیهانی دەخوێندرێن و کار پێ دەکرێت لە خزمەت ئەو پێنج لایەنانەی سەرەوەدا دەبن کە بە زمانی دایکە. کەواتە زمانی دایك دەبێتە بنچینەو هەموو زمانەکانی

دیکەی بیانی دەبنە پاڵپشت بۆ ڕێخۆشکردن و یارمەتیدانی زمانی دایك. بەم شێوەیەی سەرەوە، دەتوانرێت هەموو تایبەتمەندییەکانی گەل بە زمانی دایك بپارێزرێت و پەرەپێ بدرێت و بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و هاوتەریبیش لەگەڵ ڕێڕەوەی پێشکەوتنەکانی جیهاندا بەشدار ببێت.

لەم پرۆسەیەدا، کە هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەگشتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی و هەروەها بیرکاری و (بایۆلۆژی، فیزیك، کیمیا) لە قۆناغی ئامادەییدا بە زمانی ئینگلیزی دەبێت، ڕێگەخۆشکەرێکە کە پاشخانێکی زمانەوانی و تێرمۆلۆژی بۆ قوتابی فەراهەم بکات و ئاستی مەعریفیشی بەپێی ستاندارێکی جیهانی ڕێك بخات، نەمازە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ـ تا ڕادەیەکی زۆر ـ زمانی زانست لەجیهاندا زمانی ئینگلیزییە.

بەشی دووەم:

# ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکەو هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکان

تەوەرەی یەکەم: ئامادەکاری و دەستپێکی کارەکان

تەوەری دووەم: بەدواداچوونی کارەکان

تەوەرەی سێیەم: هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پێوەندیدار

## تەوەری یەکەم: ئامادەکاری و دەستپێکی کارەکان

ئامادەباشی بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەی پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی لە کۆتایی ساڵی خوێندنی (٢٠١٤/٢٠١٥) دەستپێکراو بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

### یەکەم: هەنگاوە سەرەتاییەکان

لەسەر فەرمانی جەنابی وەزیر د. پشتیوان صادق عبدالله بە یاداشتی ڕێکەوتکراو لە (٢٠١٥/٤/٢١)، بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پێشەیی و بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان و هەر چوار بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان) کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا، بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو خولانەی بۆ مامۆستایان کراونەتەوەو هەروەها کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی بنەرەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦)، دوای تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆسەکە، ئەم پێشنیارو تێبینیانە خرانەڕوو:

١- بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤- ٢٠١٥) چەندین قوتابخانەی بنەڕەتی هەن کە هەردوو وانەکانی (بیرکاری و زانستە گشتییەکان) بە زمانی ئینگلیزی تیایدا پێڕەودەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- لەسنووری ب. گ. پەروەردەی هەولێر، (٢) دوو قوتابخانە، یەکەمیان لەسەنتەری شار بە ناوی قوتابخانەی شیلان، کە خویندن تێیدا (١-٦) بووە. دووەمیان قوتابخانەی چۆمان کە تەنیا پۆلی یەکی بنەڕەتیە.

- لەسنووری ب. گ. پەروەردەی سلێمانی، لە(١٠) قوتابخانەدا ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەکرێت.

- لەسنووری ب. گ. پەروەردەی دهۆك، تەنیا (١) یەك قوتابخانە هەیە.

- لەسنووری ب. گ. پەروەردەی گەرمیان هێشتا ئەم پرۆسەیە جێبەجێ نەکراوە.

٢- لەسنووری ب. گ. پەروەردەکانی (هەولێر سلێمانی، دهۆك) (٨٩) مامۆستا و سەرپەرشتیاری پسپۆری هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) بەشداری خولێکی شەش مانگی کراون و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥- ٢٠١٦).

٣- هەر چوار ب. گ. پەروەردەی پارێزگەکان، بەزووترین کات ڕاپۆرتێکی گشتگیر بۆ وەزارەت بەرز بکەنەوە، کە بەپێی بەرنامەی سەرەوە دەتوانن چەند قوتابخانەیەك بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/ ٢٠١٦) بکەنەوە، کە تێیدا ژمارەی قوتابخانەو پول و مامۆستاو قوتابیان و سەرجەم پێداویستییەکانیان دەستنیشانکرا

بێت، بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدرێت بەتایبەتی لەبارەی چاپکردنی کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن...

٤- بۆ ئامادەکردنی پلانێك و ڕاییکردنی کارەکان، بڕیار درا کە لێژنەی باڵا لە وەزارەت و لێژنەیەکی جێبەجێکاریش لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ولێژنەیەکی سەرپەرشتیکردن لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکان پێك بهێنرێن. لەدوای تاوتوێکرنی گشت لایەنەکانی پەیوەست بەو پرۆسەیەوە، سەرۆك و ئەندامانی لێژنەکان بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٦٢٤لە١٠/٥/ ٢٠١٥)[١٢] دەستنیشانکران.

٥- بۆ زیاتر دیراسەتکرنی پرۆسەکە و یەکخستنی کارەکانی لێژنەکانی پێوەندیدار ورۆکشۆپێکی گشتگیر بۆ سەرجەم ب. پەروەردەکانی پارێزگەکان لە دیوانی وەزارەت ئەنجام بدرێت بە مەبەستی زیاتر دیراسەتکردنی بەرنامەی ئەم پرۆسەیە..

هەر بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی سەرەوە، بەپێی نووسراوی ژمارە (٧٦١٨ لە ٢٠١٥/٥/١٠)[١٣] داوا لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان کرا، کە هەر یەکێکیان لە سنووری خۆی ڕاپۆرتێکی گشتگیر بۆ وەزارەت بەرز بکاتەوە، کە دەتوانن چەند قوتابخانە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ بکەنەوە.

---

[١٢] وێنەی فەرمانی وەزاری لە پاشکۆی ژمارە (١١) دا بڵاوکراوەتەوە.

[١٣] وێنەی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٢) دا بڵاوکراوەتەوە.

**دووەم: پێکهێنانی لیژنەی باڵاو کارەکانی**

یەکەم: بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٦٢٤) لە(٢٠١٥/٥/١٠) کە تایبەت بوو بەجێبەجیٚ کردنی پرۆسەی کردنەوەی قوتابخانەکانی ئینگلیزی، لیژنەی باڵا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بەئامادەبوونی سەرۆك و گشت ئەندامان لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٥/١٨) کاتژمێر (١١)ی بەیانی لە پاشکۆی وەزارەت، باسی ئەم خاڵانەی خوارەوە کرا:

١- هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی بەشداربوو لە خولی وانەوتنەوەی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتییەکان) بە زمانی ئینگلیزی لە کۆمپانیای سابیس.

**ئا.** بەشداربووانی دەرچوو لە تاقیکردنەوەی کۆتایی خول.

ب. داوا لە کۆمپانیای سابیس بکرێت بە دووبارەکردنەوەی دەرنەچووان لە خوولەکە بەشێوەی ئەنجامدانی وانەوتنەوەیەکی نموونەیی بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی توانای بەشداربووان.

٢-جێبەجیٚ کردنی ناوەڕۆکی نووسراوی ژمارە (٧٦١٨) لە (٢٠١٥/٥/١٠) و دواکات ئەنجامی نووسراوەکە لە (٢٠١٥/٥/٢٦) بگاتە دیوانی وەزارەت/ لێژنەی باڵا، هەروەها بەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە بەدواداچوون بکرێت.

٣- نوێنەری لیژنەکەمان سەردانی کۆلیژی پەروەردەی بنیات بکات بەمەبەستی:

أ. (بیرکاری و زانستە گشتییەکان) بۆ مامۆستایان کەوا وەزارەتی پەروەردە دەستنیشانیان دەکات.

ب. جەختکردنەوە کە هەردوو بەشی (بیرکاری و زانستە گشتییەکان) بابەتەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن و پێوەری دەرچوونیان بەپێی هەمان سیستم بێت بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە سوودیان لێ وەربگرێت.

٤- (٦) شەش سەرپەرشتیاری بەشداربوو لە خولی سابیس هەمان سەرپەرشتیاران سەرپەرشتی قوتابخانە ئینگلیزییەکان بکەن کەوا لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ / ٢٠١٦) دەکرێتەوە.

٥- کۆبوونەوەیەکی گشتی ئەنجام بدرێت لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٥/٢٨) کاتژمێر (١٠,٠٠)ی بەیانی بەئامادەبوونی هەرچوار لیژنەی پارێزگەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان) بەنووسراو و پەیوەندی تەلەفۆنیەوە ئاگادار بکرێنەوە.

## سێیەم: کۆبوونەوەی فراوانی لیژنەی باڵا

بەئامادەبوونی جەنابی وەزیر (د. پشتیوان صادق عبداللە) و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی باڵا لەگەڵ لیژنەی ب. گشتیی پەروەردەکانی (هەولێر — سلێمانی — دهۆك — گەرمیان) ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٥/٢٨) لە کاتژمێر (١١)ی بەیانی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا لە دیوانی وەزارەت و لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١- ئامادەکردنی ئەو مامۆستایانەی کەوا خولیان تەواوکردووە لە کۆمپانیای سابیس.

ئا ـ دەرچووان: لە پشووی هاوین خولیان بۆ بکرێتەوە.

ب ـ دەرنەچووان: بە زمانی ئینگلیزی وانەیەکی نموونەیی بڵێتەوە بەسەرپەرشتی لیژنەی سەرپەرشتیاری و ئەگەر ئاستی وانەوتنەوەکەی باش بوو بەشداری لە خولی هاوینە بکات لەگەڵ دەرچووان.

ئەوانەی لە بڕگە (ب) دەرنەچوون لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

٢- ئەو سەرپەرشتیارانەی بەشداری خولی سابیسیان کردووە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ / ٢٠١٦) بە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەو قوتابخانانە هەڵدەستن کە بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن.

٣- (٢٨)ی هەموو مانگێك لیژنەی باڵا لەگەڵ لیژنەی پارێزگەكان كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات بەمەبەستی ڕێكخستنی كارەكان...... بۆ كۆبوونەوەی داهاتوو پڕۆژەكانیان ئامادەبكەن.

٤- نوێنەری لیژنەی باڵای وەزارەت لەگەڵ بەڕێزان ڕاگری كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانكۆی سەلاحەددین هەردوو سەرۆك بەشی (زانست و بیركاری) كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدا بەمەبەستی كردنەوەی خول بۆ مامۆستایان. لەدوای تاوتوێكردنی پێشنیارەكە، لەلایەن ئامادەبووانەوە پەسەند كرا.

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەكانی (سلێمانی، دهۆك، گەرمیان) سەردانی كۆلێژی پەروەردەی بنیات بكەن بەمەبەستی كردنەوەی خول بە زمانی ئینگلیزی بۆ مامۆستایان.

٦- ئەگەر بكرێت مامۆستایانی ڕاهێنەری خولەكە لە هەردوولا (كۆلیژی پەروەردەی بنیات و میلاكی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەكان) بێت.

٧- كردنەوەی خولەكانی هاوینە دەكرێت:

ئا - لە پەیمانگەی گەشەپێدان یاخود لە مەشق و ڕاهێنان بێت.

ب - بۆماوەی (٢) دوو مانگ لە هەر هەفتەیەك (٣) ڕۆژ بێت.

٨- ئەو قوتابخانەی كەوا (زانست و بیركاری) بە ئینگلیزی پەیڕەو دەكات:

ئا ـ دەکرێت لە چەند قوتابخانەیەك و هەریەك لە گەڕەکێك چەند هۆبەیەکی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بنووسن .

ب ـ یاخود قوتابخانەیەك تەنها پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بکرێتەوە ئەویش بەهەمان شێوە باباتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن و خۆی لە چەند هۆبەیەك بکرێتەوە.

٩ـ زیادکردنی کردنەوەی باخچەی مندالآن بە زمانی ئینگلیزی و ئەم پرۆژەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان بەنووسراو وەلآممان بدەنەوە.

١٠ـ دابین کردنی(Activity Book , Teacher Book) لە بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی.

١١ـ بابەتەکانی زانستە گشتییەکان و بیرکاری بە زمانی ئینگلیزی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ /٢٠١٦) تەنها بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەبێت.

١٢ـ بودجەی فرۆشگا بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان سەرف بکرێت.

١٣ـ لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەکان کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکان ئەنجام بدات بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆسەیە.

## چوارەم: کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی پارێزگەکان

لیژنەی باڵا کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٧/٢٨) ئەنجام دا ، باسی ئەم خاڵانەی خوارەوە کرا:

١- گشتاندنێك لە وەزارەتی پەروەردە بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگەکان کە پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان هەموو باخچەکانی منداڵان دەگرێتەوە.
٢- فەرمانی کارگێڕی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی هەولێر دەربکرێت کە هەردوو باخچەی منداڵانی (چەم و ڕۆژ) سیفەتی هاوشێوەی (نێودەوڵەتی) نەمێنێت.
٣- فەرمانی وەزاری پاشکۆیی دەربکرێت کە بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنان بکرێتە ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگەو بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی کارگێڕی پێ دەربچێت.
٤- ڕاپۆرتی ب.گشتیی پەروەردەی پارێزگەکان پێشکەش کران و کارو ئەرکەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە پەسەندکران:

ئا. بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی (٢٥) قوتابخانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- (٢٠) قوتابخانه له ب.پ. ڕۆژئاوا و ڕۆژهه‌ڵات.
- (٥) قوتابخانه له ب.پ. قه‌زاكان.
- (١٢٠٠) قوتابی له پۆلی (١) یه‌ك.
- (٦٠٠) قوتابی له پۆلی (٢) دوو.
- (٢٠٠) له پۆلی (٣) سێ.
- (٢٢٥) مامۆستا به‌شداری خول ده‌كرێن.

ب. به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتیی په‌روه‌رده‌ی گه‌رمیان به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه:

- كردنه‌وه (٣) قوتابخانه‌ی بنه‌ڕه‌تی پۆلی (١) یه‌ك.
- ژماره‌ی قوتابی (٣٠٠)
- ژماره‌ی مامۆستای به‌شداربوو له خول (٣٠) مامۆستا.

ج ـ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی په‌روه‌رده‌ی دهۆك به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه:

- كردنه‌وه‌ی (٤٢) قوتابخانه‌ی بنه‌ڕه‌تی.
- (٥٠٠٠) قوتابخانه‌ی له پۆلی یه‌كه‌می بنه‌ڕه‌تی.

– ژمارەی مامۆستای بەشداربوو (٢٥٢) مامۆستای باخچە (١٨١) مامۆستای بیرکاری و (١٦٢) مامۆستای زانستەکان.

د ـ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر (٢٥) قوتابخانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

– ب.پ. ناوەندی هەولێر (١٢) قوتابخانە.

– (٢٥٠٠) قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی.

– ژمارەی مامۆستای بەشداربوو (٢٢٠) گشت پەروەردەکان.

– ب.پ. قەزاکان (١٣) قوتابخانە.

٥– بەرنامەی خولەکان لەلایەن وانەبێژانی دەستنیشانکراو دادەنرێت لە سەرەتای مانگی (٨) دەست پێدەکرێت.

٦– کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی باڵا لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٨/٢٨) لە دیوانی وەزارەت ئەنجام دەدرێت.

## پێنجەم: چەند پێشنیازێك

لەپێناوی سەرخستنی پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) لە باخچەی منداڵان و قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتدا و جێگیرکردنی بنەماکانی ئەم پرۆسەیە لەو چەند باخچەو قوتابخانانەدا، کە بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٥- ٢٠١٦) دەستنیشانکراون و وەك نموونەیەکی ئەزموونگەرایی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێم جێ بەجێ دەکرێت، ئەم یاداشتەی خوارەوە بۆ جەنابی وەزیر بەرزکراوە:

١- لە هەر ناوەندێکی خوێندندا، کە ئەم ئەزموونە دەیگرێتەوە، بە فەرمانێکی قوتابخانەیی، لێژنەی زمانی ئینگلیزی بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرو ئەندامێتی مامۆستایانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان و زمانی ئینگلیزیی ئەو پۆلانەی کە پرۆسەکە تێدا ئەنجام دەدرێت پێك بهێنرێت و کارو ئەرکەکانی ئەو لێژنەیەش لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکرێنەوە:

ئا - ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردنی تایبەت بە هەردوو بابەتەکەوە، چ بەڕێگەی وەرگرتنیان لە کۆگاو تاقیگەکان و چ ئەو شتانەی ڕاستەقینەن و لەدەوروبەری قوتابی هەن، بۆ نموونە: (جۆرەکانی دانەوێڵە، ئامرازەکانی نووسین، مێوەو کەرەستە بچووکەکانی ناوماڵ .....هتد).

ب - چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەیەکانی وانەوتنەوەو گرفتەکانی ناو پۆل، بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندی بە کێشە زمانەوانیەکانییەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستەیش مامۆستای زمانی ئینگلیزی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت.

پ - بەشداربوون لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و دەرخستنی تواناکانی قوتابی و مامۆستایانی هەردوو بابەتی ناوبراو بە تایبەتی لە ڕیزبوونی سەرەتای دەوامی ڕۆژانەو لەکاتی سازدانی ئاهەنگی سروودو گۆرانییەکان و ئامادەکردنی پێشانگەکانی وێنەو شێوەکاری و کارە دەستییەکاندا.

ج- لێژنەکە کۆبوونەوەیەکی هەفتانە ئەنجام بدات و خاڵە گرنگەکانیشی لە کۆنووسێکدا تۆمار بکات. لە حاڵەتە پێویستییەکانیشدا سەرپەرشتیارە پسپۆرییەکان لێی ئاگادار بکرێنەوە. هەرجارێ یەك یان زیاتر لە دایك یان باوکی منداڵ و قوتابیان وەك نوێنەری ئەنجومەنی دایبابان تێدا بەشدار بێت باشترە، بۆ ئەوەی هەردوو لایەن لە کێشەو گرفتەکانی منداڵ و قوتابیان ئاکادار ببنەوەو بەهاوبەشی ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.

٢- لەبەر قەیرانی دارایی و زۆری تێچووی ئامادەکرنی خولەکانی ڕاهێنان و شیاندنی مامۆستایان، کە دەبێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦- ٢٠١٧) ڕێژەیەکی زیاتری مامۆستایان تێدا بەشدار بن و

ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەو باشترکردنی ئامادەکردنی مامۆستایان، وا باشترە هەرسێ بەشی بیرکاری و زانستە گشتییەکان و باخچەی منداڵان لە گشت پەیمانگەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکرێن. لەم ساڵەوە مامۆستایانی بەشداربوو پرۆگرامەکانیان بە زمانی ئینگلیزی وەربگرن. بەم شێوەیە وەزارەت دەتوانێت بەردەوام ژمارەی پێویست لە مامۆستایانی پسپۆر بۆ باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکان دابین بکات .

بەهەمان شێوە دەتوانرێت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیش بکرێت، کە ئەو مامۆستایانەی لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران وەردەگیرێن، پرۆگرامەکانی خوێندنیان لە هەر سێ بەشی بیرکاری و زانستە گشتییەکان و باخچەی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی بێت .

٣- وانەوتنەوەی نموونەیی سەرجەم بابەتەکانی هەردوو کتێبی بیرکاری و زانستە گشتییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و هەروەها وانەکانی باخچەی منداڵان لەلایەن مامۆستایانی شارەزاوە ئامادە بکرێن و بە ڤیدیۆ تۆمار بکرێن و ڕۆژانە لە تەلەڤزیۆنی پەروەردەیی پەخش بکرێن، بۆ ئەوەی وەك ڕێبەرێکی پێشاندەر بێت بۆ مامۆستایان و هەروەها بۆ قوتابیانیش. بۆ زیاتر

سوودوەرگرتن لەم پرۆسەیە، دەتوانرێت ئەو زنجیرە وانە نموونەییانە بە (سی دی) یش تۆمار بکرێن و لەسەر باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دابەش بکرێن .

ئەگەر ئەم پێشنیارانەی سەرەوە پەسەند بکرێن، تکایە ڕەزامەندی بفەرموون گشتاندنی پێ بکرێت و ئەمر بفەرمون کە لایەنە پێوەندیدارەکانیش لەڕووی تەکنیکییەوە جێ بە جێی بکەن.

ڕاوێژکار

د. ئەحمەد محەمەد قەرەنی

لەدوای پەسەندکردنی پێشنیازەکانی سەرەوە، لەلایەن لێژنەی باڵاو وەرگرتنی ڕەزامەندی جەنابی وەزیرەوە، گشتاندنی ژمارە (١٦٦٤١ لە ٢٠١٥/١٠/٤)[١٤] پێکرا.

## شەشەم: گشتاندنێك لەبارەی ئاماری قوتابخانەکانەوە

بەپێی گشتاندنی ژمارە (١٩١١٨ لە ٢٠١٥/١١/٥)، داوا لە گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان کرا، کە بەپێی شەش فۆرمە ئامادەکراوەکانی هاوپێچەوە، گشت ئامارەکانی تایبەت بە

---

[١٤] وێنەی گشتاندنەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٣) دا بڵاوکراوەتەوە.

هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکانەوە بۆ لیژنەی باڵا بنێردرێت، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

دوابەدوای ئەنجامدانی هەشتەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٩ لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە، هاوپێچی نووسراومان (٦) فۆرمی ئامارەکانتان بۆ دەنێرین، لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئامادە بکرێت و بنێردرێت بۆ لیژنەی باڵا لە وەزارەت بۆ دیراسەتکردن و ئامادەکردنی پلانەکان، بۆکاری پێویست[١٥].

[١٥] وێنەی نووسراوەکەو فۆرمی ئامارەکان لە پاشکۆی ژمارە (١٤) دا بڵاوکراونەتەوە.

**تەوەری دووەم:**

## بەدواداچوونی کارەکان

لەدوای ڕێکخستنی پەیکەربەندی لیژنەی باڵا لە دیوانی وەزارەت و لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان و بە هەمان شێوە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکان و لیژنەکانی پسپۆر لە قوتابخانەکاندا، دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی بەدواداچوونی کارەکان کراو بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە هەموو لایەنەکان کرا مانگانە ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن و لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای وەزارەتدا تاوتوێ بکرێن و ڕێگەچارەی گونجاویش بۆ کێشەکان دەستنیشان بکرێت. کۆبوونەوەکانیش بەم جۆرەی خوارەوە بوون:

### یەکەم کۆبوونەوەی بەدواداچوونی کارەکان

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٩ هەشتەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەدیوانی وەزارەت (نووسینگەی وەزیر) بەپێی نووسراوی وەزارەتی پەروەردە نووسینگەی وەزیر ژمارە(٦٣٢) لە ٢٠١٥/١٠/٢٦، بەئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی باڵا جگە لە بەڕێزان (یوسف عوسمان یوسف/ب.گ.پلانی

پەروەردەیی، ئەحمەد گەل/ ب.گ. ئامادەیی و پیشەیی) ولێژنەی پارێزگەکان ئەنجامدرا. ئەم تەوەر و بابەتانەی خوارەوە تاوتوێکران:

## تەوەری یەکەم: خستنەرووی بەرنامەی کارەکان

لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵای وەزارەتەوە بەدواداچوون بۆ سەرجەم نووسراوەکانی لێژنەی باڵا کرایەوە بەمەبەستی یەکخستن و زیاتر رێکخستنی هەنگاوەکانی دەستپێکی پرۆسەکەو پلانەکانی وەزارەت لەئێستاو داهاتوودا، لەوانە:

١- جەختکردنەوە لەسەر خولەکانی راهێنانی مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەردەوامیدان بە کردنەوەی خولەکان بەپێی پلان و رێکخستنیان بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی بازنەی یەکەم.
٢- جەختکردنەوە لەسەر ئەرك و کارەکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە بەدواداچوون و جێبەجێکردنی رێنماییەکان وسەرخستنی ئەم پرۆسەیە بەوردی و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ ئەم مەبەستە.
٣- رێکخستنی ئاماری قوتابخانەکان کە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت و لەراپۆرتەکاندا ئاماژەی پێبکرێت.
٤- پرۆسەی دابینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن (هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی

بنەڕەتی) و لەچاپدانیان، کە بۆ ئەم مەبەستە(٢٠٠٠٠ بیست هەزار دانە) لەهەر بابەتێکی خوێندن چاپکراوە، چاپی یەکەم(١٠٠٠٠ دە هەزار) و چاپی دووەم (١٠٠٠٠ دە هەزار) دانە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی.

٥- جەختکردنەوە لەسەر نووسراوی وەزارەتی پەروەردە/ لێژنەی بالاَ ژمارە(٧٦٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٠ دەربارەی پێکهێنانی لێژنەی پارێزگەکان و لێژنەی پەروەردەی قەزاکان و کارابوونی ڕۆڵ و ئەرکیان لە بەدواداچووندا.

٦- جەختکردنەوە لەسەر نووسراوی وەزارەتی پەروەردە/ لێژنەی بالاَ ژمارە(١٦٦٤١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٤ دەربارەی پێکهێنانی لێژنەی زمانی ئینگلیزی لەقوتابخانەکان کە ڕۆڵ و ئەرك و کارەکانیان دیاریکراوەو هەوڵبدرێت گرنگی زیاتری پێبدرێت وبەدواداچوون بۆ راپۆرت و پێشنیارو کێشەکانیان بکرێت.

٧- جەختکردنەوە لەسەر راسپاردەکانی لێژنەی بالاَ کە داواکراوە سەرژمێری و ئاماری گشتی مامۆستایانی پسپۆری بابەتەکانی( بیرکاری، زانستەکان، ئینگلیزی) ئامادە بکرێت و بنێردرێت بۆ وەزارەت بۆ دیراسەتکردن و وەك ئامادەکارییەك بۆسالَی خوێندنی ٢٠١٧/٢٠١٦ هەوڵبدرێت قۆناغی پۆلی یەکەم لەم پرۆسەیە گشتگیر بکرێت و لەسەرتاسەری هەرێم ١٠٠٪ سەدا سەد جێبەجێ بکرێت. ئامادەکارییەکان بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی پۆلی دووەم

دەستپێبکات و دواتر بەم شێوەیە بازنەی یەکەم تەواو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

٨- جەختکردنەوە لەسەر هەردوو نووسراوی وەزارەتی پەروەردە/ لێژنەی بالاّ ژمارە(١٦٣٠٧) لە رێکەوتی ٢٠١٥/٩/٢٢[١٦] دەربارەی کردنەوەی بەشەکانی بیرکاری و زانستەکان لەگشت پەیمانگەکانی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی لەپارێزگەکان، هەروەها نووسراوی ژمارە(١٦٦٤٠) لە رێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٤دەربارەی پێشنیاری وەزارەت بۆ ئەو مامۆستایانەی لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی کە پرۆگرامەکانی خوێندنیان لە هەر (٣)یَ بەشی بیرکاری و زانستە گشتییەکان و باخچەی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی بێت[١٧].

٩- جەختکردنەوە لەسەر وانەوتنەوەی نموونەیی لەسەرجەم بابەتەکانی هەردوو کتێبی بیرکاری و زانستە گشتییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و هەروەها وانەکانی باخچەی منداڵان لەلایەن مامۆستایانی شارەزاوە ئامادە بکرێن و بە ڤیدیۆ تۆمار بکرێن و ڕۆژانە لە تەلەڤزیۆنی پەروەردەیی پەخش بکرێن، بۆئەوەی وەك ڕێبەرێکی پێشاندەر بێت بۆ مامۆستایان و هەروەها بۆ قوتابیانیش. بۆ زیاتر سوودوەرگرتن لەم پرۆسەیە، دەتوانرێت

---

[١٦] وێنەی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە -١٥- دا بڵاوکراوەتەوە.

[١٧] وێنەی یاداشتی سەرۆکی لێژنەی بالاّ بۆ جەنابی وەزیر لە پاشکۆی ژمارە -١٦- دا بڵاوکراوەتەوە./ هەروەها وێنەی نووسراوی ئاراستەکراو بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی کە لە پاشکۆی ژمارە -١٧ - دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو زنجیرە وانە نموونەییانە بە(سی دی) یش تۆمار بکرێن و لەسەر باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا دابەش بکرێن.

## تەوەری دووەم: راپۆرتی لیژنەکانی ب. گشتی پەروەردەکان

### ١- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک:

راپۆرتیان خوێندرایەوەو لەکۆبوونەوەکەدا پەسەندکرا. ناوەڕۆکەکەی تەنها تایبەت کرابوو بەلایەنی کردنەوەو بەڕێوەچوونی خولەکانی مامۆستایان، راپۆرتی گشتیان نەبوو لەگەڵ ئامارەکان، هەروەها پلانی خولی راهێنانیان بۆ مامۆستایانی بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی ئامادەکردووە کە لەهەر(١٠) پەروەردەی قەزاکاندا بکرێتەوە و جێبەجێ بکرێت بۆ(٦٢٩٦) مامۆستای بیرکاری و زانستەکان لە هەر(٣) بازنەی قۆناغی بنەڕەتی خوێندن، بەمشێوەیە: بۆ بازنەی یەکەم(٣٤٦٢) مامۆستا، بازنەی دووەم(١٦٦٢) مامۆستا، بازنەی سێیەم(١١٧٢) مامۆستا، هەروەها پلانی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان بۆ(١٣١٠) مامۆستا، کە دابەشکراونەتە سەر(٥) وەجبە، پێشنیار دەکەن:

- مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان کاتێك لەنێو خولدا بن لە دەوامکردنی قوتابخانەیاندا ببەخشرێن.

- بۆ مامۆستایانی وانەبێژ (تفرغ) بکرێن و ببەخشرێن لە دەوامی قوتابخانەیان.

- له خولەکاندا هەر قوتابخانەیەك(١-٢) مامۆستا بەشدار بن بۆ ئەوەی کار له دەوامی قوتابخانەکاندا نەکات، ئەو قوتابخانانەی که له شوێنه دوورەکانن لەکاتی هاوین بەشداری خولەکان بکەن.

- بودجەو دەرماڵەی خولەکان دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی پارەی(فرۆشگای قوتابخانه) له پارێزگەی دهۆك زۆر کەمەو بەش ناکات بۆ بەڕێوەچوون و کردنەوەی خولەکان.

تەواوی ئەندامانی لێژنەکه ئامادەبوون له بەڕێزان( خورشید یەحیا سەلیم ی. ب. گ. پ. دهۆك، فەخری کەلەش ئیسماعیل ب. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، شیرین سالم عبدولحافز ڕێڤەبەرا مەشق و راهێنانی دهۆك.

## ٢- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

راپۆرتیان خوێندرایەوەو لەکۆبوونەوەکه ئاماژەیان بەئاماری پێشووتردا کە(٣٥) قوتابخانه بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بۆ(٤٠٠٠) قوتابی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥، هەروەها(٨) قوتابخانه بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ(١٠٠٠) قوتابی کراونەتەوە. خولی زمانی ئینگلیزی بۆ(١٦٥) مامۆستای بنەڕەتی پۆلی یەکەم کراوەتەوە و ماوەی خولەکە(٤٥) رۆژەو رێکەوتی ٢٠١٥/١١/٤ کۆتایی دێت، هەروەها خول بۆ(١٥٠) لەمامۆستایانی باخچەی منداڵان کراوەتەوە کەبۆ ماوەی(٣٠) رۆژەو رێکەوتی ٢٠١٥/١١/٢٩ کۆتایی دێت. هەروەها چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە لەگەڵ

پەروەردەکانی(دوکان، سەید صادق، پێنجوین) و پەروەردەکانی دیکە. ڕاپۆرتی گشتی و ئاماریان نەبوو، تەنها بەڕێزان پەروین ئەمین ئەحمەد ی. ب. گ. پ. سلێمانی، چیمەن عبدوڵڵا عەلی ب. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

### ٣- ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

ڕاپۆرت و ئاماریان نەبوو بۆ کۆبوونەوەکە، تەنها هەندێك ئاماریان هێنابوو کە لیستێك بوو بەناوی مامۆستایانی باخچەی ساوایان کە بەشداری خولیان کردوە وژمارەیان(٣٤٥) مامۆستایە لە(١٢٨) باخچەی ساوایانی سەرجەم پەروەردەکان. هەروەها لیستی ناوی مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان کە بەشدارن لە خولەکان و ژمارەیان(٩٢) مامۆستایە لە(٩٢) قوتابخانە لەسەرجەم پەروەردەی قەزاکان. تەنها بەڕێز فەیصەل حەسەن تەها ی. ب. گ. پ. هەولێر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

### ٤- ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان

ڕاپۆرتێکیان بەنووسراوی ژمارە(نیە) لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٨ پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، تیایدا هاتووە(٥٣) قوتابخانە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت، تەواوکردنی خول بۆ ژمارەی(٢٢٥) مامۆستای بیرکاری و زانست، وەرگرتنی(١٥٠٠) کتێبی خوێندن بۆ پۆلی یەکەم بۆ هەریەك لە بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان، پێویستیان بە(٢٥٠٠) کتێبی خوێندنە بۆ هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان، ئاماری گشتی مامۆستایانیان ئاماژە

پێداوه كه لەداهاتوودا خول ببینن، كۆی گشتی مامۆستایانی بیركاری(٦٠٦) مامۆستایه، كۆی گشتی مامۆستایانی زانستەكان(٤٨٥) مامۆستایه، ئەم بەڕێزانه ئامادەی كۆبوونەوەكه بوون دارا ئەحمەد سەمین ب. گ. پ. گەرمیان، سالار حسێن محیٚ دین/ ی.ب.گ.پ.گەرمیان، ب. مەشق وراهێنانی گەرمیان.

## تەوەری سێیەم: كێشەو راسپاردەكان

١- پێویسته بۆ كردنەوەی خولەكانی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان هەریەك بەجیا كات وپلانەكانیان بۆ دابڕێژرێت و بكرێنه وەجبه له كاتی دەوام و پشووی هاوین بۆ هەر قۆناغ و بازنەیەكی خوێندن بەتایبەتیش جەخت بكرێتەوه لەسەر جێبەجێكردنی پلانەكانی بازنەی یەكەمی خوێندن كه مامۆستایانی پۆلی یەكەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە.

٢- لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی بەدواداچوون بۆ یەكخستنی پرۆژەكان و نووسینی پرۆپۆزلی كردنەوەی خولەكان بكرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوی یۆنسێف و كۆلێژی جیهان و لایەنەكانیتر بۆ ئەوەی بتوانرێت هەنگاوەكانی وەزارەت بەسەركەوتوویی جێبەجیٚ بكرێت و قۆناغ بەقۆناغ پلانەكان ڕێكبخرێت.

٣- سەرژمێری و ئاماری گشتی مامۆستایانی بیرکاری و زانست و ئینگلیزی سەرجەم پەروەردەکان بگاتە وەزارەت کە داواکرابوو بۆ دیراسەتکردن و ڕێکخستنی پلانەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧.

٤- کێشەی کەمی بڕی پارەی خولەکانی مامۆستایان و داهاتی فرۆشگەی قوتابخانەکان بەتایبەت لە پارێزگەی دهۆك چارەسەر بکرێت.

٥- ئامارەکان ڕێکبخرێنەوە بەپێی بازنەکانی خوێندن، بەهەمان شێوە ئاماری ئەو مامۆستایانەی لە خولەکاندا بەشدار دەبن، هەروەها بۆ هەموو کۆبوونەوەکانی لێژنەی باڵا ڕاپۆرتەکان ئامادە بکرێت و هەموو هەنگاوەکانی تێدا ئاماژە پێبکرێت.

٦- کردنەوەی خولی زیاتر بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ پەروەردەکان هەوڵی دابینکردنی سیدی و وانەوتنەوەی نموونەیی مامۆستایان ڕێك بخات.

## دووەم کۆبوونەوەی بەدواداچوونی کارەکان

ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٧ نۆیەم کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەدیوانی

وەزارەت (نووسینگەی وەزیر)، بەئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی باڵا و لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئەنجامدرا.جگە لە ئامادەبوونی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کە بەهۆی ڕێگیران و بەفربارین نەیانتوانی ئامادەبن و راپۆرتەکەیان بە ئیمێل بۆ کۆبوونەوەکە ناردووە. ئەم تەوەر و بابەتانەی خوارەوە تاوتوێکران:

## تەوەری یەکەم: خستنەڕووی پلانی کارەکان

لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵای وەزارەتەوە بەدواداچوون و پێداچوونەوە لەسەرجەم تەوەرەکان و نووسراوەکانی لێژنەی باڵا جەختی لەسەر کرایەوە، بەمەبەستی یەکخستن و زیاتر ڕێکخستنی هەنگاوەکان و تۆکمەکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە وپلانەکانی وەزارەت بۆ ئەمساڵی خوێندن و ساڵی داهاتوو (٢٠١٦/٢٠١٧)، لەوانە:

١- گرنگترین تەوەر تیشکی خرایە سەر لە( ئامادەکردنی مامۆستایان) و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیدان بەخولەکانی راهێنانی (مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) و هەروەها کردنەوەی خول بەجیا لە مامۆستایان بۆ(سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارگێڕی)، بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکان بەپێی پلان و ڕێکخستنیان بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی بازنەی یەکەم.

٢- یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی ئەم پرۆسەیە سستی و لاوازی لایەنی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی قوتابخانەکانە، بۆیە جەختکردنەوە لەسەر ئەدا و ئەرك و کارەکان وسەردانیکردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە گەیاندنی پەیامی پرۆسەکە و روونکردنەوەی ئامانجەکان و زانیارییەکان بۆ مامۆستایان و تەواوی ستافی قوتابخانەکان و بەدواداچوونیان بۆ جێبەجێکردنی رێنماییەکان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بەوردی و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ ئەم مەبەستە تەئکیدی لەسەر کرایەوە.

٣- رێکخستنی ئاماری گشتی قوتابخانەکان بۆ هەر (٣) سێ بازنەی خوێندن، بەتایبەت بۆ بازنەی یەکەم کە لەکاتی ئێستادا ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت و تا کۆتایی ئەمساڵی خوێندن ٢٠١٦/٢٠١٥ کۆتایی بە ئامادەکارییەکان بێت بەتایبەت ئامادەکارییەکانی بازنەی یەکەمی خوێندن و لەراپۆرتەکانی لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئاماژەی پێبکرێت.

٤- هەوڵبدرێت ئەم پرۆسەیە سەرانسەری بێت و لە هەموو پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ بکرێت، پەیمانگەکانی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتییەکانی مەشق و راهێنان لە پەروەردەکان و راهێنەر و پێداویستی خولەکان ئامادە بکەن و راهێنەر و مامۆستایانی بەشداربووی خولەکانیش (تەفەرووغ) پێبکرێن بۆ ئەوەی بەئاسوودەیی کاتی خۆیان بۆ

خولەکان تەرخان بکەن. لەهەمانکاتیشدا هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان بکەن بەتایبەت ( زانکۆی جیهان) بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان لەو زانکۆیانەدا.

٥- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەفتانەی لێژنەی بەدواداچوون لە پەروەردەی قەزاکان و دوو هەفتە جارێك لە پەروەردەی پارێزگەکان بۆ تاوتوێکردنی راپۆرت وکێشەو پێشنیارەکانی ئەم پرۆسەیە، لەبەر ئەوەی جۆرێك لە حاڵی نەبوون و بێئاگایی و دابڕان لە نێوان هەردوو لێژنەی جێبەجێکار و بەدواداچوون لەنێوان پەروەردەی قەزاکان و گشتیدا بەدی دەکرێت، بۆیە پێویست دەکات ئەرك و کارەکانی لێژنەکان و کۆبوونەوەکان رێکبخرێنەوە و راپۆرتەکانیان بنووسرێنەوە و وێنەیەکی بدرێتە لێژنەی باڵا لە وەزارەت بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

٦- جەختکردنەوە لەسەر ئەدای کاری لێژنەکانی پارێزگەکان و لێژنەی پەروەردەی قەزاکان و کارابوونی رۆڵ و ئەرکیان لە بەدواداچوون و دیراسەتکردنی خاڵە بەهێزەکانی بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیە.

جەختکردنەوە لەسەر وانەوتنەوەی نموونەیی لەسەرجەم بابەتەکانی هەردوو کتێبی بیرکاری و زانستە گشتییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و هەروەها وانەکانی باخچەی منداڵان لەلایەن مامۆستایانی شارەزاوە ئامادە بکرێن و لەسەر سیدی ڤیدیۆ تۆمار بکرێن بۆئەوەی وەك ڕێبەرێکی پیشاندەر بێت بۆ سوودبینینی مامۆستایان.

## تەوەری دووەم: راپۆرتی لێژنەکانی جێبەجێکار

١- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان:** راپۆرتێکیان بەنووسراوی ژمارە(١٤٩٧) لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٦ پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، تیایدا هاتووە (٤٣) قوتابخانە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت کە ژمارەی قوتابیانی٠(٢٤١٠) قوتابیە، لە پەروەردەی کەلار (١٦) قوتابخانە بۆ(١٣٠٥) قوتابی، لە پەروەردەی کفری (١٧) قوتابخانە بۆ(٨٩١) قوتابی ، لە پەروەردەی خانەقین(١٠) قوتابخانە بۆ(٢٢٢) قوتابی، تەواوکردنی خول بۆ ژمارەی (٢٢٥) مامۆستای بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە (٥) بنکەدا، وەرگرتنی کتێبی خوێندن بۆ پۆلی یەکەم بۆ هەریەك لە بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکان، لێژنەی قوتابخانەیی لەسەرجەم قوتابخانەکاندا پێکهاتووە، کردنەوەی بەشەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە پەیمانگەی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی بۆ ئەمساڵی خوێندن چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەرنامەرێژی کراوە بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان بەهەماهەنگی لەنێوان پەیمانگەی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنانی پەروەردەکەیان پرۆگرام و بەرنامەی خولەکان دادەڕێژرێت و سوود لەراهێنەرانیان وەردەگیرێت. ئاماری گشتی مامۆستایانیان ئاماژە پێداوە کە لەداهاتوودا خول ببینن، کۆی گشتی مامۆستایانی بیرکاری(٦٠٦) مامۆستایە، کۆی گشتی

مامۆستایانی زانستەکان(٤٨٥) مامۆستایە، کێشەکانیان بریتیە لە کەمی میلاکی قوتابخانەکان بۆ مامۆستایانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان بەتایبەتی لە پەروەردەی کفری، بۆیە لەبەشداریکردنی مامۆستایانیان لە خولەکان ناتوانن (تەفروغ) بەمامۆستایانیان بکەن. نووسراویان بۆ وەزارەت و زانکۆکانی جیهان و ئەوانیتر کردووە بۆ ئەوەی ئەم زانکۆیانە هەڵسن بە کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانیان، بەڵام تائێستا وەڵامیان وەرنەگرتۆتەوەو لەبەدواداچوون بەردەوامن. ئەم بەڕێزانە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون: دارا ئەحمەد سەمین ب. گ. پ. گەرمیان، سالار حسێن محیّ دین ی. ب. گ. پ. گەرمیان، کەریم مەجید محەمەد ب.سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی گەرمیان، فوئاد عەلی جەمشیر ب. مەشق و راهێنانی گەرمیان.

٢- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی:**

لە کۆبوونەوەکە راپۆرتیان لەلایەن مامۆستا وشیار حەمەد حاجی بڕیاردەری لێژنەی باڵا خوێندرایەوە، لەراپۆرتەکەدا ئاماژەیان بەئامارەکانیاداوە کە(٤٦) قوتابخانە کراوەتەوە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بۆ(٤٢٠٠) قوتابی لە(١٢) پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجیّ دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥/٢٠١٦، هەروەها(٥) قوتابخانە بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ(١٠٠٠) قوتابی پرۆگرامیان بەئینگلیزی کراوە. لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە(٣) خول بۆ مامۆستایان کراوەتەوە بۆ(٢٩٤) مامۆستای بنەڕەتی پۆلی

یەکەم و ماوەی خولەکەکان لەنێوان (٣٠- ٤٥) رۆژە و (٢) خولیش بۆ (٦٢) مامۆستا تایبەت بە خولی گفتوگۆی زمانی ئیینگلیزی بۆ مامۆستایان کە هەر خولێك (٥) رۆژی خایاندووە، هەروەها خول بۆ(١٥٠) لەمامۆستایانی باخچەی منداڵان کراوەتەوە کە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژەو لەرێکەوتی ٢٠١٥/١١/٢٩ کۆتایی هات. هەروەها چەندین سەردانی مەیدانی و کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە لەگەڵ پەروەردەی قەزاکان، ئامادەکردنی سیدی وانەوەتنەوە بۆ مامۆستایان و کردنەوەی پەیجێك بەناوی (Science & Math)لە فێسبووك تایبەت بەم پرۆسەیە بۆ سوود وەرگرتن و راگۆڕینەوەی مامۆستایان، هەروەها لەپلانی دووریشیان ئاماژەیان بە کردنەوەی خول بۆ (٥٠) قوتابخانەی ناوشاری سلێمانی و (١٠) قوتابخانە لە هەر پەروەردەی قەزایەکدا کردووە کە لە ٢٠١٦/٢٠١٥ جێبەجێ بکرێت.

٣- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك:** راپۆرتیان نەبوو ، تەنها (٦) فۆرمی ئامارەکانیان هێناوە بۆ لێژنەی باڵا. فۆرمی ژمارە(١) مامۆستایان و قوتابخانەکانی بنەڕەتی کە لە(٩) پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ دەکرێت و ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەکان (١٠١٨) ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەکەم(٤٥١٨٦)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری(١١٩٧)، ژمارەی مامۆستایانی

زانستە گشتیەکان(١١٢٧)، ژمارەی سەرپەرشتیارانی ئەو دوو بابەتەی خوێندن(٣٤).

فۆرمی ژمارە(٢) مامۆستایان و باخچەکانی منداڵان کە لە(٩) لەپەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ دەکرێت و ژمارەی باخچەکانی منداڵان (٥٤) ژمارەی منداڵان(١١٣٤٤)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری(١٣٨)، ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان(٢٢٩)، ژمارەی سەرپەرشتیارانی ئەو دوو بابەتەی خوێندن(٣).

فۆرمی ژمارە(٣) مامۆستایان و قوتابخانەکانی بنەڕەتی، ژمارەی قوتابیانی پۆلی دووەم (٤١٣١٤)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری(١١٥٠)، ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان (١٠٧١).

فۆرمی ژمارە(٤) مامۆستایان و قوتابخانەکانی بنەڕەتی، ژمارەی قوتابیانی پۆلی سێیەم(٣٧٨٠١)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری(١١٠٦)، ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان(١٠١٢).

فۆرمی ژمارە(٥) سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکانی بنەڕەتی کە لە(٩) لەپەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ دەکرێت و ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەکان (٣٣) ژمارەی سەرپەرشتیارانی پرۆسەکە(٣٣)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری کە خولیان بینیوە(١١٥)، ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان کە خولیان بینیوە (١٠٤)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری بۆ خولەکانی داهاتوو بەپێی پلانەکانیان(١٩٨٧)، ژمارەی

مامۆستایانی زانستە گشتییەکان بۆ خولەکانی داهاتوو بەپێی پلانەکانیان(٢٠٦٩)کە کۆی گشتی دەکاتە(٤٠٥٦) مامۆستای هەردوو بابەت.

فۆرمی ژمارە(٦) سەرپەرشتیارانی باخچەکانی منداڵان کە لە(٩) لەپەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ دەکرێت و ژمارەی باخچەکان (٤٢) ژمارەی سەرپەرشتیارانی پرۆسەکە(٣)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری کە خولیان بینیوە(١١٨)، ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان کە خولیان بینیوە (١٠٩)، ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری بۆ خولەکانی داهاتوو بەپێی پلانەکانیان(١٢٩)، ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان بۆ خولەکانی داهاتوو بەپێی پلانەکانیان(٢٣٦)کە کۆی گشتی دەکاتە(٣٦٥) مامۆستای هەردوو بابەت.

ئاماژەیان بەوەکرد کە پرۆسەکە بەباشی بەڕێوە دەچێت و چەندین سەردانی مەیدانییان ئەنجامداوە لەسنووری پەروەردەکانیاندا، کۆبوونەوە لەگەڵ هەردوو زانکۆی جیهان و زانکۆی ئەمریکی ـ دهۆك[١٨] کراوە بۆ کردنەوەی خولەکانی مامۆستایانیان، تا ئەمڕۆ زانکۆی جیهان خولی نەکردۆتەوە بەهۆی گواستنەوەی زانکۆکەیان بۆ بینای تازە و چاوەڕوانن، داوای بڕە پارەو بودجەیەکی کەم دەکەن بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنانی پەروەردەکان بتوانن بەردەوام خول بۆ مامۆستایانیان

[١٨] وێنەی نامەو پرۆپۆساڵی زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك لە پاشکۆی ژمارە(١٧) بڵاوکراوەتەوە.

بکەنەوە، لەبەر ئەوەی پارەی فرۆشگای قوتابخانەکان زۆر کەمەو بەشی ئەوە ناکات، لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی ژمارە(١٤٤٧٠) لە بەرواری ٢٠١٥/٩/٢ کە ئاراستەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەکان کراوە بەناوی( پرۆژەی سیستەمی بریتش کاونسل) خولی راهێنان بۆ مامۆستایان بکاتەوە کە لەسەر پارەی فرۆشگای قوتابخانەکان ئەم پرۆژەیە بەردەوامی پێبدرێت، وێڕای پرۆژەی قوتابخانەکانی هاوڕێ بەهەمان شێوە لەسەر پرۆژەی فرۆشگای قوتابخانەکانە، ئەوەش کێشەیەکی دیکەیە پێویستی بە هەڵوەستەکردن و دیراسەت و بەدواداچوون و چارەسەرە. ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەکە بریتیبوو لە بەڕێزان( عەبد یوسف ئەحمەد ب. گ. پ. دهۆك، خورشید یەحیا سەلیم ی. ب. گ. پ. دهۆك، شیرین سالم عبدولحافز ب. مەشق و راهێنانی دهۆك، نەهاتنی بەڕێز فەخری کەلەش ئیسماعیل ب. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دهۆك.

٤- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر**

راپۆرت و سیدی ئامارەکانیان پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، ئاماژەیان بەوەکرد کە پرۆسەکە بەباشی بەڕێوە دەچێت و چەندین سەردانی مەیدانیان ئەنجامداوە لەسنووری پەروەردەکانیاندا، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کراوە، تا ئێستا لە(٥٠) قوتابخانە و(١٥٤) باخچەی

منداڵان ئەم پرۆسەی تێدا ئەنجام دەدرێت، (٢٤٩) مامۆستایانی بیرکاری و زانستە گشتیەکانی بنەڕەتی خولیان بینیوە،(٧٨) مامۆستا لە پەروەردەی کۆیە،(٣٣) سۆران،(١٨) چۆمان،(٦٨) لە کۆلێژی جیهان،(٥٢) لە ناوەندی هەولێر، هەروەها(١٤٥) مامۆستای باخچەی منداڵان خولیان بینیوە. هەروەها فۆرمێکی ئاماری گشتی مامۆستایانی هەردوو بابەتیان هێناوە لەهەر(١١) پەروەردەی قەزاکانیاندا تیایدا هاتووە کە ژمارەی مامۆستایانی بیرکاری(٣٠٧٨) مامۆستایە و ژمارەی مامۆستایانی زانستە گشتیەکان (١٥٠٦) مامۆستایە کە کۆی گشتی دەکاتە(٤٥٨٤) مامۆستا. بۆ کردنەوەی خولەکان سەردانی کۆیە کراوە، بەهۆی دانانی یەك بنکە بۆ هەر(٣) پەروەردەی( سۆران، رەواندز، مێرگەسوور) ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان ئامادەی خولەکە نەبوون بەهۆی دووری و کێشەی هاتووچۆ، بۆیە واباشترە بنکەکانی خولی راهێنان لەهەر پەروەردەیەك لەشوێنێکی گونجاو بکرێتەوە بۆ مامۆستایانیان و خولە پەروەردەی چۆمان لە ٢٠١٥/١١/١٠ دەستیپێکردووە، کێشەی نەگونجانی کردنەوەی بنکەکانی راهێنانیان لە پەروەردەکاندا هەیە کە دەبێت پلانێکی بۆ دابنرێت لە شوێنی گونجاودا بکرێنەوە کە بەسوودی مامۆستایانیان تەواوبێت، هەروەها سەرف نەکردنی پارەی خولەکانی پێشوویان لەلایەن ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان کە تائێستا چارەسەر نەکراوە بۆیان سەرف بکرێت.

پلانەکانیان ڕێك دەخەن بۆ کردنەوەی خولەکانی داهاتوو بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ دەستنیشانکردنی مامۆستایانی هەردوو بابەت و قوتابخانەکان، هەروەها بەرواری ٢٠١٥/١٢/٢٢ دەستنیشان کراوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی سەرجەم پەروەردەی قەزاکان و داوایان کرد کە ئەندامانی لێژنەی باڵاش لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبن کە لە یەکەی سەرپەرشتیاری هەولێر کاتژمێر(١٠) ی سەرلەبەیانی ئەنجام دەدرێت. ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەکە بریتیبوو لە بەڕێزان( بەشدار عبدالخالق خچر/ ب.گ.پ.هەولێر، فیصل حسن تەها/ ی.ب.گ.پەروەردەی هەولێر، فوئاد کریم اسماعیل/ بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، حسن ئەحمەد شریف/ ب. پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی هەولێر.

## تەوەری سێیەم: کێشەو ڕاسپاردەکان

١- پێویستە بۆ کردنەوەی خولەکانی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان هەریەك بەجیا کات و پلانەکانیان بۆ دابڕێژرێت و بکرێنە وەجبە لە کاتی دەوام و پشووی هاوین بۆ هەر قۆناغ و بازنەیەکی خوێندن بەتایبەتیش جەخت بکرێتەوە لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکانی بازنەی یەکەمی

خوێندن کە تایبەت مامۆستایانی پۆلی یەکەم و دووەم و دواتر سێیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە.

٢- لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی بەدواداچوون بۆ یەکخستنی پرۆژەکان کردنەوەی خولەکان بکرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆلێژی جیهان و کۆلێژ و لایەنەکانیتر بۆ ئەوەی بتوانرێت هەنگاوەکانی وەزارەت بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت و قۆناغ بەقۆناغ پلانەکان ڕێکبخرێت.

٣- سەرژمێری و ئاماری گشتی مامۆستایانی بیرکاری و زانست و ئینگلیزی سەرجەم پەروەردەکان بگاتە وەزارەت کە داواکرابوو بۆ دیراسەتکردن و ڕێکخستنی پلانەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧.

٤- ئامارەکان ڕێکبخرێنەوە بەپێی بازنەکانی خوێندن، بەهەمان شێوە ئاماری ئەو مامۆستایانەی لە خولەکاندا بەشدار دەبن، هەروەها بۆ هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵا ڕاپۆرتەکان ئامادە بکرێت و هەموو هەنگاوەکانی تێدا ئاماژە پێبکرێت.

٥- کردنەوەی خولی بەجیا و تایبەت بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بکرێتەوە.

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ پەروەردەکان پەلە بکەن لە دابینکردنی سیدی و وانەوتنەوەی نموونەیی مامۆستایان.

٧- لەخولەکاندا کتێبەکان وەکو (دەستاودەست) بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە خولەکانی داهاتوو دووبارە سوودیان لێوەر بگیرێت و بەکار بهێنرێتەوە.

٨- لێژنەی جێبەجێکاری پارێزگەکان هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگەکاندا بکەن، پلانەکانی کردنەوەی خولەکانیش بەدوو شێوە ئەنجام بدەن بۆ بەردەوامیدان بە خولەکانیان، یەکێکیان بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان بەهەماهەنگی لەنێوان پەیمانگەی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنانی پەروەردەکەیان پرۆگرام و بەرنامەی خولەکان دادەڕێژرێت و سوود لەراهێنەرانیان وەردەگیرێت، ئەوەیتریان لەگەڵ زانکۆکان و لایەنەکانیتربێت.

٩- دەبێت مامۆستایانی ئامادەکراو بۆ خول هەبێت بۆ ئەوەی لەکاتی نەمانی ئەو مامۆستایانە جێگرەوەیان هەبێت لە قوتابخانەکان.

١٠- لەکاتی کردنەوەی خولەکاندا مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان تەرخانکراو بن.

## پوختەی کارەکانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦)

لەپرۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری باشترکردنی پرۆسەی فێرکردنەوە، پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەگشتیەکانە. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٤/٢٠١٥) وە، ئامادەباشی بۆ کرا: لە پێکهێنانی لێژنەکانی پێوەندیدار بەو پرۆسەیەوە (لێژنەی باڵا) لەدیوانی وەزارەت و (لێژنەی تەکنیکی) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان و (لێژنەی سەرپەرشتێکردن) لە ب. پەروەردەی قەزاکان و (لێژنەی جێبەجێکار) لە هەر قوتابخانەیەك. دواتر پرۆسەکە وەك ئەزموونێکی تازە بابەتیانە بەم شێوەیەی خوارەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرا:

١- لەبواری ڕاهێنانی مامۆستایانەوە، وەك ئامادەکاریەك بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، ژمارەی (٩٠) مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خولی تایبەتیان بینیوە لە زانکۆی سابیس بەڕێژەی (٣٠) مامۆستا و سەرپەرشتیار لە هەر یەك لە پارێزگەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی. هەروەها لە ب. گ. پەروەردەی پارێزگاکانیش بەرنامەی مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان جێ بە جێکرا و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنان و پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەییەوە خول

بۆ مامۆستایان کراوەتەوە کە نزیکەی (١٠٠٠) مامۆستا خولیان بینیوە و بەردەوامن لە پلانی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان.

٢- ئامادەکاری بۆ دابینکردنی کتێبی پرۆگرامەکانی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) بۆ پۆلی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی کراو بەپێی بەرنامەی وەزارەتەوە بۆ هەر بابەتێك (٢٠٠٠٠) دانە کتێب چاپکراوە و لەسەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦) دابەشکراوەتە سەر ئەو قوتابخانانەی کە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت، هەروەها ئامادەکاری ئەوەش کراوە کە بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو (٢٠١٦- ٢٠١٧) (٨٠٠٠٠) کتێب لە هەر بابەتێك چاپ دەکرێت.

٣- زانکۆی جیهان وەك دەستپێشخەرییەك کردنەوەی خولی بۆ مامۆستایان لەم پرۆسەیەدا گرتە ئەستۆ کە لە دوو خولدا (١٤١) مامۆستا لە هەولێر لەزانکۆی ناوبراو خولیان بینیوە، بە هەمان شێوە بڕیارە لە هەردوو پارێزگەی (سلێمانی و دهۆك) خول بۆ مامۆستایان بکرێتەوە.

٤- لێژنەی باڵای وەزارەت تا ئێستا (١٠) کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجامداوە بەسەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ دانانی رێنماییەکان و بەدواداچوون بۆ سەرجەم نووسراوەکانی لێژنەی باڵا بەمەبەستی یەکخستن و زیاتر رێکخستنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکە وپلانەکانی وەزارەت لەئێستا و داهاتوودا، لەوانە:

- جەختكردنەوە لەسەر خولەكانی ڕاهێنانی مامۆستایانی هەردوو بابەتی (بیركاری و زانستەكان گشتییەكان) لەقۆناغی باخچەكانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەردەوامیدان بە كردنەوەی خولەكان بەپێی پلان و ڕێكخستنیان.
- جەختكردنەوە لەسەر ئەرك و كاری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە بەدواداچوون و جێبەجێكردنی ڕێنماییەكان وسەرخستنی ئەم پرۆسەیە بە وردی.
- ڕێكخستنی ئاماری قوتابخانەكان كە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەكرێت.

- جەختكردنەوە لەسەر نووسراوی گشتاندنی وەزارەتی پەروەردە (لێژنەی باڵا) دەربارەی پێكهێنانی لێژنەی جێبەجێكاری قوتابخانەكان كە ڕۆڵ و ئەرك و كارەكانیان دیاریكراوەو هەوڵبدرێت گرنگی زیاتری پێبدرێت لەكارابوونی ڕۆڵ و ئەركەكانیان ودیراسەتكردنی ڕاپۆرت و پێشنیارو كێشەكانیان.

- جەختكردنەوە لەسەر ڕاسپاردەكانی لێژنەی باڵا، كە داواكراوە سەرژمێری و ئاماری گشتی مامۆستایانی پسپۆری بابەتەكانی (بیركاری، زانستەگشتیەكان، ئینگلیزی) ئامادە بكرێت و بنێردرێت بۆ وەزارەت بۆ دیراسەتكردن و وەك ئامادەكارییەك بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦/٢٠١٧) هەوڵبدرێت ئەم پرۆسەیە گشتگیر بكرێت

و لەسەرتاسەری هەرێم ١٠٠٪ سەدا سەد جێبەجێ بکرێت. ئامادەکارییەکان بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی پۆلی دووەم دەستپێبکات و دواتر بەم شێوەیە بازنەی یەکەم تەواو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و کار بۆ جێبەجێ کردنی بازنەی دووەم بکرێت.

- جەختکردنەوە لەسەر هەردوو نووسراوی وەزارەتی پەروەردە لێژنەی بالآ ژمارە(١٦٣٠٧) لە رێکەوتی ٢٠١٥/٩/٢٢ دەربارەی کردنەوەی بەشەکانی بیرکاری و زانستەگشتیەکان لەگشت پەیمانگەکانی راهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەیی لەپارێزگەکان.

- دابینکردنی هۆیەکانی فێرکردن و دانانی (داتاشۆ) لە هەر هۆبەیەکی ئەم پرۆسەیە تێدا جێبەجێ دەکرێت لە قوتابخانەو باخچەکانی مندالأندا.

پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت و مامۆستایانی قوتابخانەکان ئارەزوویان بۆ دروست بووە کە لەم پرۆسەیەدا کار بکەن. پلانیش وا دارێژراوە بۆ داهاتوو ژمارەی قوتابخانەکان زیاتر بکرێت و زۆرترین مامۆستاش بخرێنە نێو خولەکانەوە.

**تەوەرەی سێیەم:**

## هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پێوەندیدار

پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان پرۆژەیەکی نیشتمانییەو لەڕووی فێرکردنەوە وەزارەتی پەروەردە جێبەجێ دەکات، بەڵام لەڕووی ماددی و تەکنیکییەوە پێوەندی بە چەندین لایەنی دیکەوە هەیە، بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمیای کوردی و ئەنجومەنی پارێزگەکان و...هتد.

ئەوەی لەمیانی ماوە دەستنیشانکراوەکەی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لایەنە پێوەندیدارەکان، بەجدی هاتوونەتە نێو کارەکەو یارمەتی وەزارەتیان داوەو ئەرکە پێسپێردراوەکانیان بەئەنجام گەیاندووە، لەوانە:

**یەکەم: وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

لە کۆبوونەوەی فراوانی ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتمان (د. ئەحمەد محەمەد قەرەنی ـ ب. گ. فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان) و نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی (د. محەمەد سابیر ـ ب. گ. پلاندانان و بەدواداچوون) و سەرجەم ڕاگرانی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی ـ ئێواران). بابەتی پرۆسەی بە

ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان تاوتوێکراو، بە تایبەتی کە مامۆستایانی مۆڵەتپێدراو لە هەردوو بەشەکانی ئامازەپێکراو بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، بۆیە دەبێت بە شێوەیەك ئامادە بکرێن کە لەدوای دەرچوونیان، ڕاستەوخۆ وانەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بڵێنەوە. بۆ هەمان مەبەست نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کرا، بە ژمارەی (١٦٦٤٠لە١٠/٤/ ٢٠١٥)[١٩] لەبارەی خوێندنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لە کۆلیژەکانی پەروەردەی بنەڕەتدا، کە ئەمە دەقەکەیەتی: ((لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی بە ئینگلیزی کردنی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) لە باخچەی منداڵان و قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتدا وجێگیرکردنی بنەماکانی ئەم پرۆسەیە لەو چەند باخچەو قوتابخانانەدا، کە بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٥- ٢٠١٦) دەستنیشانکراون و وەك نموونەیەکی ئەزموونگەرایی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێم جێ بەجێ دەکرێت، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان دیراسەتی ئەم پێشنیارەی وەزارەت بکرێت، بۆ ئەو مامۆستایانەی لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران وەردەگیرێن، پرۆگرامەکانی خوێندنیان لە هەر سێ بەشی بیرکاری و زانستە گشتییەکان و باخچەی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی بێت. لەگەڵ ڕێزدا..)).

[١٩] وێنەی نووسراوەکە لە (پاشکۆی ژمارە ـ ١٨ـ)دا بڵاوکراوەتەوە.

بەسوپاسەوە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیش ئەو بۆچوونەی سەرەوە وەکو پێشنیارێك بە نووسراوی ژمارە (٢٢١٠٥ لە ٢٠١٥/١٠/٢١) [٢٠] ئاراستەی گشت زانکۆکانی هەرێم، جگە لە زانکۆ پۆلیتەکنیکەکان و زانکۆی هەولێری پزیشکی کرد، بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێت بەتایبەتی لە کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردە بنەڕەتییەکان.

**دووەم: هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆ حکومییەکان**

**زانکۆی سەلاحەددین/ ڕاگرایەتیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت**

**- کۆبوونەوەی یەکەم**

بەمەبەستی کردنەوەی خولی وانەوتنەوەی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) بۆ مامۆستایان. لەڕۆژی چوار شەممە (٢٠١٥ /٥/٢٧) کاتژمێر (١٠,٠٠-١١.٠٠)ی بەیانی، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لێژنەی باڵاو ڕاگرایەتیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سەلاحەددین ئەنجامدرا. بەپێی برگەی (٣)ی کۆنووسی ژمارە (١)ی پەسەندکراوی لێژنەی باڵای سەرپەرشتیکردنی کردنەوەی قوتابخانەکانی بە زمانی ئینگلیزی - وەزارەتی پەروەردە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوو لایەن ئەنجامدراو گفتوگۆ لەسەر چەندین لایەنی پێوەندیدار بە پرۆسەی

---

[٢٠] وێنەی نووسراوەکە لە(پاشکۆی ژمارە - ١٩-)دا بلاوکراوەتەوە.

وانەوتنەوەی هەردوو بابەت بە زمانی ئینگلیزی کرا، ئەم خاڵانەی خوارەوە تاوتوێکران و لە ئەنجامدا پێشنیاز کرا:

١- کردنەوەی خولی بەهێزکردنی مامۆستایانی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و دەستنیشانکردنی مامۆستایانی وانەبێژ ئارەزوومەندانە دەبێت و بۆ هەر بابەتێکی ئاماژەپێکراویش (٤) مامۆستا دەبن.

٢- لێژنەیەك لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێندرێت، کە نوێنەرایەتی کۆلێژ بکات بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکەو دەستنیشانکردنی مامۆستایان و چۆنیەتی دانانی بەرنامە و پرۆگرامی خولەکە، پێشنیار دەکەین هەمان لێژنەی ئامادەکاری بێت لەم کۆبوونەوەدا.

٣- لێژنەی دەستنیشانکراو لە خاڵی دووەم ڕاستەخۆ پێوەندی بە لێژنەی ب. گ. پەروەردەی هەولێرەوە دەبێت.

٤- کرێی وانەوتنەوەی مامۆستایانی وانەبێژ بەپێی وانە دەبێت یانیش بە گرێبەست کە هەردوو لایەن لەڕێگەی لێژنەیەکی پسپۆڕەوە لەسەری ڕێك دەکەون.

٥- خولەکە (٣) مانگ و بەڕێژەی ڕۆژانە (٢) وانە دەبێت و دوو تاقیکردنەوە تێدا (ناوەڕاست، کۆتایی خول) ئەنجام دەدرێن.

کۆبوونەوەی داهاتوو لەنێوان هەردوو لێژنەی کۆلێژ و لێژنەی باڵای وەزارەت لە (٧ /٦ /٢٠١٥) ئەنجام دەدرێت.

## کۆبوونەوەی دووەم

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاهێنەرو چۆنیەتی دانانی بەرنامەی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان. لەڕۆژی یەك شەممە (٢٠١٥/٦/٧) کاتژمێر (١٢.٣٠ -١٠.٠٠)ی نیوەڕۆ، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لیژنەی بالاو ڕاگرایەتیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی سەلاحەددین ئەنجامدرا. دوابەدوای پەسەندکردنی کۆنووسی ژمارە (٢)ی کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٥/ ٥/٢٧) کە لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لەنێوان هەردوو لایەن ئەنجامدرا. وا پێویست کرا کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا باس لە دەستنیشانکردنی ڕاهێنەران و چۆنیەتی دانانی بەرنامەی خول بکرێت. پاش تاوتوێکردنی بڕگەکانی پەیوەست بە هەردوو تەوەرەوە پێشنیاز کرا کە:

١- وەزارەتی پەروەردە نووسراوێکی ئاگادارکردنەوە بۆ سەرجەم ب. پەروەردەکان گشتاندووە، کە مامۆستایانی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و هەروەها مامۆستایانی باخچەی منداڵان ئاگادار بکرێنەوە بۆ بەشداربوون لە خولی هاوینەیی تایبەت بە هەردوو بابەتی سەرەوە.

٢- لیژنەی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت (٤) مامۆستای وەکو ڕاهێنەر بۆ خولی مەشقکردنی مامۆستایان دەستنیشان کردووە، کە

ئەمانەن: (د. سامی عەلی حسێن) و (د. وەلید حسێن) و (د. شاناز عەبدلحەمید) و (د. تاریق سەدیق). بەشدار بن لە لێژنەکە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دەهێندرێت، کە نوێنەرایەتی کۆلێژ بکات بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکەو مامۆستایان و چۆنیەتی دانانی بەرنامە و پرۆگرامی خولەکەو پێشنیار دەکەین هەمان لێژنەی ئامادەکاری بێت لەم کۆبوونەوەدا.

٣- مامۆستایانی دەستنیشانکراو لە خاڵی دووەم لەگەڵ نوێنەرانی لێژنەی ب. گ. پەروەردەی هەولێر بەرنامەی خولەکە بەپێی کات و بابەتەکان دادەڕێژن و بۆ لێژنەی هاوبەش بەرز دەکەنەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی.

٤- شوێنی خولەکە لە ب. مەشق ڕاهێنان - هەولێر دەبێت یان هەر شوێنێکی دیکە کە لێژنەکان لەسەری ڕێکدەکەون. ماوەکەشی (١٠) دە هەفتە بێت. ڕۆژی (٤) سەعات بێت. کرێی وانەوتنەوەی مامۆستایانی وانەبێژ بەپێی ڕێنماییەکانی ەزارەتی دارایی دەبێت.

٥- مامۆستایانی وانەبێژ لەهەردوو لایەن دەبێت.

کۆبوونەوەی داهاتوو لەنێوان هەردوو لێژنەی کۆلێژ و لێژنەی ب. گ. پەروەردەی هەولێر لەڕۆژی دووشەممە (٦/١٥ / ٢٠١٥) دەبێت.

**بەم شێوەیە هەماهەنگی بەردەوام بوو و پێوەندییەکانیش فرەوانتربوون. بەسوپاسەوە هاوکاریکردن و دەستپێشخەرییەکانی هەندێ مامۆستایانیش جێگەی ڕێز بوو.**

## سێیەم: هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆ و قوتابخانە ناحکومییەکان

١-   زانکۆی جیهان

### ئا ـ کۆبوونەوەو سەردانی مەیدانی لیژنەی باڵا بۆ زانکۆی جیهان

ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٢٠ تەواوی ئەندامانی لیژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) سەردانی (زانکۆی جیهان) یان کرد بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولی مامۆستایان لە زانکۆی ناوبراو. لەلایەن بەڕێزان (د.عماد، مامۆستا نزار، د.سەمیر خەیلانی، د.موشتاق، د.یوسرا، مامۆستا باسل میرزا) پێشوازیکران و لەکۆبوونەوەکەدا ئەم بابەتانە خرانە بەر باس و لێدوان:

١- پرسی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولەکە و کێشەی مامۆستایانی بەشداربووی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لەخولی ڕاهێنانی زانکۆی جیهان لەشاری هەولێر کە داوا کرابوو(٦٨) مامۆستایە، مامۆستایانی ڕاهێنەری خولەکە ئەوەیان دەرخست کە سەرەتا هەندێك کێشەی هاتووچۆ و تایبەتی مامۆستایان هەبوو هەروەها کەمێك دڵگران و نیگەران بوون، بەڵام زوو چارەسەرکرا و ئێستا هیچ کێشەو گرفتێکیان نییە و زۆر ئاسوودەن و زۆر بەباشی فێردەبن و خولەکە بەڕێوە دەچێت ئامادەبووانی خولەکە (٦٦) مامۆستان.

٢- زانکۆی جیهان بڕیاریان داوە لەکردنەوەی خولەکان لەدوای یەکتر بەردەوام دەبن و وەك پرۆژەیەك بەردەوامی پێدەدەن، داوایان کرد پەروەردەی هەولێر ناوەکانی بەشداربووانی مامۆستایانی هەردوو بابەت ئامادە بکەن بۆ خولەکانی داهاتوو.

٣- زانکۆی جیهان هەوڵدەدات ستافێکی تایبەت تەرخان بکات تایبەت بۆ خولەکانی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە و راپۆرتی مانگانە( ناوەڕاستی خولەکەو کۆتایی) خولەکان بۆ وەزارەت بەرز بکاتەوەو وێڕای ئەنجامدانی راپرسی( استبیان) و شیکردنەوەی راپرسیەکە بۆ سوود بینین و بەهێزکردنی خولەکان.

٤- چاپکردنی ناوەڕۆکی خولەکان و پێدانی هەر نوسخەیەك بە بەشداربووانی خولەکان و ئامادەکردنی سیدی دەنگی زاراوەکان و ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندنی ( بیرکاری و زانستە گشتیەکان) بۆ ئەوەی مامۆستایان لایان بمێنێتەوە.

٥- هەوڵدەدەن مامۆستایانی پسپۆڕی وانەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان وانە بڵێنەوە لە خولەکان وێڕای مامۆستایانی ئینگلیزی و کۆمبیوتەر لە خولەکان بۆ باشتر کردنی ئەدای کاری خولەکانی داهاتووی مامۆستایان.

٦- داوایان کرد سیدی کتێبەکانی( بیرکاری و زانستە گشتیەکانی وەزارەتی پەروەردە) بدرێتە زانکۆی جیهان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن بۆ چاپکردنی و تۆمارکردنی سیدی بەدەنگ و

فۆنەتیکەوە بۆ مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان ئامادە بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزات بکرێتەوە بۆ دابینکردنی ئەو سیدیانە بۆ زانکۆی ناوبراو.

٧- سوود لە کات و ڕۆژانی دەوامی خولەکان لە زانکۆی جیهان وەربگیرێت، ئەوانەی کە لە خولەکان دەرناچن، دووبارە ناویان بخرێتەوە خولی داهاتوو، تەنها لەکاتی ئەنجامدانی ئەزموونەکانی خولەکە دووبارە بەشداری بکەنەوە.

٨- ئەم خولە تەنها یەك هەفتەی دەوام ماوە و کۆتایی دێت، بەهۆی پشووی سەری ساڵ داوایان کرد ماوەی یەك هەفتەی دیکە خولەکە درێژ بکرێتەوە بۆ مامۆستایانی بەشداربووی خولەکە بۆ سوود بینینی زیاتر کە لەسەر داوای بەشداربووانی خولەکەبوو، لێژنەی باڵا ڕەزامەندی دا بۆ ئەو پێشنیارەی زانکۆی جیهان.

٩- تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ناوی مامۆستایانی بەشداربووی خولەکانی بۆ زانکۆی جیهان نەناردووە، بۆیە داوایان کرد کە بە زووترین کات ناوەکانیان بنێرن بۆ کردنەوەی خول لە زانکۆی جیهان لە سلێمانی.

١٠- بۆ درەنگکەوتنەوەی کردنەوەی خولی مامۆستایانی پارێزگەی دهۆك، بەهۆی گواستنەوەی بینای زانکۆی جیهان لە دهۆك ئەو کێشەیە هاتۆتە پێش و چەندین دانیشتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك ئەنجام دراوە لەلایەن کۆلێژی جیهان،

بەلام لە هەولدان بۆ هەفتەی یەکەمی سالی تازە دەست دەکرێت بە کردنەوەی خولی مامۆستایانی دهۆك لە زانکۆی ناوبراو.

١١- قوتابخانەی جیهان بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لەنێو زانکۆی جیهان کراوەتەوە لەهەولێر کە(٢٣) پۆلی خوێندنی لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی تا پۆلی(١٢) ی ئامادەیی تێدا دەوام دەکات، پێشنیاریان کرد کە بەهەمان شێوەی قوتابخانەی جیهانی بنەڕەتی دهۆك کە(١٢) پۆلی خوێندنی تێدایە، بۆ (مشاهدەی) مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەو قوتابخانانە هەماهەنگی بکرێت بۆ سوود بینین و سەردانی مەیدانی بۆ قوتابخانەکانی جیهان.

١٢- هەولدەدەن زانکۆی جیهان لە فەیسبووك مالپەرێك بکەنەوە تایبەت بۆ ئەم ئەزموونە و گۆڕینەوەی زانیاری لەگەل مامۆستایان و پیشاندانی وانەی نموونەیی ڤیدیۆیی لەو پەیجە.

١٣- داواکاریی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان کە بە نووسراویان بۆ زانکۆی جیهان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی وەزارەت بەدواداچوونی بۆ کراوە باسی لێوەکرا، کە زانکۆی ناوبراو ناتوانێت مامۆستایان بنێرێت بۆ گەرمیان ، بەلام هەولدەدات پارەی تێچووی خولەکە لە ئەستۆ بگرێت یاخود مامۆستایانی راهێنەری پەیمانگەی راهێنان و گەشەپێدانی گەرمیان خولیان بۆ بکاتەوە.

١٤- وێنەیەکی کۆنووسی ئەم کۆبوونەوەیان بۆ بنێردرێت بۆ زانین و ئاگاداربوون و بەدواداچوون.

١٥- رۆژی سێشەممەی رێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٢٢ کاتژمێر(١٢) نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەك لە زانکۆی جیهان رێك بخرێت بۆ دووبارە بەدواداچوون.

**ئەمەو دەقی کۆنووسی کۆبوونەوەکە لەلایەن جەنابی وەزیری پەروەردەوە پەسەندکراو بەنووسراوی ژمارە (٢٣٣٣٠ لە٢٠١٥/١٢/٣٠) ئاراستەی زانکۆی جیهان کرا بۆ جێبەجێکردنی برگەی (٦)ی کۆنووسەکە[٢١].**

**بەسوپاسەوە زانکۆی جیهانیش هەردوو پەرتووکی (بیرکاری و زانستە گشتیەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بە زمانی ئینگلیزی) بە دەنگ و ڕەنگ لەسەر (سی دی) و بە تیراژی (٢٥)بیست و پێنج هەزار دانە بۆ هەر یەکێکیان چاپکرد.**

---

[٢١] وێنەی نووسراوی داواکارییەکەو دەقی کۆنووسی کۆبوونەوەکە لە(پاشکۆی ژمارە ـ٢٠ـ) دا بڵاوکراونەتەوە.

## ب ـ كۆبوونەوەی لێژنەی باڵا لەگەڵ ئەكادیمیای زانكۆی جیهان

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێكەوتی ٢٠١٦/١٢/٢١ سەرۆك و بڕیاردەری لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیكردنی هەردوو بابەتی بیركاری و زانستە گشتیەكان لەقۆناغی باخچەكانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) كۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی (زانكۆی جیهان) بەڕێزان (مامۆستا نزار، مامۆستا نەوزاد) ئەنجامدرا، بەمەبەستی بەسەركردنەوەی چۆنیەتی وانەوتنەوەی ئەو مامۆستایانەی كە پێشووتر بەشداری خولی مامۆستایانیان كردبوو لە زانكۆی ناوبراو. لە كۆبوونەوەكەدا ئەم بابەتانە خرانە بەر باس و لێدوان:

١- كردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی بیركاری و زانستەكان لە هەردوو قۆناغی( یەكەم/ دووەم) ی بنەڕەتی لەهەردوو بابەتی (بیركاری و زانستە گشتیەكان) لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٦/٢٠١٧)، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەكاری بكرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەكانەوە بۆ ناردنی ناو و لیستی مامۆستایانیان بۆ زانكۆی ناوبراو بۆ دەستپێكردنەوەی خولەكان.

٢- ئامادەكردنی پرۆگرامەكانی خوێندنی پۆلی دووەمی بنەڕەتی و پێدانی سیدی و كتێبەكان بە زانكۆی جیهان بۆ ئامادەكاری كردنەوەی خول بەپێی پرۆگرامەكانی خوێندن بۆ مامۆستایان.

٣- ئامادەكاری بۆ چاپكردنی سیدیەكانی پرۆگرامەكانی خوێندنی قۆناغی دووەمی بنەڕەتی (دەنگ و ڕەنگ) هاوشێوەی سیدی

قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی داهاتووی خوێندنی (٢٠١٧/٢٠١٨).

٤- کردنەوەی خولی تایبەت بەجیا و سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە پرۆسەکەدا لەزانکۆی جیهان.

٥- ئاماژەکردن بە کێشەی خولەکانی زانکۆی ئیشق کە بەپێی پسپۆرییەکانی هەردوو بابەتی خوێندنی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) بەڕێوە نەچووە و تەنها بەشێوەیەکی گشتی لەسەر شێوازەکانی وانەوتنەوە بووە، زانکۆی جیهان لەم ڕووەوە هیچ کێشەیەکی نەبووە، جێگەی دەستخۆشییە زانکۆی جیهان خولەکانی مامۆستایانیان بەپێی پسپۆری و ناوەڕۆك و بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی هەردوو بابەت بووە.

٦- ئامادەکاری بکرێت بۆ دانانی کتێبی چالاکیەکان بۆ مامۆستایان کە شێوازی وانەوتنەوەی بابەتەکانی تێدا روونکرابێتەوە، وێنەیەکی بدرێتە زانکۆی جیهان.

٧- ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی لەلایەن زانکۆی جیهان بۆ قوتابخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی پەروەردە بەڕێز (وشیار حەمەد حاجی) بۆ دڵنیابوون و بەدواداچوونی شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایان و هەڵسەنگاندنی ئەوەی تاچەند مامۆستایان سوودیان لە خولەکانیان بینیوە و بۆ ئەم مەبەستەش سەرنج و تێبینیەکانیان کۆ بکرێنەوە بۆ سوود وەرگرتن لێیانەوە بۆ خولەکانی داهاتووی زانکۆی جیهان و

ئەنجامەکانیان بە وەزارەت بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە بەرواری (٢٠١٦/١٢/٢٦) بەدواوە چەند قوتابخانەیەك لەنێو شاری هەولێر دەستنیشان بکرێت بۆ بەسەرکردنەوەیان و هەماهەنگی بکرێت لەم رووەوە.

٨- بۆ دابینکردنی (پیدی ئێفی) سیدی پرۆگرامەکانی خوێندنی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتیەکانی)ی پۆلی دووەمی بنەڕەتی بۆ ئەم مەبەستە داوا بکرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزاتی دیوانی وەزارەت بەدابینکردنی ئەم داواکارییە بۆ زانکۆی جیهان، بۆئەوەی بتوانن بەرنامەی کارەکانیان رێك بخەن بۆ کردنەوەی خول و بەچاپ گەیاندنیان لەسەر سیدی بەدەنگ و رەنگ.

٩- بەمەبەستی رێکخستنەوەی کاروبارەکانی ئەم پرۆسەیە لەسەرەتای ساڵی نویێ (٢٠١٧) لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدات بۆ پێداچوونەوە بە پرۆسەکە و دەستپێکردنەوەی خولەکان.

ئەمەو دەقی کۆنووسی کۆبوونەوەکە لەلایەن جەنابی وەزیری پەروەردەوە پەسەندکراو بەنووسراوێکی فەرمی دەقی کۆنووسەکە ئاراستەی زانکۆی جیهان کرا بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی (٨)ی کۆنووسەکە.

## پ ـ کردنەوەی خولی ڕاهێنان

لەنێوان هەردوو ساڵی خوێندنی ٢٠١٥/ ٢٠١٦ و ٢٠١٦/٢٠١٧ زانکۆی جیهان چوار خولی ڕاهێنانی بۆ (٣٠٢) مامۆستا کردەوە، کە (١٩٤) مامۆستای بیرکاری و (١١٢) مامۆستای زانستە گشتییەکانی بوون. بەرنامەی خولەکانیش[٢٢] بۆ هەر بابەتێك (٥) هەفتە بوو. لە هەر هەفتەیەکیش (٥) ڕۆژ بوو. لەهەر ڕۆژێکیشدا (٤) وانە لە بارەی ڕێگەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکەو کارامەیەکانی کۆمپیۆتەرەوە پێشکەش دەکران. ماوەی خولەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| خول | ماوە | بیرکاری | زانست | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١١/٣٠ ـ ٢٠١٥/١/٧[٢٣] | ٣٥ | ٣١ | ٦٦ |
| ٢ | ٢/١ ـ ٢٠١٦/٣/٦[٢٤] | ٥٠ | ٢٥ | ٧٥ |
| ٣ | ٤/٢ ـ ٢٠١٦/٥/١٢[٢٥] | ٣٠ | ٢٢ | ٥٢ |
| ٤ | ٧/١٧ ـ ٢٠١٦/٨/١٦[٢٦] | ٧٩ | ٣٠ | ١٠٩ |
| کۆ | | ١٩٤ | ١٠٨ | ٣٠٢ |

[٢٢] وێنەی لیستی وانەکانی هەفتە لە(پاشکۆی ژمارە ـ ٢١ـ)دا بلاوکراوەتەوە.
[٢٣] وێنەی دەقی نووسراوەکە بۆ خولی یەکەم لە پاشکۆی ژماری (٢٢) دا بلاوکراوەتەوە.
[٢٤] وێنەی دەقی نووسراوەکە بۆ خولی دووەم لە پاشکۆی ژمارە (٢٣) دا بلاوکراوەتەوە.
[٢٥] وێنەی دەقی نووسراوەکە بۆ خولی سێیەم لە پاشکۆی ژمارە (٢٤) دا بلاوکراوەتەوە.
[٢٦] وێنەی دەقی نووسراوەکە بۆ خولی چوارەم لە پاشکۆی ژمارە (٢٥) دا بلاوکراوەتەوە.

**٢-  زانكۆی ئیشق ـ هەولێر**

بەپێی نووسراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (١٥٢٩ لە ٢٠١٦/٢/١)، زانكۆی ئیشق/ هەولێر، لەنێوان هەردوو ساڵی خوێندنی ٢٠١٥/ ٢٠١٦ و ٢٠١٧/٢٠١٦ دوو خولی ڕاهێنانی بۆ (٨٥) مامۆستای باخچەی ساوایان و (٧٥) مامۆستای بیرکاری و زانستە گشتییەکانی قۆناغی بنەڕەتی کردەوە.

| خول | ماوە | بیرکاری | زانست | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٦/٢٥ ـ ٢٠١٦/٧/٢٥ | ٤٠ | ٤٥ | ٨٥ |
| ٢ | ٨/١ ـ ٢٠١٦/٩/١ | ٣٢ | ٣٣ | ٧٥ |
| کۆ | | ٧٢ | ٧٨ | ١٦٠ |

هەر بۆ هەمان مەبەست داوا لەسەرجەم لێژنەکانی پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان کرا کە بەردەوام و بەپێی پێویست و بەپشتبەستن بە نووسراوی سەرەوە[٢٧]، لیستی ناوی مامۆستایانی بەشداربوو بۆ خولەکانی زانکۆی ناوبراو ئامادە بکەن و بۆیان بنێرن.

[٢٧] وێنەی دەقی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە (٢٦) دا بڵاوکراوەتەوە.

## ٣- زانكۆی نۆڵج

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١١ کاتژمێر(١٠) ی سەرلەبەیانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لەگەڵ بەڕێز د. هیمداد عبدالقهار محمد سەرۆکی زانکۆی نۆڵج کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، بە ئامادەبوونی ئەم بەڕێزانە: د.ئەحمەد قەرەنی/ بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و سەرۆکی لێژنەی باڵا، هەردوو ئەندامانی لێژنەی باڵا ئەحمەد سمایل ڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی وپیشەیی، ئیبراهیم بایز ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن، وشیار حەمەد حاجی بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی و بڕیاردەری لێژنەی باڵا.

**تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بریتیبوون لە:**

مەبەستی کۆبوونەوەکە لەوەدا سەرچاوەی گرتبوو دوابەدوای سەردان و کۆبوونەوەی بەڕێز د. هیمداد عەبدولقەهار محەمەد سەرۆکی زانکۆی نۆڵج لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە کە باس لە هەماهەنگی و هاوکاری نێوان وەزارەتی پەروەردەو زانکۆی نۆڵج کرابوو کە بتوانرێت لە ئێستا و داهاتوودا پلان و کارنامەیەکی هاوبەش ئامادە بکرێت و تەوەرەکانی تێدا دەستنیشان بکرێت.

**یەکەم:** زانکۆی نۆلّج ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی پسپۆڕی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لە پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتەکە لە وەزارەتی پەروەردە بەتایبەت، هەروەها کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و فەرمانبەران و کادیرانی وەزارەتی پەروەردە لە بوارە جیاجیاکاندا لەکاتی دەوام و پشووی هاوین و چۆنیەتی هەماهەنگیکردن لەم بوارەدا.

**دووەم:** پێشنیارکرا بە کردنەوەی بەشەکانی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) بە زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژەکانی سەر بە زانکۆی نۆلّج بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی پسپۆڕی هەردوو بابەتەکە کە لەداهاتوودا خزمەت بە پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی وەزارەت دەکات.

**سێیەم:** وەزارەتی پەروەردە بۆ پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان هەندێك مەرج و بنەما دابڕێژێتەوە کە خزمەت بە پرۆسەی بە ئینگلیزیکردن بکات وەك هاندانێك بۆ ئەو کەسانەی کە بە نیازن دابمەزرێن بە مامۆستا و پێزانینیان هەبێت کە ئەولەویەتی دامەزراندن بۆ ئەو کەسانەیە کە دەرچووی ئەم بەشانەن کە لە خالّی دووەمدا ئاماژەمان پێکردووە.

**چوارەم:** ئامادەکاری و دیراسەتی ئەوە بکرێت بۆ ئەو بڕیارەی کە ئەمسالّ دراوە کە ڕێگە بە فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە دراوە بۆ وەرگرتنیان لە کۆلێژەکان بۆ هەموو پسپۆڕییەکان و بەتایبەت بۆ ئەو پسپۆڕییانەی کە وەزارەتی پەروەردە سوویان لێوەردەگرێت.

**پێنجەم:** دانانی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەو گشتگیر بۆ مەشق و راهێنانی مامۆستایان و کادیرانی پەروەردەیی، دیراسەتی هەموو ئەو بەرنامانەش بکرێت کە پێشووتر لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆو زانکۆکانەوە بۆ مەشق و راهێنانی مامۆستایان پیادەکراون و هەندێکیان ئەزموونکراون و سوودیان هەبووە، هەوڵبدرێت ئەم پلان و بەرنامانە یەکبخرێن بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی بەسوود وکاریگەر بۆ بەرنامەکانی کردنەوەی خولی مامۆستایان ئامادەبکرێت. ئەم هەماهەنگییە لەنێوان زانکۆی نۆلّج و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشق وراهێنان تاوتویێ بکرێت.

**شەشەم:** سەرۆکی زانکۆی نۆلّج ئاماژەی بە چەندین خاڵی گرنگدا بۆ کارکردن و هەماهەنگی، لەوانە:

١- بەپێویستیان زانیوە پرس و ڕا بە وەزارەتی پەروەردە بکەن بۆ کردنەوەی بەش و کۆلێژەکان لە زانکۆی ناوبراو ئەوانەی کە وەزارەتی پەروەردە بە ئەولەویەت و گرنگی دەزانێت.
٢- فۆرمێکی تایبەت ئامادەکراوە لەلایەن زانکۆی ناوبراو بۆ قوتابخانەکانی ئەهلی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بۆ دیراسەتکردنی کێشەو کەموکوڕییەکانی ئەم جۆرە قوتابخانانە لە مامۆستایان و کادیر و پسپۆڕییەکانیان.
٣- هەوڵدەدەن شتێکی تایبەت بۆ وەزارەتی پەروەردە بکەن لە دابەزاندنی کرێی خوێندنی قوتابیان و هەماهەنگیان لەم بارەیەوە.

٤- بەرنامەو پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆی نۆلێج بە زمانی ئینگلیزی ئامادەکراوە.
٥- بەرنامەو مەرج و پێوەرەکانی وەرگرتن و تەمەن و رێنماییەکانی زانکۆی ناوبراو بە وردی دیراسەتکراوە.
٦- هەوڵدەدەن لەگەڵ کۆمەڵێك دەزگە و دامەزراوە و رێکخراو هەماهەنگی بکەن و سوود لە شارەزایی یەکتر وەربگرن بۆ بەڕێوەبردن و کردنەوەی خولەکانی مامۆستایان.

**حەوتەم:** وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێك موفرەدات و پێوەری ستانداردی پەسەندکراوی لایە بۆ بەرنامەکانی خولی راهێنان و پەیڕەوکردنیان، بۆیە پێویستە کۆبوونەوەیەك لەنێوان زانکۆی نۆلێج و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشق وراهێنان ئەنجامبدرێت بۆ یەکخستنی پێوەر و فۆرم و خاڵە هاوبەشەکانیان لەم بوارەدا.

**هەشتەم:** بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی پەروەردە داواکاری و کۆنووسەکانی کۆبوونەوەکان ئاراستەی زانکۆی نۆلێج بکرێت بۆ بەردەوامبوونی هەماهەنگی و بەئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان.

**نۆیەم:** لێژنەی باڵای پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان بەردەوام بێت لەو هەماهەنگییەو دانیشتن و کۆبوونەوەی دیکە ئەنجام بدات ئەگەر پێویستی کرد بۆ رێکخستنی کارنامەی کاری هەردوولا.

دەقی کۆنووسەکە پەسەندکراو بە نووسراوی ژمارە (٧١٣٩ لە ٢٠١٧/٥/٢١) [٢٨] ئاراستەی کۆلێژی ناوبراو کرا، بۆ ئەوەی هەماهەنگی بەردەوام بێت.

**٤- قوتابخانەی جیهانی بنەڕەتی لە پارێزگەی دهۆك**

ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/١٤ لە ئۆفیسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان کۆبوونەوەیەکی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەگەڵ قوتابخانەی جیهانی بنەڕەتی لە پارێزگەی دهۆك ئەنجامدرا، کە تیایدا ئەم بەڕێزانە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون:( د.ئەحمەد محەمەد قەرەنی ب. گ. ف. بنەڕەتی و سەرۆکی لێژنەی باڵا، وشیار حەمەد حاجی ب. ف. نائاسایی و بڕیاردەری لێژنەی باڵا، ئیڤان چاچان/ بەڕێوەبەری قوتابخانەی جیهانی - دهۆك، حسێن حاجی ئەحمەد (ماریونسی) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قوتابخانەی جیهان. لە کۆبوونەوەکەدا، ئەم خاڵانەی خوارەوە گفتوگۆیان لەبارەیەوە کرا:

**یەکەم:** قوتابخانەی جیهانی بنەڕەتی لە پارێزگەی دهۆك دەستپێشخەری ئەوەیان کرد مامۆستایانی پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی

[٢٨] وێنەی نووسراوە کە لە(پاشکۆی ژمارە ـ(٢٧) دا بڵاوکراوەتەوە.

بنەڕەتی ئەوانەی کە خولیان بینیوە بۆ سوود بینین ودیتنی وانەی نموونەیی و زیاتر شارەزابوون لە شێوازەکانی وانەوتنەوەو فۆنەتیکی زاراوەکانی هەردوو بابەتەکانی خوێندن، قوتابخانەی ناوبراو ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە مامۆستایان دەتوانن رۆژانە بچنە ئەو قوتابخانەیە بۆ بینینی وانەکانی ئەو قوتابخانەیە کەپێکهاتووە لە (١٢) پۆلی خوێندن، بۆ هەر پۆلێکی خوێندن(٢) مامۆستا دەتوانن رۆژانە بچنە موشاهەدە، واتا(٢٤) مامۆستا لەرۆژێکدا.

**دووەم:** مامۆستایان دوای تەواوکردنی خولەکان بچنە بینینی پۆلەکانی خوێندنی قوتابخانەی ناوبراو، لێژنەی جێبەجێکار و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پلان و خشتەی سەردانەکان رێك بخەن، بۆئەوەی بتوانرێت زۆرترین ژمارەی مامۆستایان سوود لەو ئەزموون و شارەزاییانەی قوتابخانەکە وەربگرن.

**سێیەم:** دوای نووسینی ئەم یاداشتە و وەرگرتنی رەزامەندی بەرێز وەزیری پەروەردە بەنووسراوێك ناوەڕۆکی ئەم یاداشتە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك بنێردرێت بۆ سوود بین و کارپێکردنی، لەبەر ئەوەی بەدواداچوون و بەردەوامیدان و بەهێزکردنی تواناکانی مامۆستایان و زانیاری وەرگرتن و شارەزایی وانەوتنەوە دەروازەیەکە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە لە قوتابخانەکان.

**چوارەم:** ئاراستەکردنی سوپاسنامەیەك بۆ قوتابخانەی ناوبراو بەرامبەر ئەو دەستپێشخەری وکارە پیرۆزەیان.

## چوارەم: لیژنەی پەروەردەی ئە نجومەنی پاریزگەکان

رۆژی چوارشەممەی ریکەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٨ حەفتەم کۆبوونەوەی لیژنەی بالا (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان لەقۆناغی باخچەکانی مندالأن و قۆناغی بنەڕەتی) لەدیوانی وەزارەت (نووسینگەی وەزیر) بەپیی نووسراوی وەزارەتی پەروەردە نووسینگەی وەزیر ژمارە(٥٧٠) لە ٢٠١٥/٨/١٩، بەئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی بالا جگە لەبەڕیز یوسف عثمان یوسف ب. گ. پلانی پەروەردەیی و نوینەرانی ئەنجومەنی پاریزگەکانی (هەولیر، دهۆك، سلیمانی) ئەنجامدرا. ئەم تەوەرو بابەتانەی خوارەوە تاوتویکران:

ئامادەبووانی کۆیوونەوەکە:

| | |
|---|---|
| ١- د.ئەحمەد محەمەد قەرەنی | ڕاویژکار/ سەرۆکی لیژنەی بالا |
| ٢- ئەحمەد سمایل ڕەحمان | ب.گ.ئامادەیی/ ئەندامی لیژنەی بالا |
| ٣- وشیار حەمەد حاجی | ب.ف.نائاسایی/ بڕیاردەری لیژنەی بالا |
| ٤- هیوا جەوهەر قەهار | سەرۆکی لیژنەی پەروەردە/ ئەنجومەنی پاریزگەی هەولیر |
| ٥- نیاز ئەحمەد حەمەلاو | سەرۆکی لیژنەی پەروەردە/ ئەنجومەنی پاریزگەی سلیمانی |

٦- شیمال عادل میرۆ ئەندامی لێژنەی پەروەردە/ ئەنجومەنی پارێزگەی دهۆك

٧- ئالان ئەسکەندەر قادر ئەندامی لێژنەی پەروەردە/ ئەنجومەنی پارێزگەی هەولێر

٨- نەورۆز عبدوڵڵا حەوێزی ب.باخچەکانی ساوایان/ و. پەروەردە

**تەوەری یەکەم:** لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵای وەزارەتەوە پوختەیەکی پرۆسەکە وهەنگاوەکانی جێبەجێکردنی خرانەڕوو، بەمەبەستی هەماهەنگی و یەکخستن و زیاتر ڕێکخستنی هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە وەکو ئەزموونێك و پلانەکانی وەزارەت لەئێستا و داهاتوودا، ئاماژەی بە کۆمەڵە بابەتێکی گرنگ دا، لەوانە:

١- پرۆگرامەکانی خوێندن یەکێکە لە کێشەکان بەتایبەت هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان کە دەبێت شتێك بێت بیٚ کەموکوڕی زانستیانە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و وەزارەت بگاتە ئەو رایەی چارەسەری ریشەیی هەبێت.
٢- دەرچووانی پۆلی(١٢) بەتایبەت لەرووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و چوونیان بۆخوێندن لەکۆلێژەکان زۆر کێشەی تێدایە لەرووی لاوازی لەزمانی ئینگلیزی کە سەرجەم سەرچاوەو پرۆگرامەکانی خوێندن بەزمانی ئینگلیزین و زمانی زانست لەجیهاندا زمانی ئینگلیزیە.

٣- ناردنی منداڵان لەلایەن خێزانەکانەوە بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان کە مەبەستی سەرەکییان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیە، وەزارەت دەبێت جۆرایەتی خوێندن و فێربوون لە قوتابخانە حکومیەکان بەرز بکاتەوە.
٤- ئەم ئەزموونە و هەوڵانەی وەزارەتی پەروەردە بۆ بە زانستکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بەزمانی ئینگلیزی کرانەوەیەکە بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و بواری پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابیان و مامۆستایان.
٥- ئاماژەکردن بەخولەکانی راهێنانی مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان لە قۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و راهێنانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەردەوامیدان بەکردنەوەی خولەکان بەپێی پلان و سەرەتا جێبەجێکردنی پلانەکانی بازنەی یەکەم.
٦- ئاماژەکردن بە ئاماری قوتابخانەکان لەم پرۆسەیەدا لە(١٨٦) قوتابخانە جێبەجێ دەکرێت وەکو ئەزموونێك لە باخچەکانی منداڵان و پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە (٣٥) سلێمانی، (٥٣) هەولێر، (٤٤) دهۆك، (٥٤) گەرمیان دەستیپێکردووە.
٧- ئاماژەدان بەدابینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن (هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) و لەچاپدانیان، کە بۆ ئەم مەبەستە(٢٠٠٠٠ بیست هەزار دانە) لەهەر بابەتێکی خوێندن چاپکراوە، چاپی یەکەم (١٠٠٠٠ دە

هەزار) و چاپی دووەم (١٠٠٠٠ دە هەزار) دانە، بۆ (١٦٤٥٠) قوتابی.

٨- ئاماژەدان بە نووسراوەکانی وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی بالا دەربارەی پێکهێنانی لیژنەی پارێزگەکان و لیژنەی پەروەردەی قەزاکان و لیژنەی قوتابخانەکان.

٩- ئاماژەدان بەهەماهەنگی ونووسراوەکانی وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی بالا بۆ وەزارەتی خوێندنی بالا وتوێژینەوەی زانستی و کردنەوەی بەشەکانی بیرکاری و زانستەکان لەگشت پەیمانگەکانی گەشەپێدان و ڕاهێنانی پەروەردەیی لەپارێزگەکان، هەروەها ئامادەکارییەکان بۆسالی خوێندنی ٢٠١٧/٢٠١٦ هەولبدرێت قۆناغی پۆلی یەکەم لەم پرۆسەیە گشتگیر بکرێت ولەسەرتاسەری هەرێم لە ١٠٠٪ سەداسەد جێبەجێ بکرێت. ئامادەکارییەکان بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی پۆلی دووەم دەستپێبکات و دواتر بەم شێوەیە بازنەی یەکەم تەواو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

١٠- مەبەستی کۆبوونەوەکە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگەکانی هەرێم ڕوونکرایەوە بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆسەکە بن و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بکەن کە بەهەمان شێوەش لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان و لایەنەکانیتر کۆبوونەوەی هاوشێوە ئەنجام دەدرێت.

**تەوەری دووەم:** سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکان ئەم پرسیار و پێشنیار و تێبینیانەیان خستەڕوو:

١- گرنگیدانی زیاتر بەزمانی کوردی لەباخچەکان لەپاڵ ئەو گرنگیدانە بە زمانی ئینگلیزی بۆئەوەی هەستی ترسان نەبێت لەلای منداڵان دروست نەکات.

٢- زیاترکردنی قوتابخانەی درێژخایەن و یەك دەوامی بۆ دوور کەوتنەوەی منداڵان لەچوونە قوتابخانە ئەهلیەکان و بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن لەقوتابخانە حکومیەکان و لەبەرچاوگرتنی مافەکانی منداڵ ودادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٣- نەهێشتنی کۆمەڵگەو قوتابخانە نموونەیی و تایبەتەکان کە خەڵك زۆر ڕوویان تێدەکەن بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی لەهەموو ڕووێکەوە.

٤- داواکرا وەزارەتی پەروەردە لەکاتی گشتاندنی نووسراوەکان وێنەیەکی بدرێتە ئەنجومەنی پارێزگەکان بۆ زانین و ئاگاداربوون و بەدواداچوون.

٥- هەوڵبدرێت بینای قوتابخانەکان زیاتر دروست بکرێت بەتایبەت بەخۆبەخشی بۆ هاوکاری وەزارەتی پەروەردە.

٦- کۆڕو کۆبوونەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی ئەم ئەزموون و پرۆسەیە.

## پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت

### ١- ب. گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٣٠ لە ئۆفیسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان کۆبوونەوەیەکی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەگەڵ مامۆستا کاوە حەمەد بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان بە وەکالەت ئەنجامدرا، کە تیایدا ئەم خاڵانەی خوارەوە گفتوگۆیان لەبارەیەوە کرا:

**یەکەم:** پەسەندکردنی زیادکردنی ناوی هەر سێ بەڕێوەبەری پەیمانگەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی بۆ ئەندامێتی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) بەپێی یاداشتی هاوپێچ، لەهەر سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکانی(سلێمانی، دهۆک، گەرمیان).

**دووەم:** ڕێگەکانی دانانی پرۆگرامی خولەکان بۆ مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان، کە وەکو دیارە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان ڕۆڵیان نیە تیایدا.

**سێیەم:** ئاگاداربوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان لەچاپکردنی کتێبەکانی خوێندن بەتایبەت کتێبەکانی زمانی ئینگلیزی کە

لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزات لێژنەکانیان دەستنیشان دەکرێت.

**چوارەم:** نووسراوێك ئاراستەی زانکۆی جیهان ـ هەولێر بکرێت و سیدی پرۆگرامەکانی خوێندنی هەردوو بابەتی ( بیرکاری و زانستە گشتیەکان) ی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بە زمانی ئینگلیزی کە لەبڕگەی (٦) دا ئاماژەپێکراوە لەراپۆرتی کۆبوونەوەکان و سەردانی مەیدانی لێژنەی بالآی (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەباخچەکانی مندالآن و قۆناغی بنەڕەتی) کە لە ڕێکەوتی٢٠/١٢/ ٢٠١٥ ئەنجامدرا بۆیان بنێردرێت، سیدی پرۆگرامەکان لە ب. تەجهیزات ئامادە بکرێت، بۆئەوەی زانکۆی جیهان کاری پێویستی لەسەر بکەن بۆ تۆمارکردنی بەدەنگ و فۆنەتیکەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان.

**٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن**

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ کاتژمێر(١٠) ی سەرلەبەیانی لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن لێژنەی بالآی (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لەگەڵ ب. مەشق و ڕاهێنانی پارێزگەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، بە ئامادەبوونی ئەم بەڕێزانە:

١- د. ئەحمەد قەرەنی راوێژکار ـ سەرۆکی لێژنەی بالآ

| | |
|---|---|
| ٢– ئەحمەد سمایل رەحمان | ب.گ.ف. ئامادەیی و پیشەیی<br>ئەندامی لێژنەی باڵا |
| ٣– ئیبراهیم بایز | ب.گ.پەیمانگەکان و مەشقکردن |
| ٤ـ وشیار حەمەد حاجی | بڕیاردەری لێژنەی باڵا |
| ٥ـ عەبدوڵڵا حەمەدئەمین حسێن | ب. پەیمانگەکان/دیوانی وەزارەت |
| ٦ـ بایز عەبدوڵڵا مەحمود | ب.مەشق و راهێنان/ هەولێر |
| ٧ـ شیرین سالم عەبدلحافز | ب.مەشق و راهێنان/ دهۆك |
| ٨ـ سەربەست کەریم محەمەد | ب.مەشق و راهێنان/سلێمانی |
| ٩ـ فوئاد عەلی جەمشیر | ب.مەشق و راهێنان/ گەرمیان |

## تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بریتیبوون لە:

### یەکەم: دەستپێکردن

پێشکەشکردنی پێشەکیەك لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵا لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەو گرنگی ناوەڕۆکی پرۆژەکەو پەیامە گرنگەکانی و شرۆڤەکردنی ئەداو ئەرك و کاری لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە پرۆسەکە، هەروەها تیشکی خستەسەر:

ئا.یەکخستنی هەوڵەکان بۆ بەسەرانسەریکردنی پرۆسەکە و گشتگیرکردنی و داڕشتنی پلانەکان بەم ئاراستەیە.

ب. مامۆستایانی پسپۆڕی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) گرنگترین تەوەری بەرەوپێشبردنی پرۆسەکەن بەتایبەت لەرووی ئامادەکردن و راهێنانیان و ئەدایان بۆ گەیاندنی پەیامی پرۆژەکە .

پ. دانانی پلانێکی گشتگیر و سەرانسەری بۆ ئامادەکردن و راهێنانی مامۆستایانی پرۆسەکە بەتایبەت بۆ بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی.

ج. ئامادەکردنی راپۆرتی وەرزی و ساڵانەی سنووری چالاکیەکانی پەروەردەکان، هەروەها ئامادەکردنی راپۆرتی هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە وەکو سەرچاوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و تەکنیکی بۆ داڕشتنی پلانەکانی هەنگاوەکانی داهاتووی پرۆسەکە.

**دووەم : داڕشتنەوەی پلانی کارو کردنەوەی بەشی تایبەت**

١- داڕشتنەوەی پلانی کاری ب. مەشق و راهێنانی پارێزگەکان و کردنەوەی بەشی تایبەت بە پرۆسەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و راهێنان بەناوی (بەشی بەئینگلیزیکردنی بیرکاری و زانستە گشتیەکان) و دەستنیشانکردنی بەرپرس و فەرمانبەرێك بۆ بەشەکە، بەهەمان شێوە کردنەوەی (هۆبەی بەئینگلیزیکردنی بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لەیەکەکانی مەشق و راهێنانی ب.پەروەردەی قەزاکان، لە ئەگەری نەبوونی یەکەی مەشق و راهێنان لە ب.پەروەردەی قەزاکان

هۆبەیەك لە بەشی پلاندانان دەکرێتەوە بۆ کارڕاییکردنی کاروباری پرۆسەکە و ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن فەرمانێکی وەزاری دەربکات بۆ کردنەوەی ئەم بەش و هۆبانەی لە ب.مەشق و راهێنان و یەکەکانی پەروەردەی قەزاکان، بۆئەوەی ب.گ.پ. پارێزگەکان بتوانن فەرمانی کارگێڕی لەسەر ئەو فەرمانە دەربکەن.

٣- چوار(٤) مامۆستا بەشێوەی کاتی وەکو راهێنەر دەستنیشان بکرێن (٢) بۆ بیرکاری و(٢) بۆ زانستە گشتیەکان بخرێنە سەر میلاکی ب. مەشق و راهێنان، ئەگەر پێویستیشی کرد بەپێی شوێن و ژمارەی بەشداربووانی خولەکان دەکرێت لەو ژمارەیە زیاتر تەنسیب بکرێن بۆ کاری راهێنەرایەتی خولەکان.

٤- بەڕێوەبەری ب. مەشق و راهێنانی پارێزگەکان دەبنە بڕیاردەری لێژنەی جێبەجێکاری ب.گ.پ. پارێزگەکان، بۆ:

ئا ـ ئەرشیف و نووسراوەکان و کارە پەیوەستەکانی پرۆسەکە لایان دەبێت و ئەرکە کۆبوونەوەکان و بەدواداچوون و راپۆرت و هەڵسەنگاندنەکان و پەیوەندییەکانیان راستەوخۆ لەگەڵ لێژنەکانی ب.پ. قەزاکان و بڕیاردەری لێژنەی باڵای وەزارەتەوە دەبێت.

ب ـ سەرپەرشتیکردنی کارو ئەرکەکانی(بەشی بەئینگلیزیکردنی بیرکاری و زانستە گشتیەکان) و بەدواداچوونی بەردەوامیش بۆ کارەکانیان دەکات.

**سێیەم: داڕشتنی پلانەکانی پرۆسەکە لە هەر پەروەردەیەك، بەمشێوەیە:**

ئا.ئامادەکردنی پلانی مانگانە و وەرزی و ساڵانەی هەر پەروەردەیەك و دواتر یەکخستنیان و بەرزکردنەوەیان بۆ لێژنەی باڵا.

ب.ئامادەکردنی ئاماری تەواوی مامۆستایانی پسپۆڕی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان بەپێی هەر پەروەردەیەك.

پ.داڕشتنی پلانی هەر خولێك و دانانی شوێن و ماوەو کات و ئامادەکردنی لیستی ناوی مامۆستایان بۆ خولەکان.

ج. داڕشتنی پلانەکان بەپێی وەرزەکانی خوێندن و لەپشووی هاوین دەبێت بەبێ دابڕان بەردەوام دەبن.

چ. شێوازی کردنەوەی خولەکان دوو جۆر دەبن، یەکەمیان خولی بنەڕەتیە کە هەموو مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان دەگرێتەوە، ماوەکەشی لە(٤) هەفتە کەمتر نەبێت. دووەمیشیان خولی بەهێزکردنی مامۆستایانی هەردوو بابەتی پرۆسەکەیە کە لەپێنج رۆژ کەمتر نەبێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

- مامۆستایانی دەرنەچوو لە خولەکانی بنەڕەتیدا.

- ئەو مامۆستایانەی کە لەو خولانەی بنەڕەتدا بەشداربوونە کە بەپۆلێك تایبەت بووینەو دواتر واپێویست دەکات کەلەپۆلێکی سەرەوەتر وانەبلێینەوە.

-ئەو مامۆستایانەی کە لە هەڵسەنگاندنی سالآنەدا دەرناچن و پێویستیان بەخولی بەهێزکردنیان هەیە.

**چوارەم :داتا و زانیاری و ئامار**

**لەکاتی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و ئاماری مامۆستایان لە پرۆسەکەدا:**

ئا. ئاماری مامۆستایانی هەر پسپۆڕییەك بەجیا لەهەر پەروەردەیەك کۆ بکرێتەوە، دواتر یەکبخرێت، بۆ ئەوەی هەر پەروەردەیەك وردەکارییەکانی ئامارەکانی روون و ئاشکرا بێت و خاڵە لاواز بەهێزەکانی پلانەکان بەهێزتر دەکەن، هەروەها ئاماژە بە مامۆستایانی وانەبێژیش بدرێت بەجیا لەبەر ئەوەی هەر مامۆستایەکی وانەبێژ، ئەگەر مەرجەکانی مامۆستایەتی تێدابێت و لە هەڵسەنگاندنی سالآنەدا دەربچێت و بەردەوام بێت لە کارەکەیدا ئەوا ئەگەر هەلی دامەزراندنی مامۆستایان هاتەپێش ئەولەویەت دەدرێتە ئەو مامۆستایانە بۆ دامەزراندن.

ب.ئامادەکردنی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنانی هەر ب. گ.

پ. پارێزگەیەك دەبێت دەرەنجامی کۆکراوەی راپۆرتەکانی سەرجەم ب. پەروەردەی قەزاکان کە دەرەنجام هەمووی یەکدەخرێت و دواتر بۆ

لێژنەی باڵا بنێردرێت یاخود لەکاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لێژنەی باڵا ئامادەبن بۆ تاوتوێکردنیان و هەڵگرتنیان وەکو سەرچاوەیەکی پەروەردەیی.

پ. کارکردنی بەجیدی بۆ سەرخستنی پرۆسەکە ئەولەویەتی کارەکانە لەلایەن ب. مەشق و راهێنان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان و تا دەگاتە خودی دایکان و باوکانی قوتابیان و زیاتر هۆشیارکردنەوەو گرنگیدان بە پرۆسەکە بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان و نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی پرۆسەکە.

ج. ئامادەکردنی فۆرمێکی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و پرۆسەکە لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەدا و لەلایەن ب.گ. پەیمانگەکان و مەشقکردن ئەم فۆرمانە ئامادە بکرێت و یەکبخرێت بەتایبەت بۆ خول و راهێنانەکان و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە.

**پێنجەم: ڕاو تێبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و راهێنانی پارێزگەکان**

١- بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و راهێنانی/ سلێمانی: راو تێبینییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕی:

ئا - جەختیان لەوە کردەوە کە دەرخستەکانی دارایی کردنەوەی خولەکان و پارەی تەرخانکراوی فرۆشگەکان بۆ خولەکان سستی تێکەوتووەو لەلایەن بەڕێوەبەراتیی ژمێریاری کێشەیان بۆ دروست

دەبێت، داواکارن بەدواداچوونێك لەلایەن ب.گ. دیوان بۆ ئەم بابەتە بکرێت.

ب. دووبارە فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە بۆ خەرجی خولەکان و ڕێنماییەکانی ئەم بوارە دەربچێتەوە بۆ کارڕاییکردن و بوارەکانی سەرفکردنیان.

ج. گرنگی زیاتر بدرێت بە کردنەوەی خولی گفتوگۆی زمانی ئینگلیزی بۆ هەردوو بابەتی خوێندن لە پرۆسەکە کە ئەم ئەزموونە بۆ زیاتر لە (٢٠٠) مامۆستا کراوەتەوە و سەرکەوتنی وەدەستهێناوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەڕتووکێك و سیدی بابەتەکان ئامادەکراوە وەکو ئەزموون تێست دەکرێت، بۆیە هەوڵبدرێت سوود لە هەر کەسێك وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆسەکە.

د. هەندێك کات وادەخوازێت بۆ کردنەوەی خولەکان مامۆستایانی وانەبێژ تەکلیف دەکرێن، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخانکراوە زۆر کەمە و شایەنی ئەو ماندووبوونەی ناکات، ئەم بابەتەش دیراسەت بکرێت.

**٢- بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنانی/ گەرمیان:** ڕاو تێبینییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕی:

ئا. جەختیان لەوە کردەوە بەهۆی نەبوونی بیناو شوێنی گونجاو بۆب. مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەکەیان گرفتی زۆری بۆ دروستکردوون

وێڕای نەبوونی کادیرو ڕاهێنەرو ستافی وەکو پێویست لەو بەڕێوەبەرایەتیە، داواکارن چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە.

ب. پارەی پێویستی فرۆشگەی قوتابخانەکان نەماوە کە بتوانرێت خولی زیاتری پێبکەنەوە و بۆتە کێشەیەك، داواکارن ب.گ. دیوان دیراسەتی ئەم بابەتە بکات و پشتگیرییان بکات.

٣- ب. مەشق و ڕاهێنانی/ هەولێر: ڕاو تێبینییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕی:

جەختیان لەوە کردەوە کە ب.گ. پ.هەولێر زیاتر گرنگی بە پرۆسەکە بدەن و پشتیوانی زیاتر لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی بۆ پرۆسەکە بکرێت.

٤- ب. مەشق و ڕاهێنانی/ دهۆك: ڕاو تێبینییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕی:

ئا. بەپێی پلانی گشتی سنووری ب.گ.پ.دهۆك خولی ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەنتەری شار و ب.پ. قەزاکانیش دەکرێنەوە و بازنەی یەکەمیش لە دوا قۆناغدایە، بەڵام کێشەی سەرەکی کەمی مامۆستایانی پسپۆڕە و ئەمەش بەدوو ڕێگە چارەسەر دەکرێن:

- کردنەوەی بەشەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنیاتی سەر بە هەردوو زانکۆی دهۆك و زاخۆ.

- هەوڵبدرێت رێژەیەك لە مامۆستایانی پسپۆڕی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان دابمەزرێن.

**شەشەم: بودجەی خولەکان**

هەر پەروەردەیەك زروف و باری تایبەتی خۆی هەیە کە پێویستیان بە پشتیوانی و چارەسەر بۆ کێشەکانیان لە دابینکردنی بڕە بودجەو کردنەوەی خولەکانی راهێنانی مامۆستایان.

**حەوتەم: لەبارەی لێژنەی باڵاوە**

واپێویست دەکات کە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ب.گ.پەیمانگەکان و مەشقکردن ئەندام بێت لە لێژنەی باڵای پرۆسەکە بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی بێت و راستەوخۆش سەرپەرشتی دانان و جێبەجێکردنی پلانەکان بکات.

**هەشتەم: کۆبوونەوەی داهاتوو**

هەوڵبدرێت لە دوای ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٢٠ کۆبوونەوەیەکی فراوانی لێژنەی باڵا ئەنجام بدرێت بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە.

## بەشی سێیەم:

# کارو ئەرکەکانی لیژنەی باڵا لە چەند کۆڕبەندێکدا

تەوەرەی یەکەم: کۆبوونەوەو بەدواداچوونی کارەکان

تەوەری دووەم: سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون

**تەوەرەی یەکەم:**

## کۆبوونەوەو بەدواداچوونی کارەکان

**یەکەم کۆبوونەوە:**

رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ٢٠١٦/١/١٨، دەیەم کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەدیوانی وەزارەت (نووسینگەی وەزیر)، بەئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی باڵا جگە لە بەڕێز یوسف عوسمان یوسف ب. گ. پلاندانانی پەروەردەیی بەهۆی ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکان، و لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئەنجامدرا. ئەم تەوەر و بابەتانەی خوارەوە تاوتوێکران:

### تەوەری یەکەم: خستنەڕووی پلانی کارەکان

لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵای وەزارەتەوە بەدواداچوون و پێداچوونەوە لەسەرجەم تەوەرەکان و نووسراوەکانی لێژنەی باڵا جەختی لەسەر کرایەوە، بەمەبەستی یەکخستن و زیاتر رێکخستنی هەنگاوەکان و تۆکمەکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە وپلانەکانی وەزارەت بۆ ئەمساڵی خوێندن و ساڵی داهاتوو (٢٠١٦/٢٠١٧)، لەوانە:

١- گرنگترین تەوەر تیشکی خرایە سەر لە (ئامادەکردنی مامۆستایان) و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیدان بەخولەکانی راهێنانی (مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) و ئامادەکردنی لیستی ناوی مامۆستایان و پۆلێنکردنیان بۆ خولەکان، هەروەها کردنەوەی خول لە شوێن و کاتی جیاواز بەجیا لە مامۆستایان بۆ(سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارگێڕی)، بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکان بەپێی پلان و رێکخستنیان بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی بازنەی یەکەم.

٢- جەختکردنەوە لەسەر کردنەوەی خولی مامۆستایان و ئامادەیی زانکۆی جیهان بۆ کردنەوەی خولی زیاتر بەتایبەت مامۆستایانی سنووری پەروەردەی هەولێر لە بەرواری ٢٠١٦/١/٢٠ لیستی ناوی مامۆستایانیان بنێرن بۆ زانکۆی ناوبراو لە هەولێر، هەروەها سلێمانی تائێستا لیستی ناوەکانیان ئامادە نەکردووە و نەیانناردووە بۆ زانکۆی جیهان - سلێمانی ئەم بابەتە پەلەی لێبکرێت و بڕیارەکانیان یەکلاییی بکەنەوە، بەهەمان شێوە خولەکانی مامۆستایانی دهۆك کە تا ئێستا خولیان بۆ نەکراوەتەوە و لەسەر هێڵن و لە گفتوگۆ وسەردانەکانیان بۆ زانکۆی جیهان - دهۆك بەردەوامن بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان.

٣- هەندێك ڕێكخراو ئامادەییان دەربڕیوە بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان لەم پرۆسەیەدا، وەزارەتی پەروەردە ئامادەکاری دەکات بۆ ڕێککەوتن لەگەڵیاندا و دیراسەتکردنی داڕشتنی شێواز وئالیەتی هەماهەنگی کارەکان لەگەڵ وەزارەت.

٤- زانکۆی ئیشق دوابەدوای گفتوگۆ لەگەڵیاندا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان لەم پرۆسەیەدا لە هەر سێ پارێزگەی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) کە زانکۆ وقوتابخانەو ئامادەیی باڵای تێدایە، بۆیە واباشە نووسراوێك لەلێژنەی باڵا لە وەزارەتی پەروەردەوە ئاراستەیان بکرێت بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەیان بکرێتە فەرمی و لەداهاتوویەکی نزیکدا ئامادەکاری کردنەوەی خولەکانیان دەستپێبکات، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە داوا لەسەرجەم لێژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان کرا کە ئامادەکاری بکەن بۆ ئامادەکردنی لیستی ناوی مامۆستایانی بەشداربوو بۆ خولەکانی زانکۆی ناوبراو.

٥- گرنگیپێدان بە بابەتی هەڵسەنگاندنی خولەکان و دانانی پێوەر بۆ شێوازی هەڵسەنگاندنەکانی پرۆسەکە بۆ (مامۆستایان، قوتابیان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی) و تەواوی پرۆسەکە دەبێت ئەنجام بدرێت، بۆ دیراسەتکردنی دەرەنجامەکان و پێشخستنی ئەم پرۆسەیە لە هەرێمی کوردستان، بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام

و چاپەمەنیەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردە.

٦- سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن و زانیاری لەم پرۆسەیەدا لە هۆیەکانی روونکردنەوەو فێرکردن و ئامرازەکانی ( داتاشۆ) و( لاپتۆپ)،( سیدی بە دەنگ و رەنگی وانەکان) و پێداویستیەکانیتر، بۆیە داوا لەسەرجەم لێژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە پارێزگەکان کرا کەئامادەکاری بکەن بەلیستێك ناوی قوتابخانەکان دەستنیشان بکەن کە ئامراز و پێداویستیەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردنی تێدا نیە، هەروەها پێداویستیەکانیان بنووسن کە بۆ ئەم پرۆسەیە پێویستیان چەندە بە ژمارە و داتا، بۆ ئەوەی لە لێژنەی بالآ دیراسەت بکرێت.

٧- گرنگی بەردەستبوونی ئامارەکانی گشتی مامۆستایان و مامۆستایانی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە قوتابخانەکان و لە هەر پەروەردەیەك، هەروەها ئاماری ئەو مامۆستایانەی کە تا ئەمڕۆ خولیان بینیوە یان خشتەو ئاماری ئەو مامۆستایانەی کە بەپێی پلانەکانیان لە داهاتوودا لەماوەی ئەمسالّی خوێندن خولیان بۆ دەکرێتەوە بەزووترین کات ئامادە بکرێت ( لەبازنەی یەکەمی خوێندن).

٨- گرنگیدان بە کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر لەم پرۆسەیەدا بەتایبەت لەو پەروەردەی قەزایانەی کە تائێستا ئەم پرۆسەیەی

تێدا جێبەجێ نەکراوە بە وردی دیراسەت بکرێت لە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی کردنەوەی قوتابخانە بکۆڵرێتەوە، وابڕیارە لێژنەی باڵا هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بکات لەمبارەیەوە.

٩- دەرچووانی شەشەمی ئامادەیی، بەشی زانستی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧/٢٠١٦ دەتوانن لەکۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران لەهەردوو بەشی (زانستە گشتیەکان و بیرکاری) بخوێنن، ئەم بڕیارە تەنها فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە هەریەك لەسنووری کاری خۆی.

١٠- زانکۆی جیهان ( بۆردی باڵای زانکۆی جیهان) بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە پلان و بەرنامەی داڕشتووە لەزۆر بواردا هەماهەنگی بکات، زانکۆی ناوبراو هەوڵدەدات بۆردێکی سێ قۆڵی دروست بکات کەلەسەر بنەمای نێودەوڵەتی هەنگاوەکان وکارەکان رێکبخرێت (زانکۆی جیهان، وەزارەتی پەروەردە، رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکا).

١١- ڕێکخستنی ئاماری گشتی قوتابخانەکان بۆ هەر (٣) سێ بازنەی خوێندن، بەتایبەت بۆ بازنەی یەکەم کە لەکاتی ئێستادا ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت و تا کۆتایی ئەمساڵی خوێندن ٢٠١٦/٢٠١٥ کۆتایی بە ئامادەکارییەکان بێت بەتایبەت ئامادەکارییەکانی بازنەی یەکەمی خوێندن و لەراپۆرتەکانی لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئامادە بکرێت.

١٢- هەوڵبدرێت ئەم پرۆسەیە سەرانسەری بێت و لە هەموو پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ بکرێت، پەیمانگەکانی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتییەکانی مەشق و راهێنان لە پەروەردەکان و راهێنەر و پێداویستی خولەکان ئامادە بکەن و راهێنەر و مامۆستایانی بەشداربووی خولەکانیش ( تەفەروغ ) پێبکرێن بۆ ئەوەی بەئاسوودەیی کاتی خۆیان بۆ خولەکان تەرخان بکەن. لەهەمانکاتیشدا هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان بکەن بەتایبەت ( زانکۆی جیهان) بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان لەو زانکۆیانەدا.

١٣- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەفتانەی لێژنەی بەدواداچوون لە پەروەردەی قەزاکان و دوو هەفتە جارێك لە پەروەردەی پارێزگەکان بۆ تاوتوێکردنی راپۆرت وکێشەو پێشنیارەکانی ئەم پرۆسەیە، لەبەر ئەوەی جۆرێك لە حالی نەبوون و بێئاگایی و دابڕان لە نێوان هەردوو لێژنەی جێبەجێکار و بەدواداچوون لەنێوان پەروەردەی قەزاکان و گشتیدا بەدی دەکرێت، بۆیە پێویست دەکات ئەرك و کارەکانی لێژنەکان و کۆبوونەوەکان رێکبخرێنەوە و راپۆرتەکانیان بنووسرێنەوە و وێنەیەکی بدرێتە لێژنەی بالآ لە وەزارەت بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .

## تەوەری دووەم: راپۆرتی لێژنەکانی جێبەجێکار

١- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان:** راپۆرتێکیان بەنووسراوی ژمارە(٦٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/١٧ پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، تیایدا هاتووە(٤٣) قوتابخانە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت کە ژمارەی قوتابیانی٠(٢٤١٨) قوتابیە، لە پەروەردەی کەلار(١٦) قوتابخانە بۆ(١٣٠٥) قوتابی، لە پەروەردەی کفری (١٧) قوتابخانە بۆ (٨٩١) قوتابی، لە پەروەردەی خانەقین(١٠) قوتابخانە بۆ (٢٢٢) قوتابی، ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە تائێستا خولیان بینیوە(١٤٢) مامۆستایە، (٧١) مامۆستایانی بیرکاری و (٧١) مامۆستایانی زانستە گشتیەکان بۆ پۆلی یەکەم (لە بازنەی یەکەمی خوێندن)، هەروەها (٥٢٥) لە مامۆستایانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان ماوە کە خولیان نەبینیوە،(٢٧٠) مامۆستای بیرکاری خولیان نەبینیوە، (٢٥٥) مامۆستای زانستە گشتیەکان خولیان نەبینیوە، سەرجەمی مامۆستایانی هەردوو بابەت (٦٦٧) مامۆستایە، دوای تەواوبوونی پشووی وەرزی یەکەم دەست دەکرێت بەکردنەوەی خول بۆ ئەو مامۆستایانەی کە ژمارەکانیان لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە. ئاماری گشتی مامۆستایانیان (١٠٩١) مامۆستایە، کۆی گشتی مامۆستایانی بیرکاری (٦٠٦) مامۆستایە، کۆی گشتی مامۆستایانی زانستەکان (٤٨٥) مامۆستایە. ئەم بەڕێزانە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون دارا

ئەحمەد سەمین ب. گ. پ. گەرمیان، سالار حسێن محیٚ دین ی. ب. گ. پ. گەرمیان، کەریم مەجید محەمەد ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی گەرمیان، فوئاد عەلی جەمشیر ب. مەشق و راهێنانی گەرمیان.

٢- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی:** لە کۆبوونەوەکە راپۆرتیان لەلایەن مامۆستا پەروین ئەمین ئەحمەد یاریدەدەری ب. گ. پ. سلێمانی خوێندرایەوە، لەراپۆرتەکەدا ئاماژەیان بەئامارەکانیانداوە کە (٣٥) قوتابخانە کراوەتەوە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بۆ(٤٢٠٠) قوتابی لە(١٢) پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجیٚ دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥/٢٠١٦، هەروەها (٥) قوتابخانە بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ (١٠٠٠) قوتابی پرۆگرامیان بەئینگلیزی کراوە. لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە(٣) خول بۆ مامۆستایان کراوەتەوە بۆ(٢٩٤) مامۆستای بنەڕەتی پۆلی یەکەم و ماوەی خولەکەکان لەنێوان (٣٠- ٤٥) رۆژە و (٢) خولیش بۆ (٦٢) مامۆستا تایبەت بە خولی گفتوگۆی زمانی ئیینگلیزی بۆ مامۆستایان کە هەر خولێك (٥) رۆژی خایاندووە، هەروەها خول بۆ(١٥٠) لەمامۆستایانی باخچەی منداڵان کراوەتەوە کە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژەو لەرێکەوتی ٢٠١٥/١١/٢٩ کۆتایی هات، کۆی گشتی مامۆستایان کە خولیان بینیوە(٥٠٦) مامۆستایە.بۆ پلانی کردنەوەی خولەکان بۆ ساڵی ٢٠١٦/٢٠١٧ کردنەوەی خول بۆ(٧٣) سەرپەرشتیاری کارگێڕی و

باخچەی منداڵان، بۆ(١٣٦) سەرپەرشتیاری بابەتەکانی(٦٤) بیرکاری و(٧٢) زانستە گشتیەکان، بۆ(٣٠٠) مامۆستای باخچەی منداڵان، بۆ(٣٠) مامۆستای پۆلی هەشتەم، بۆ(٧٤٠) مامۆستای کە ئەم پرۆسەیەی تێدا ئەنجام نادرێت، واتە کردنەوەی خول بۆ(٢٣٧) سەرپەرشتیار و(١٠٤٠) مامۆستا. هەروەها لەپلانی ٢٠١٧/٢٠١٦ ژمارەی (١٦٠) قوتابخانە دەکرێتەوە، کە سەرجەمیان دەبێتە(٢٠٦) قوتابخانە. ئەم بەڕێزانە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون: پروین ئەمین ئەحمەد یاریدەدەری ب.گ.پ. سلێمانی، عبداللە حمەسعید ئەحمەد/ ب.پەیمانگەی راهێنان وگەشەپێدانی سلێمانی. هەروەها بەڕێزان ب. گشتی پەروەردەی سلێمانی و ب.سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سلێمانی ئامادەنەبوون.

٣- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك:** راپۆرتیان هەبوو، کە خولیان بۆ مامۆستایان لەسەرجەم پەروەردەکاندا کردۆتەوە جگە لە پەروەردەکانی( تەلکێف، زاخۆ) لەبەر نەبوونی مامۆستا خولەکانیان لە پشووی هاویندا بۆ دەکرێتەوە، هەروەها پەروەردەی شەنگال و دەڤەری زومار لە پەروەردەی سمێل قوتابخانەی ئەم پرۆسەیەی تێدا نەکراوەتەوە بەهۆی ناسەقامگیری ناوچەکە و بێبەش بووینە تا زروفیان ئاسایی دەبێتەوە.تائێستا ژمارەی(٣٤٢) مامۆستا خولیان بینیوە،(١٨٤) مامۆستای بیرکاری و(١٥٨) مامۆستای زانستە گشتیەکان. هەر

بۆ ئەمساڵی خوێندن پلانەکانیان دارِشتووە بە(٦) قۆناغ خول بۆ مامۆستایان بکەنەوە بۆ(٩٩٠) مامۆستا لە٢٠١٦/١/٣ دەستپێدەکات و دواتر(٢٤٦٥) مامۆستا لیستی ناویان ئامادەیە وسەرجەمیان دەبێتە(٣٤٥٥) مامۆستا لەهەردوو بابەتی( بیرکاری زانستە گشتیەکان) لە بازنەی یەکەمی خوێندن. زانکۆی جیهان دوای سەردانیکردنیان و پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا تا ئێستا خولیان بۆ مامۆستایان نەکردۆتەوە لەدهۆك، داوایان لێکرا ناوی مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان بەلیست بنێرن بۆ لێژنەی بالاّ. لەکۆبوونەوەی نۆیەم فۆرمی ئامارەکانیان هێنابوو. ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەکە بریتیبوون لە بەڕێزان عەبد یوسف ئەحمەد ب. گ. پ. دهۆك، شیرین سالم عبدولحافز/ ب. مەشق و راهێنانی دهۆك، فەخری کەلەش ئیسماعیل ب. سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی دهۆك، حەکیم عبدللاّ محەمەد ب. پەیمانگەی راهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی دهۆك. جگە لە ئامادەنەبوونی بەڕێز خورشید یەحیا سەلیم ی. ب. گ. پ. دهۆك.

٤- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر: راپۆرتیان پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، ئاماژەیان بەوەکرد کە پرۆسەکە بەباشی بەڕێوە دەچێت و چەندین سەردانی مەیدانیان ئەنجامداوە لەسنووری پەروەردەکانیاندا، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کراوە، تا ئێستا لە (٥٢)

قوتابخانەیە لەکۆی (١٧٥٧) قوتابخانە، (١٦٠) باخچەی منداڵان ئەم پرۆسەی تێدا ئەنجام دەدرێت، (٢٤٤) مامۆستایانی بیرکاری و زانستە گشتیەکانی بنەڕەتی خولیان بینیوە،(٧٨) مامۆستا لە پەروەردەی کۆیە،(٣٥) سۆران،(١٨) چۆمان،(١٧) لە ڕەواندوز، (٦٦)مامۆستا لە کۆلێژی جیهان،(٣٠) لە زانکۆی سابیس، هەروەها(٢٧١) مامۆستای باخچەی منداڵان خولیان بینیوە، کە کۆی گشتی مامۆستایان دەکاتە (٥١٥) مامۆستا. فەرمانێك بۆ ئەندامبوونی بەڕێز بەڕێوەبەری پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی هەولێر لەلایەن لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دەربچێت. فۆرمەکانی ئاماری گشتی مامۆستایانی هەردوو بابەتیان نەهێناوە. ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەکە بریتیبوو لە بەڕێزان (بەشدار عەبدلخالق خدر ب. گ. پ. هەولێر، فەیصەل حەسەن تەها ی. ب. گ. پ. هەولێر، فوئاد کەریم ئیسماعیل ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، ژیان عەفان عوسمان ی. ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی. جگە لە ئامادەنەبوونی حەسەن ئەحمەد شەریف ب. پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی هەولێر .

## تەوەری سێیەم: کێشە و ڕاسپاردەکان

١- بەڕێز ئاراس محەمەد مەحمود، ب.سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ب.گ.پ. هەڵەبجەی شەهید ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەم پرۆسەیە و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی کردنەوەی قوتابخانە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید. بڕیاردرا فەرمانێکی وەزاری دەربچێت بۆ بەئەندامبوون و پێکهێنانی لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید.

٢- لەلایەن لێژنەی باڵاوە پەیوەندی بە زانکۆی جیهان ـ دهۆك بکرێت دەربارەی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی دهۆك کە تائێستا نەکراوەتەوە.

٣- هەر خولێك کە دەکرێتەوە لیستی ناوی مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان بنێرن بۆ لێژنەی باڵا بۆ دیراسەتکردن و بە ئەرشیفکردنی پرۆسەکە.

٤- پێویستە بۆ کردنەوەی خولەکانی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان هەریەك بەجیا کات وپلانەکانیان بۆ دابڕێژرێت و بکرێنە وەجبە لە کاتی دەوام و پشووی هاوین بۆ هەر قۆناغ و بازنەیەکی خوێندن بەتایبەتیش جەخت بکرێتەوە لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکانی بازنەی یەکەمی خوێندن کە تایبەت مامۆستایانی پۆلی یەکەم و دووەم و دواتر سێیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە.

٥- سەرژمێری و ئاماری گشتی مامۆستایانی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکانی سەرجەم پەروەردەکان بگاتە وەزارەت کە داواکرابوو بۆ دیراسەتکردن و رێکخستنی پلانەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧.

٦- ئامارەکان ڕێکبخرێنەوە بەپێی بازنەکانی خوێندن، بەهەمان شێوە ئاماری ئەو مامۆستایانەی لە خولەکاندا بەشدار دەبن، هەروەها بۆ هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵا خشتەی ئامارەکان و راپۆرتەکان ئامادە بکرێت و هەموو هەنگاوەکانی تێدا ئاماژە پێبکرێت.

٧- وانەی نموونەیی و سیدی پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەرنامەو پەخشی تەلەفزیۆنەکان پەخش بکرێت بۆ مامۆستایان، بەتایبەت (تەلەفزیۆنی پەروەردەیی).

٨- ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندنی خولەکان و مامۆستایان و قوتابیان وسەرپەرشتیاران و تەواوی پرۆسەکە.

٩- ئەو پەروەردانە دەستنیشان بکرێن کە تائێستا ئەم پرۆسەیەی تێدا ئەنجام نەدراوە و بەنووسراوێك لیژنەی باڵای لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆ بەدواداچوون و دیراسەتکردنی ئەم بابەتە.

١٠- ئامادەکاری بکرێت بۆ چاپکردنی پەرتووکەکانی خوێندنی بابەتەکانی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) کە بۆ ساڵی داهاتوو (٣٠٠٠٠) دانە بێت لەهەر بابەتێك بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی و٨٥٪ بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧.

**دووەم کۆبوونەوە:**

رۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/١٢ یازدەم کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەدیوانی وەزارەت (نووسینگەی وەزیر)، بەئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی باڵا و لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئەنجامدرا. ئەم تەوەر و بابەتانەی خوارەوە تاوتوێکران:

## تەوەری یەکەم: خستنەڕووی پلانی کارەکان

لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵای وەزارەتەوە بەدواداچوون و پێداچوونەوە لەسەرجەم تەوەرەکان و نووسراوەکانی لێژنەی باڵا جەختی لەسەر کرایەوە، بەمەبەستی یەکخستن و زیاتر ڕێکخستنی هەنگاوەکان و تۆکمەکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە وپلانەکانی وەزارەت بۆ ئەمساڵی خوێندن و ساڵی داهاتوو (٢٠١٦/٢٠١٧)، لەوانە:

١- گرنگترین تەوەر تیشکی خرایە سەر لە(ئامادەکردنی مامۆستایان) و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیدان بەخولەکانی ڕاهێنانی

(مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی مندالآن و قۆناغی بنەڕەتی) بۆ ئەمسالّی خوێندن وجەختکردنەوە لەسەر دانانی پلانی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان لەپشووی هاوینی ئەمسالّ، هەروەها کردنەوەی خول لە شوێن و کاتی جیاواز بەجیا لە مامۆستایان بۆ(سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارگێڕی)، بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکان بەپێی پلان و رێکخستنیان بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی بازنەی یەکەم.

٢- دوابەدوای ناردنی سیدی پرۆگرامەکانی خوێندنی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان بۆ زانکۆی جیهان لە هەولێر بۆ بەدەنگ و رەنگکردنی کە لەلایەن ستافێك لە زانکۆی ناوبراو کاری لەسەر دەکرێت بەدواداچوون بکرێت بۆ تەواوکردنی لە ٢٠١٦/٦/١٥ و دواتر کۆپی سیدیەکان لە پەروەردەکاندا دابەش بکرێتە سەر قوتابخانەو مامۆستایان کە ئەو پرۆسەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

٣- جەخت لەسەر هەبوونی وانەی نموونەیی کرایەوە کە لەسەر سیدی تۆمار بکرێت وەك یارمەتیدەرێك بۆ مامۆستایان لەپالّ دابینکردنی هۆیەکانی روونکردنەوەو فێرکردن و دابینکردنی ئامرازەکانی (داتاشۆ) لەپۆلەکانی خوێندن.

٤- هەلّسەنگاندنی سالّی یەکەمی پرۆسەکە لەهەموو رووێکەوە کە لەسالّی ٢٠١٦/٢٠١٥ خرایە ئەزموونکردن و بەسەرکەوتوویی

جێبەجێکراوە، لەلایەن لێژنەی باڵا و لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان و لێژنەی پەروەردەی قەزاکانەوە هەڵسەنگاندن بۆ تەواوی پرۆسەکە ئەنجام بدرێت بە راپۆرتێکی تێروتەسەل بەرزبکرێتەوە لە ٢٠١٦/٧/١ بۆ کۆبوونەوەی لێژنەی باڵا بنێردرێت بۆ دیراسەتکردن و بڕیاردان لەسەر درێژەپێدانی بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن.

٥- گرنگی بەردەستبوونی ئامارەکانی گشتی مامۆستایان و مامۆستایانی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە قوتابخانەکان و لە هەر پەروەردەیەك، هەروەها ئاماری ئەو مامۆستایانەی کە تا ئەمڕۆ خولیان بینیوە یان خشتەو ئاماری ئەو مامۆستایانەی کە بەپێی پلانەکانیان لە داهاتوودا لەماوەی ئەمساڵی خوێندن خولیان بۆ دەکرێتەوە بەزووترین کات ئامادە بکرێت ( لەبازنەی یەکەمی خوێندن).

## تەوەری دووەم: راپۆرتی لێژنەکانی جێبەجێکار

**١- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان:** راپۆرتێکیان بەنووسراوی ژمارە(٣٤١) لە بەرواری ٢٠١٦/٥/١١ پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، تیایدا هاتووە(٤٣) قوتابخانە ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرێت کە ژمارەی قوتابیانی٠(٢٤١٨) قوتابیە، لە پەروەردەی کەلار(١٦) قوتابخانە بۆ(١٣٠٥) قوتابی، لە پەروەردەی کفری (١٧)

قوتابخانه بۆ(٨٩١) قوتابی ، له پەروەردەی خانەقین(١٠) قوتابخانه بۆ(٢٢٢) قوتابی، ژمارەی ئەو مامۆستایانەی که تائێستا خولیان بینیوه(٢٢٥) مامۆستایه، (٧١) مامۆستایانی بیرکاری و(٧١) مامۆستایانی زانسته گشتیەکان بۆ پۆلی یەکەم( له بازنەی یەکەمی خوێندن)، هەروەها (٥٢٥) له مامۆستایانی بیرکاری و زانسته گشتیەکان ماوه که خولیان نەبینیوه،(٢٧٠) مامۆستای بیرکاری و (٢٥٥) مامۆستای زانسته گشتیەکان خولیان نەبینیوه، سەرجەمی مامۆستایانی هەردوو بابەت (٦٦٧) مامۆستایه، له پشووی هاوین دەست دەکرێت بەکردنەوەی خول بۆ سەرجەم مامۆستایان که ئاماژەی پێکراوه. ئاماری گشتی مامۆستایانیان (١٠٩١) مامۆستایه، کۆی گشتی مامۆستایانی بیرکاری(٦٠٦) مامۆستایه، کۆی گشتی مامۆستایانی زانستەکان (٤٨٥) مامۆستایه. ئەم بەڕێزانه ئامادەی کۆبوونەوەکه بوون دارا ئەحمەد سەمین ب.گ.پ. گەرمیان، سالار حسێن محیٚ دین ی. ب. گ. پ. گەرمیان، کەریم مەجید محەمەد ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی گەرمیان.

**٢- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی:** له کۆبوونەوەکه راپۆرتیان لەلایەن مامۆستا پروین ئەمین ئەحمەد یاریدەدەری ب.گ.پ. سلێمانی خوێندرایەوه، لەراپۆرتەکەدا ئاماژەیان بەئامارەکانیاداوه که(٤٦) قوتابخانەی بنەڕەتی کراوەتەوه بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بۆ(٣٤٥٠) قوتابی، هەروەها له(٥٦) باخچەی ساوایان کراوەتەوه که(١٥٠) مامۆستای باخچه خولیان بینیوه له(١٢) پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجیٚ دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥، لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکه خول

بۆ(٦١٤) مامۆستا كراوەتەوە بۆ(٣٣٤) مامۆستای بنەڕەتی پۆلی یەكەم و(١٥٠) مامۆستای باخچە و(١٣٠) مامۆستا بۆ گفتوگۆی زمانی ئینگلیزی. بۆ پلانی كردنەوەی خولەكان بۆ ساڵی ٢٠١٧/٢٠١٦ كردنەوەی خول بۆ(٧٣٠) مامۆستای بنەڕەتی و(٣٠٠) مامۆستای باخچە و(٧٣) سەرپەرشتیاری پەروەردەی دەكرێتەوە وژمارەی قوتابخانەكانیشیان دەكەنە(٢٠٦) قوتابخانە. ئەم بەڕێزانە ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون پروین ئەمین ئەحمەد یاریدەدەری ب.گ.پ. سلێمانی، سەربەست كەریم محەمەد ب. بەڕێوەبەراتیی مەشق و راهێنانی سلێمانی.

**٣- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك:** راپۆرتیان هەبوو، لەراپۆرتەكەدا ئاماژەیان بەئامارەكانیاداوە كە(٤٢) قوتابخانەی بنەڕەتی كراوەتەوە بۆ پۆلی یەكەمی بنەڕەتی، هەروەها لە(٧١) باخچەی ساوایان كراوەتەوە لە(٨) پەروەردەی قەزاكاندا جێبەجێ دەكرێت بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥،.تائێستا ژمارەی(١٦٨١) مامۆستا خولیان بینیوە،(٦٧٤) مامۆستا ماوە لە پشووی هاوین خول ببین. ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەكە بریتیبوون لە بەڕێزان عەبد یوسف ئەحمەد ب. گ. پ. دهۆك، خورشید یەحیا سەلیم ی. ب. گ. پ. دهۆك، شیرین سالم عەبدوحافز ب.مەشق وراهێنانی دهۆك .

**٤- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر:** راپۆرتیان پێشكەش بە كۆبوونەوەكە كرد، ئاماژەیان بەوەكردووە ئەم پرۆسەیە لە(٥٢) قوتابخانە جێبەجێ دەكرێت لەكۆی(١٧٥٢) قوتابخانە،ژمارەی

قوتابیان(٤٧٠٥) قوتابیە، تائێستا(١٨) خول کراوەتەوە بۆ مامۆستایان(٤١٢) مامۆستای باخچەی منداڵان و(٦٥٦) مامۆستای بنەڕەتی لە کۆی(١٧٥٦) مامۆستا، لە (١٦٠) باخچەی منداڵان ئەم پرۆسەی تێدا ئەنجام دەدرێت، لە(١١) پەروەردەی قەزا جێبەجێ دەکرێت، بڕیارە بۆ ساڵی ئایندە لە(٩٧٩) قوتابخانە بگرێتەوە و خولیش بۆ(٤٩) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەکەنەوە. ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەکە بریتیبوو لە بەڕێزان(بەشدار عەبدولخالق خدر ب. گ. پ. هەولێر، فوئاد کەریم ئیسماعیل بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، ژیان عەفان عوسمان ی. ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی .

| ژ | پارێزگە | قوتابخانە | قوتابی | ژ.مامۆستایانی خولیان بینیوە | ژ. مامۆستایانی خولیان نەبینیوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٥٢ | ٤٧٠٥ | ٦٥٦ | ١١٠٠ |
| ٢ | دهۆك | ٤٢ | ٣٤٥٠ | ١٦٨١ | ٦٧٤ |
| ٣ | سلێمانی | ٤٦ | ٤٢٠٠ | ٦١٤ | ١١٥٠ |
| ٤ | گەرمیان | ٤٣ | ٢٤١٨ | ٢٢٥ | ٥٢٥ |
| کۆ | | ١٨٣ | ١٤٧٧٣ | ٣١٧٦ | ٣٤٤٩ |


قوتابی
6000
4000
2000
0
قوتابی
هەولێر
دهۆك
سلێمانی
گەرمیان


قوتابخانە
60
50
40
30
20
10
0
قوتابخانە
هەولێر
دهۆك
سلێمانی
گەرمیان


2000
1500
1000
500
0
ژ.مامۆستایانی خولیان بینیوە
ژ.مامۆستایانی خولیان نەبینیوە
ژ.مامۆستایانی
هەولێر
سلێمانی

١- ناردنی سیدی دەنگ و رەنگ بۆ سەرجەم پەروەردەکان بۆ ئەوەی دابەش بکرێتە سەر قوتابخانەکان و مامۆستایان.

٢- تۆمارکردن و ئامادەکردنی وانەی نموونەیی لەسەر سیدی وەك یارمەتیدەرێك بۆ مامۆستایان کە لەلایەن کەناڵی سەتەلایتی کورد ماکس بەرنامە دارێژراوە بۆ تۆمارکردن و پەخشکردنی هەفتانە بۆ ماوەی(٣) کاتژمێر وەك هاوکارییەك بۆ وەزارەتی پەروەردە و هەر مامۆستایەك نوسخەیەکی پێبدرێت.

٣- دابینکردنی هۆیەکانی روونکردنەوەو فێرکردن و دابینکردنی ئامرازەکانی (داتاشۆ) لەپۆلەکانی خوێندن.

٤- هەڵسەنگاندنی ساڵی یەکەمی پرۆسەکە لەهەموو رووێکەوە کە لەساڵی ٢٠١٥/٢٠١٦ خرایە ئەزموونکردن، لەلایەن لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان و لێژنەی پەروەردەی قەزاکانەوە بۆ تەواوی پرۆسەکە ئەنجام بدرێت بە راپۆرتێکی تێروتەسەل بەرزبکرێتەوە بۆ کۆبوونەوەی لێژنەی باڵا.

٥- پێشنیارکرا بە هەڵپەساردنی کاری لێژنەی باڵا لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧ کە ئەم لێژنەیە ئەرك و کاری راستەوخۆو بەڕێوەبردنی ببێتە ئەرکی راوێژکاری و بەدواداچوون، بەڵام دوای گفتوگۆی زۆر وا بەباشزانرا کە ئەم لێژنەیە بمێنێتەوە. لەهەر پەروەردەی پارێزگەیەك(١) ئەندام بەشداری کۆبوونەوەکانی

وەرزیی لێژنەی باڵا بکات و لێژنەی پەروەردەی گشتی پارێزگاکان سەرجەم کاروبارەکانی ئەم پرۆسەیە لە ئەستۆ بگرن کاری خۆیان لەسنوورەکانی خۆیان بەڕێوەببەن.

٦- بەئەرشیفکردنی ئەم پرۆسەیە و ئامادەکاری بۆ لەچاپدانی نامیلکەیەك بکرێت وەك دۆکیۆمێنتاری بمێنێتەوە.

٧- سەردانی مەیدانی لەنێوان مامۆستایان و قوتابخانەکان و لێژنەکانی پەروەردەی گشتی و قەزاکانی هەرێم بکرێت بۆ سوودوەرگرتن و دەوڵەمەندبوونی شارەزایی مامۆستایان لەنێوان خۆیاندا.

٨- پێشنیارکرا ڕەزامەندی بەڕێز وەزیری پەروەردە وەربگیرێت بۆ ئاراستەکردنی ڕێز وسوپاسێك بۆ ئەندامانی لێژنەکانی باڵاو پەروەردەی پارێزگەو پەروەردەی قەزاکان و مامۆستایانی پرۆسەکە و ئەوانەی لەپرۆسەکەدا ماندوون وەك ڕێزلێنان لە ئەرك و ماندووبوونیان بە واژووی بەڕێزیان وەك وەزیری پەروەردە.

٩- کێشەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی چارەسەر بکرێت کە وەکو پێویست ڕۆڵیان لاوازە و سەردانەکانیان کەمە و لەم ماوەیەی دواییشدا سەردانیان بۆ قوتابخانەکان نەماوە.

١٠- تا ٢٠١٦/٧/١ لێژنەی پەروەردەی قەزاکان بە هەماهەنگی لێژنەی پەروەردەی گشتی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە لەمساڵی خوێندندا ئامادە بکەن و بنێرن بۆ لێژنەی باڵا.

١١-کەمی پەرتووکی خوێندن بۆ مامۆستایانی خولەکان چارەسەر بکرێت و لە خولەکاندا بۆیان دابین بکرێت، ئەگەر لەسەر سیدیش بێت.

١٢-دیراسەتی کێشەی کردنەوەی خول لە پشووی هاوینی مامۆستایان بە وردی دیراسەت بکرێت لە ئەگەری بەشدارنەبوونیان لەو خولانەدا بکۆڵرێتەوە.

١٣- بەدواداچوون بۆ دابینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی پۆلی دووەمی بنەڕەتی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکانی پرۆسەکە بکرێت، ئەگەر پێویستی کرد بخرێتە سەر سیدی بدرێتە مامۆستایانی بابەتەکان لە قوتابخانەکاندا. بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزاتی وەزارەت ئەنجام بدرێت.

١٤-هەر خولێك کە دەکرێتەوە لیستی ناوی مامۆستایانی بەشداربووی خولەکان بنێرن بۆ لێژنەی باڵا بۆ دیراسەتکردن و بە ئەرشیفکردنی پرۆسەکە.

**سێیەم کۆبوونەوە:**

رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٦ دوازدەم کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) لەدیوانی وەزارەت (نووسینگەی وەزیر)، بەئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی باڵا و لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئەنجامدرا.جگە لە ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کەسیان ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون. ئەم تەوەر و بابەتانەی خوارەوە تاوتوێکران:

## تەوەری یەکەم: خستنەڕووی پلانی کارەکان

لەلایەن سەرۆکی لێژنەی باڵای وەزارەتەوە بەدواداچوون و پێداچوونەوە لەسەرجەم تەوەرەکان و نووسراوەکانی لێژنەی باڵا جەختی لەسەر کرایەوە، بەمەبەستی یەکخستن و زیاتر رێکخستنی هەنگاوەکان و تۆکمەکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە وپلانەکانی وەزارەت بۆ ئەمساڵی خوێندن و ساڵی داهاتوو (٢٠١٦/٢٠١٧)، لەوانە :

١- گرنگترین تەوەر تیشکی خرایە سەر لە (ئامادەکردنی مامۆستایان) و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیدان بەخولەکانی راهێنانی (مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) بۆ

ئەمساڵی خوێندن وساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧ وجەختکردنەوە لەسەر دانانی پلانی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان لەپشووی هاوینی ئەمساڵ، هەروەها کردنەوەی خول لە شوێن و کاتی جیاواز بەجیا لە مامۆستایان بۆ(سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارگێڕی)، بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکان بەپێی پلان و ڕێکخستنیان بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی بازنەی یەکەم.

٢- دوابەدوای ناردنی سیدی پرۆگرامەکانی خوێندنی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان بۆ زانکۆی جیهان لە هەولێر بۆ بەدەنگ و ڕەنگکردنی کە لەلایەن ستافێك لە زانکۆی ناوبراو کاری لەسەر کرا و تەواوبوو، بڕیار دراوە زانکۆی ناوبراو بەزووترین کات ژمارەی (٤٠٠٠٠) چل هەزار دانەی لێ کۆپی بکرێت دواتر بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزات لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان کاری بۆ بکرێت بۆ دابەشکردنی بەسەر پەروەردەکانەوە کە ئەو پرۆسەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

٣- جەخت لەسەر هەبوونی وانەی نموونەیی کرایەوە کە لەسەر سیدی تۆمار بکرێت وەك یارمەتیدەرێك بۆ مامۆستایان لەپاڵ دابینکردنی هۆیەکانی ڕوونکردنەوەو فێرکردن و دابینکردنی ئامرازەکانی (داتاشۆ) لەپۆلەکانی خوێندن.

٤- کاری هەڵسەنگاندنی ساڵی یەکەمی پرۆسەکە لەهەموو ڕووێکەوە ئەنجامدرا کە لەساڵی ٢٠١٥/٢٠١٦ خرایە ئەزموونکردن و

بەسەرکەوتوویی جێبەجێکراوە، لەلایەن لێژنەی بالاّ و لێژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان و لێژنەی پەروەردەی قەزاکانەوە هەڵسەنگاندن بۆ تەواوی پرۆسەکە ئەنجامدرا بە راپۆرتێك بەرزکرایەوە بۆ لێژنەی بالاّ و دواتریش لەلایەن لێژنەی بالاّوە پوختەکرا بۆ پەسەندکردن.

٥- جەختکردنەوە لەسەر نووسراومان ژمارە(٩٣٦٤) لە٢٠١٦/٨/٢٨ لەسەرهێنانی دوا ئامار وگرنگی بەردەستبوونی ئامارەکانی گشتی مامۆستایان و مامۆستایانی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لە قوتابخانەکان و لە هەر پەروەردەیەك، هەروەها ئاماری ئەو مامۆستایانەی کە تا ئەمڕۆ خولیان بینیوە یان خشتەو ئاماری ئەو مامۆستایانەی کە بەپێی پلانەکانیان لە داهاتوودا لەماوەی ئەمسالّی خوێندن خولیان بۆ دەکرێتەوە بەزووترین کات ئامادە بکرێت ( لەبازنەی یەکەمی خوێندن).

## تەوەری دووەم: راپۆرتی لێژنەکانی جێبەجێکار

١- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان:** راپۆرتیان نەبوو بەهۆی کێشەی دەوامنەکردنی مامۆستایان و هەڵپەساردنی دەوام لەم ناوچەیە. بەڕێز دارا ئەحمەد سەمین ب. گ. پ. گەرمیان، سالار حسێن محیّ دین ی. ب. گ. پەروەردەی گەرمیان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

**٢- راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی:** لە کۆبوونەوەکە راپۆرتیان لەلایەن مامۆستا پروین ئەمین ئەحمەد یاریدەدەری ب.گ.پ. سلێمانی خوێندرایەوە، لەراپۆرتەکەدا ئاماژەیان بەئامارەکانیانداوە سالّی ٢٠١٥/٢٠١٦ ژمارەی ( ١٠٢) باخچەی ساوایان و ژمارەی(٣٢) قوتابخانە بۆ(٣٩٤٠) قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەبووە، لەپلانیاندایە بۆ سالّی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧ ژمارەی(١٣٠) قوتابخانە بۆ(١٧٤٠٥) قوتابی بکەنەوە، تا ئێستا(٣٣٧) مامۆستا خولیان بینیوە، بۆ ئەمسالّیش لە ٢٠١٦/١٠/٣ ژمارەی(٤٢٠) مامۆستا خراونەتە بەر خول و هەولّدەدەن(٧٤٠) مامۆستای دیکە دواتر خولیان بۆ بکرێتەوە، هەروەها خول بۆ(١٣٦) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەکرێتەوە. ئەم بەڕێزانە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون: پەروین ئەمین ئەحمەد یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، سەربەست کەریم محەمەد ب.بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و راهێنانی سلێمانی، چیمەن عبداللە عەلی ب.سەرپەرشتیاری سلێمانی.

| ژ | پەروەردە | ژ. قوتابخانە ٢٠١٥/٢٠١٦ | ژ.قوتابخانە ٢٠١٦/٢٠١٧ | ژ.قوتابیان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆژهەلاّت | ٨ | ٢٩ | ٥٢٥٠ |
| ٢ | رۆژئاوا | ١٢ | ٣٢ | ٥٦٢٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | رانیە | ١ | ١٠ | ١٢٣٠ |
| ٤ | پشدەر | ١ | ١٠ | ١٠٠٠ |
| ٥ | شاربازێر | ٢ | ٥ | ٢٥٠ |
| ٦ | سیدصادق | ١ | ٦ | ٦٠٠ |
| ٧ | پێنجوێن | ١ | ٦ | ٢٠٠ |
| ٨ | دەربەندیخان | ١ | ٥ | ١٠٠٠ |
| ٩ | شارەزوور | ١ | ٥ | ٦٥٠ |
| ١٠ | چەمچەماڵ | – | ٦ | ٧٠٠ |
| ١١ | دوکان | ٢ | ٦ | ٩٠٠ |
| ١٢ | قەرەداغ | – | ٢ | ٢٠٠ |
| کۆ | | ٣٢ | ١٣٠ | ١٧٤٠٥ |


35
30
25
20
15
10
5
0
ژ. قوتابخانه ٢٠١٥/٢٠١٦
ژ.قوتابخانه ٢٠١٦/٢٠١٧
رۆژهەڵات
رۆژئاوا
رانیه
پشدەر
شارباژێر
سیدصادق
پێنجوێن
دەربەندیخان
شارەزوور
چەمچەماڵ
دوکان
قەرەداغ


ژ.قوتابیان
6000
5000
4000
3000
2000
1000
0
ژ.قوتابیان
رۆژهەڵات
رۆژئاوا
رانیه
پشدەر
شارباژێر
سیدصادق
پێنجوێن
دەربەندیخان
شارەزوور
چەمچەماڵ
دوکان
قەرەداغ

٣- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک:** راپۆرتیان هەبوو، لەراپۆرتەکەدا فەرمانی پێکهێنانی لێژنەکەیان دەرکردووە(ژمارە(١٢٢٨٩) لە ٢٠١٦/١٠/٤ بە سەرۆکایەتی بەڕێز عومەر عەلی تەها بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک بەوەکالەت، ئاماژەیان بەئامارەکانیاداوەکە تائێستا(٢٩) خول بۆ(٢٧٠٠) مامۆستای بنەڕەتی کراوەتەوە کە دوا خولیان لە بەرواری ٢٠١٦/٨/٢٣ تەواو بووە، تەنها(٤٠٥) مامۆستا ماوە خول ببینن، لە(٨٩٩) قوتابخانە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها ژمارەی(٢٢٦) باخچەی ساوایان خولیان بۆ کراوەتەوە کەژمارەیان(٤٥٧) مامۆستایە،(١٢٨) مامۆستای بیرکاری و(١٠٣) مامۆستای زانستە گشتیەکان. بۆ زانین سالّی ٢٠١٦/٢٠١٥ (٤٢) قوتابخانەی بنەڕەتی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، هەروەها لە(٧١) باخچەی ساوایان لە(٨) پەروەردەی قەزاکاندا جێبەجێ کراوە.ئامادەبووانی ئەندامانی لێژنەکە بریتیبوون لە بەڕێزان عومەر عەلی تەها ب. گ. پ. دهۆک، شیرین سالم عەبدلحافز ب. مەشق وراهێنانی دهۆک، فەخری کەلەش ئیسماعیل ب. س. پ. دهۆک، ئەحمەد یاسین ئەحمەد ب. پ. گەشەپێدان دهۆک.

٤- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر:** کەسیان ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون.

٥- **راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید:** راپۆرتیان نەبوو، تەنها نووسراویان ژمارە(١٣٣) لە ٢٠١٦/٩/٢٥

هێنابوو کە ئاماژەیان کردووە تەنها(١) قوتابخانە بۆ(٧٥) قوتابی لەساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥ ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ کراوە، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧/٢٠١٦ ژمارەی(١٢) قوتابخانەی بنەڕەتی بۆ(٩٠٠) قوتابی دەکرێتەوە کە(٩٤) مامۆستا دەخەنە خول و ئامادەیان دەکەن، هەروەها(١٢) باخچەی ساوایانیش دەکرێتەوە، بەهۆی نەبوونی ب. مەشق و راهێنان و پەیمانگەی راهێنان وگەشەپێدان لە پەروەردەکەیان نەیانتوانیوە خول بۆ مامۆستایان بکەنەوە، هیچ لەکتێب و پرۆگرامەکانی خوێندنیان بۆ دابین نەکراوە. بەڕێز ئاراس محەممەد مەحمود/ ی. ب.گ. پ. هەڵەبجەی شەهید ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

## تەوەری سێیەم: کێشە و راسپاردەکان

١- ناردنی سیدی دەنگ و رەنگ کە لەلایەن زانکۆی جیهانەوە ئامادەکراوە بۆ سەرجەم پەروەردەکان بۆ ئەوەی دابەش بکرێتە سەر قوتابخانەکان و مامۆستایان لەڕێگەی ب. تەجهیزاتی وەزارەتی پەروەردە.

٢- پارەی حانوتی قوتابخانەکان بۆ خولەکان دابین بکرێت.

٣- فۆرمەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە لە هەموو رووێکەوە ئامادە بکرێت بۆ یەکخستنی شێوازی هەڵسەنگاندن، فۆرمی قوتابخانە/فۆرمی پەروەردەی قەزا/ فۆرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەسیدی ئامادە بکرێت وگشتاندنی بۆ بکرێت.

٤- جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێت لیژنەی قوتابخانەکان هەفتانە کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام بدەن ومانگانە لیژنەی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان و دوو هەفتە جارێکیش لیژنەی پەروەردەی قەزاکان کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام بدەن راپۆرتەکانیان بنێرن بۆ لیژنەی بالآ.

٥- ژمارەی( ١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دانە لە کتێبەکانی خوێندنی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧چاپکراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزاتی وەزارەتی پەروەردە دابەش بکرێتە سەر پەروەردەکان.

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی جەخت لەسەر نووسراوەکانیان دەکەنەوە بە ژمارە(١٤٢٠١) لە ٢٠١٦/٩/١٨، هەروەها ژمارە (١٤٢٠٢) لە ٢٠١٦/٩/١٨ کە نێردراوە بۆ ب. گ. دیوان بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاری بۆ سەرفکردنی پارەی خولەکانی مامۆستایان، هەروەها نووسراویان ژمارە(٧٩٦١) لە ٢٠١٦/٧/٣١ بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەربارەی رێنماییەکانی کرێی وانەبێژی و بەشداربووانی خولەکان. داواکارن بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

٧- پەیمانگاکانی راهێنان و گەشەپێدانی پارێزگەکان جەختیان لێبکرێتەوە بە وەرگرتنی ژمارەی زیاتری مامۆستایان لە بەشەکانی (بیرکاری، زانستە گشتیەکان).

٨- هەر خولێك كە دەكرێتەوە لیستی ناوی مامۆستایانی بەشداربووی خولەكان بنێرن بۆ لێژنەی باڵا بۆ دیراسەتكردن و بە ئەرشیفكردنی پرۆسەكە.

**تەوەری دووەم:**

## سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون

### یەکەم: سەردانی مەیدانی لێژنەی باڵا بۆ قوتابخانەکان

رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ٢٠١٥/١١/٢٢ لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) راوێژکار د.ئەحمەد قەرەنی سەرۆکی لیژنەی باڵا بەیاوەری وشیار حەمەد حاجی بڕیاردەری لێژنەی باڵاو سەعید مەولود حسێن بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری پەروەردەی ناوەند ـ هەولێر بەوەکالەت، هەڵسان بە ئەنجامدانی سەردانێکی مەیدانی بۆ ژمارەیەك لە قوتابخانەکانی نێو شاری هەولێر(ئەو قوتابخانانەی کە پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت)، بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون و بەسەرکردنەوەی مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی پلان و رێنماییەکان و بەدواداچوونی مەیدانی بۆ ئەم ئەزموونە، بەمشێوەیە چەند قوتابخانەیەك لەچەند شوێنێکی جیاجیا بەسەرکرانەوە:

**١- سەردانی قوتابخانەی ( پێشەوای بنەڕەتیی تێکەڵاو )**

شوێن: گەڕەکی زانیاری، ناوی بەڕێوەبەر( ئاکۆ ئەحمەد خدر)، (٣) پۆلی یەکەم پرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ژمارەی قوتابیانی( ٩٥) قوتابی،

ژمارەی مامۆستایانی(٤) مامۆستا،(٢) بیرکاری، (٢) زانستە گشتیەکان، هەر(٤) مامۆستا خولیان بینیوە، ئەم قوتابخانەیە(٢) دەوامییە و لەهەر دەوامێك (٢) مامۆستا، پرۆگرامەکانی خوێندنیان بۆدابینکراوە، هۆیەکانی فێرکردنیان نییە، لێژنەی قوتابخانەیی(١) یەك کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، تا ئەمڕۆ فەرمانی قوتابخانەیی لێژنەکەیان دەرنەکردووە بەهۆی درەنگ گەیشتنی گشتاندن و فەرمانەکانی وەزارەت بۆ قوتابخانەکەیان. بەڕێوەبەری قوتابخانە ئامرازەکانی( داتاشۆ و لاپتۆپی لەسەر ئەرکی خۆی دابینکردووە)، پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت و مامۆستایانی قوتابخانەکە ئارەزوویان بۆ دروست بووە کە لەم پرۆسەیەدا کار بکەن. مامۆستایان گۆڕانییەکی نوێیان داهێناوەو تۆماریان کردووە بۆ قوتابیان و وانەوتنەوەیان، سەردانی پۆلی مامۆستا (دلخواز قاسم عەزیز) مامۆستای زانستەکان کرا کە سەرکەوتووبوو لە وانەوتنەوەکەی.

**٢- سەردانی قوتابخانەی (بیتوێنی بنەڕەتیی تێکەڵاو)**

شوێن: گەڕەکی ئەندازیاران، ناوی بەڕێوەبەر( عبدالله محمد مستەفا)، (٣) پۆلی یەکەم پرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ژمارەی قوتابیانی( ١١١) قوتابی، ژمارەی مامۆستایانی(٢) مامۆستا،(١) بیرکاری،(١) زانستە گشتیەکان، هەر(٢) مامۆستا خولیان بینیوە، ئەم قوتابخانەیە(١) یەك دەوامییە، پرۆگرامەکانی خوێندنیان بۆدابینکراوە، هۆیەکانی فێرکردنیان نییە، لێژنەی قوتابخانەیی هیچ کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، ئەمڕۆ فەرمانی قوتابخانەیی لێژنەکەیان دەرکردووە بەژمارە(١) لە ٢٠١٥/١١/٢٢،

بەهۆی درەنگ گەیشتنی گشتاندن و فەرمانەکانی وەزارەت بۆ قوتابخانەکەیان. پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت و مامۆستایانی قوتابخانەکە ئارەزوویان بۆ دروست بووە کە لەم پرۆسەیەدا کار بکەن. مامۆستایان بۆ وانەوتنەوەیان زۆر سوود لە مامۆستای وانەی ئینگلیزی قوتابخانەکەیان خاتوو(خۆشی عەبدولڕەحمەن) دەبینن کە هاوکارییان دەکات، سەردانی پۆلی مامۆستا(پرشنگ قاسم) مامۆستای بیرکاری کرا کە سەرکەوتووبوو لەوانەوتنەوەکەی. تا ئەمڕۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بابەتی زانستە گشتیەکان سەردانی قوتابخانەکەیانی نەکردووە.

**٣- سەردانی قوتابخانەی (شەونمی بنەڕەتیی تێکەڵاو)**

شوێن: گەڕەکی باداوەی سەروو، ناوی بەڕێوەبەر( فاروق مستەفا حسێن)، (٤) پۆلی یەکەم پرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ژمارەی قوتابیانی (١٣٠) قوتابی، ژمارەی مامۆستایانی(٤) مامۆستا،(٢) بیرکاری،(٢) زانستە گشتیەکان، تەنها(٣) مامۆستا خولیان بینیوەو مامۆستایەك بە تەکلیف دانراوە بۆ وانەوتنەوە، ئەم قوتابخانەیە (٢) دوو دەوامییە، پرۆگرامەکانی خوێندنیان بۆدابینکراوە، هۆیەکانی فێرکردنیان نییە، لێژنەی قوتابخانەیی هیچ کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، فەرمانی قوتابخانەیی لێژنەکەیان دەرکردووە بەژمارە(٩٧) لە ٢٠١٥/١١/١٠، بەهۆی درەنگ گەیشتنی گشتاندن و فەرمانەکانی وەزارەت بۆ قوتابخانەکەیان. پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت و مامۆستایانی قوتابخانەکە ئارەزوویان

بۆ دروست بووە کە لەم پرۆسەیەدا کار بکەن. سەردانی پۆلی مامۆستا( دیدار عبدالرحمن عولا) مامۆستای بیرکاری کرا کە سەرکەوتووبوو لەوانەوتنەوەکەی.

٤- سەردانی قوتابخانەی ( حەپسەخانی بنەڕەتیی تێکەڵاو )

شوێن: گەڕەکی موفتی، ناوی بەڕێوەبەر( عەبدولڕحمان رسوول محەمەد عەلی)، (٣) پۆلی یەکەم پرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ژمارەی قوتابیانی(١٠١) قوتابی، ژمارەی مامۆستایانی (٢) مامۆستا، (١) بیرکاری، (١) زانستە گشتیەکان، هەر(٢) مامۆستا خولیان بینیوە، مامۆستایەك بە تەکلیف وانەی بیرکاری دەڵێتەوە و خولی نەبینیوە، ئەم قوتابخانەیە (٢) دوو دەوامییە، پرۆگرامەکانی خوێندنیان بۆدابینکراوە، هۆیەکانی فێرکردنیان نییە، لێژنەی قوتابخانەیی هیچ کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، فەرمانی قوتابخانەیی لێژنەکەیان دەرکردووە بەژمارە(١٠) لە ٢٠١٥/١١/١٨، بەهۆی درەنگ گەیشتنی گشتاندن و فەرمانەکانی وەزارەت بۆ قوتابخانەکەیان. پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت و مامۆستایانی قوتابخانەکە ئارەزوویان بۆ دروست بووە کە لەم پرۆسەیەدا کار بکەن. تا ئەمڕۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بابەتی بیرکاری سەردانی قوتابخانەکەیانی نەکردووە.

٥- کێشەو تێبینی و سەرەنجەکان:

١- درەنگ گەیشتنی گشتاندن و فەرمانەکان بۆ قوتابخانەکان.

٢- لاوازی تەنسیقکردن و نەگەیاندنی وەکو پێویستی ڕێنماییەکان لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکان و تا ئەمڕۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی زانستە گشتیەکان و بیرکاری لە هەندێك قوتابخانە سەردانیان نەکردووە.
٣- نەبوونی هۆیەکانی فێرکردن لە قوتابخانەکان.
٤- نەبوونی لاپتۆپ و داتاشۆ لە زۆربەی قوتابخانەکان.
٥- درەنگ دەرچوونی فەرمانی قوتابخانەیی و لە هەندێك قوتابخانەش فەرمان دەرنەچووە.
٦- نەبوونی تۆماری تایبەت بۆ مەحزەری کۆبوونەوەکانی لێژنەی قوتابخانەیی.

**پێشنیارەکان:**

١- لێژنەی پارێزگە و قەزاکان لەم پرۆسەیەدا سەردانی مەیدانی بکەن و گشت نووسراوەکانی لێژنەی بالاَ گشتاندنی بۆ بکەن بۆ سەرجەم قوتابخانەکان بە زووترین کات و دلّنیابوون لە گەیشتنی نووسراوەکان و ڕێنماییەکان.
٢- سەردانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکان زیاتر و باشتر بکرێت بۆ بەدواداچوون و سەرخستنی ئەم پرۆسەیە.
٣- فەرمانی قوتابخانەیی سەرجەم قوتابخانەکان دەربچێت و وێنەیەکی فەرمانەکانی قوتابخانەیی بدرێتە پەروەردەکان بۆ ئەوەی لە پەروەردەکانەوە بۆ هەموو قوتابخانەکان فەرمانی

کارگێڕی بۆ دەربچێت و وێنەیەکی بدرێتە لێژنەی باڵا بۆ بە ئەرشیفکردن و یەکخستنی دۆکیۆمێنتەکانی ئەم پرۆسەیە.

٤- دوای دەرکردنی فەرمانی قوتابخانەیی لە قوتابخانەکە تۆماری تایبەت بۆ مەحزەری کۆبوونەوەکانی لێژنەی قوتابخانەیی دابنرێت کە هەموو کۆتایی هەفتەیەك کۆبوونەوەکانیان ئەنجام دەدەن، کێشەو پێشنیار و تێبینیەکانیان تیایدا تۆمار بکەن بۆ ئەوەی سەرووی خۆیانیان لێ ئاگادار بکەنەوە.

٥- دابینکردنی لاپتۆپ و داتاشۆ و هۆیەکانی فێرکردن بۆ قوتابخانەکان.

**دووەم: بەدواداچوون بۆ کردنەوەی خولی مامۆستایان لە پارێزگەی دهۆك**

ئاماژە بەفەرمانی وەزاری ژمارە(٨٣٣٣) لە ٢٠١٦/٨/٨، رۆژی سێشەممەی رێکەوتی ٢٠١٦/٨/٩ راوێژکار د. ئەحمەد قەرەنی سەرۆکی لێژنەی باڵا سەردانی پارێزگەی دهۆکی کرد، لەمیانەی ئەم سەردانەیدا:

**یەکەم:** کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆك کە تیایدا بەڕێوەبەرانی پەروەردەکانی (رۆژهەڵات و رۆژئاوا) و بەڕێوەبەرانی

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئامادەی کۆبوونەوەکەبوون، بەمەبەستی بەدواداچوون و پێداچوونەوە بەسەرجەم راسپاردەکان و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە لەمساڵی خوێندن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولەکان و پلانەکان بۆ ئەمساڵی خوێندن و ئامادەکارییەکانی ساڵی داهاتووی خوێندنی ٢٠١٧/٢٠١٦، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر گرنگترین تەوەر لە( ئامادەکردنی مامۆستایان) و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیدان بەخولەکانی راهێنانی (مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) و بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکان بەپێی پلان بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی پلانی بازنەی یەکەم.

**دووەم:** هەر لەهەمان رۆژدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی زاخۆ کرا و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی زاخۆ ئەنجامدرا بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە وئەم خاڵانەش کرانە راسپاردە:

١- لەبەر ئەوەی رێژەی زۆری مامۆستایانی زاخۆ (مامۆستایانی وانەبێژن) بەپێویستی دەزانین بەپێی پسپۆڕی خۆیان بەشدارییان پێبکرێت لەخولەکانی (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەقۆناغی باخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) و لەشوێنی پێویست دابنرێن، دوای بینینی خولەکان و سەرکەوتنیان هەڵسەنگاندنی ساڵانەیان بۆ بکرێت،

لەکاتی دامەزراندنی هەمیشەیی یان دامەزراندنی بە گرێبەست ئەو مامۆستایانەی وانەبێژ بەبێ مەرج دابمەزرێن.

٢- لەهەندێك قوتابخانە ژمارەی قوتابیانی یەکجار زۆرەو دەرفەتی گواستنەوەیان نیە، یانیش لە هەندێك لە گوندەکان بینای قوتابخانەیان نیە، بۆیە پێشنیار کرا بۆ چارەسەری هەنووکەیی بۆ ئەم کێشەیە هەوڵبدرێت کەرەڤانات بۆ ئەو گوندانە دابین بکرێت.

# بەشی چوارەم: هەڵسەنگاندن

تەوەرەی یەکەم: هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥/٢٠١٦

تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنێك لەلایەن ڕاهێنەرێکەوە

تەوەری سێیەم: هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری

تەوەری چوارەم: پوختەی دوو ساڵی پرۆژەکە

## تەوەری یەکەم:

## هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥

دوابەدوای ناردنی نووسراومان ژمارە ( ٦٦٦٢٣له ٢٠١٦/٦/١٣) دەربارەی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنووسی یازدەم کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای (پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتیەکان لەباخچەکانی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی) و تەواوبوونی ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥ و داوا لە پەروەردەکان کرا کە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە لەو ساڵەی خوێندندا ئەنجام بدەن، دوا بەدوای گەیشتنی سەرجەم ڕاپۆرتی پەروەردەکان کە دەرەنجامی ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستایانی پرۆسەکە ڕاو سەرنج و ڕاسپاردەکانیان یەکخستووەو پوختەی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ئاماژەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەکەیان بەمشێوەیەی خوارەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کردووە:

### یەکەم: کێشەو گرفتەکانی پرۆسەکە:

١.بەشێك لە مامۆستایانی کە بەشداری خولەکانیان کردووە پسپۆڕی بابەتەکانی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) نەبوون.

٢.کەمی ژمارەی کتێبەکانی خوێندنی بابەتەکانی ( بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لە قوتابخانەکان و خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان، یان درەنگ گەیشتنیان بۆ قوتابخانەکان.

٣ .کەمی یان نەبوونی هۆیەکانی فێرکردن و روونکردنەوە لە هەردوو بابەتی خوێندن لە قوتابخانەکان.

٤ .کەمی یان نەبوونی (داتاشۆ) لە پۆلەکانی خوێندن و قوتابخانەکان.

٥ .نەبوونی رێبەری مامۆستا لە پەرتووکەکانی خوێندن بۆ مامۆستایان.

٦ .زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکانی خوێندن.

٧ .نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان کەسوکاری قوتابیان وقوتابخانەو مامۆستایان و لاوازی خێزانەکان لە هاوکاریکردنی منداڵەکان لەم پرۆسەیەدا، هەروەها ئەنجامنەدانی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسوکاری قوتابیان لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانەوە..

٨ .سەردانینەکردن و لاوازی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ مامۆستایان و قوتابخانەکان.

٩ .نەبوونی سیدی دەنگ و رەنگ لە بابەتەکانی خوێندن بۆ مامۆستایان لە قوتابخانەکان.

١٠ .بەشێکی زۆری مامۆستایان ناویان بەرزکراوەتەوە بۆ خولەکان بەڵام نەچوونەتە خولەکان.

١١.نەبوونی پەرتووکی راهێنانی بابەتەکان بۆ قوتابیان (پەرتووکی چالاکی).

١٢. گواستنەوەی مامۆستایان ئەوانەی خولیان بینیوە بۆ قوتابخانەیەکیتر، یاخود گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانەیەکیتر کە ئەو پرۆسەی تێدا جێبەجێ ناکرێت.

١ . ترس لەوە هەیە کە لە قۆناغەکانیتری خوێندن پرۆگرامەکانی خوێندنی هەردوو بابەت قورستر دەبێت و بە زەحمەتی دەبینن.

١٤. لاوازی بەدواداچوون لە کۆکردنەوەی ئامار و زانیارییەکانی قوتابخانەکان.

## دووەم : چارەسەریی و ڕاسپاردەکان:

١ . بەردەوامیدان بەکردنەوەی خولی زیاتر وبەشداریکردنی مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتەکانی ( بیرکاری و زانستە گشتیەکان) لە خولەکان.

٢.چاپکردنی ژمارەی پێویست لە کتێبەکانی خوێندنی بابەتەکانی (بیرکاری و زانستە گشتیەکان) بۆ قوتابخانەکان و خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان و زوو گەیشتنیان بۆ قوتابخانەکان.

٣ .بەردەستکردنی هۆیەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوە لە هەردوو بابەتی خوێندن لە قوتابخانەکان.

٤ .دابینکردنی (داتاشۆ) لە پۆلەکانی خوێندن و قوتابخانەکان.

٥ .دروستکردنی ڕێبەری مامۆستا لە پەرتووکەکانی خوێندن بۆ مامۆستایان.

٦ .کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکانی خوێندن.

٧ .هەماهەنگیکردن لەنێوان کەسوکاری قوتابیان وقوتابخانەو مامۆستایان لەگەڵ خێزانەکان لە هاوکاریکردنی منداڵەکانیان لەم پرۆسەیەدا، هەروەها ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسوکاری قوتابیان لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانەوە.

٨ .بەدواداچوون و سەردانیکردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ مامۆستایان و قوتابخانەکان.

٩ .ئامادەکردنی سیدی دەنگ و ڕەنگ لە بابەتەکانی خوێندن بۆ مامۆستایان لە خولەکان وقوتابخانەکان.

١٠ .بەردەوامیدان بەکردنەوەی خولەکان و ئامادەکردنی مامۆستایان و داڕشتنی پلانێکی گونجاو بۆ بەشداری مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتەکان بۆ خولەکانی ڕاهێنان.

١١.دروستکردنی پەرتووکی ڕاهێنانی بابەتەکان بۆ قوتابیان ( پەرتووکی چالاکی).

١٢ .گواستنەوەی مامۆستایان ڕابگیرێت بەتایبەت ئەوانەی خولیان بینیوە لە قوتابخانەکان.

١٣ .بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە بۆ پۆلەکانیتری خوێندن و دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندنیان.

١٤ .پێدانی ڕێزو سوپاس بە مامۆستایانی پرۆسەکە و دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکان.

١٥.پێداچوونەوە بە هەردوو بابەتەکانی خوێندن( پوخت و چڕتر بکرێتەوە) لە پۆلەکانی دووەم وسێیەم و بازنەی دووەمی خوێندن.

١٦ .جەختکردنەوە لەسەر هەبوونی وانەی نموونەیی و پەخشکردنی لە تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

١٧ .گرنگیدان بە کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار وداتاکانی مامۆستایان و قوتابیان و قوتابخانەکان و یەکخستنیان بۆ بەئەرشیفکردنی پرۆسەکە.

١٨ .سەردانی مەیدانی لەنێوان مامۆستایان و قوتابخانەکان و لێژنەکانی پەروەردەی گشتی و قەزاکانی هەرێم بکرێت بۆ سوودوەرگرتن و دەوڵەمەندبوونی شارەزایی مامۆستایان لەنێوان خۆیاندا.

## سێیەم : هەڵسەنگاندنی کۆتایی:

١ .پرۆسەکە بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥ بەڕێژەی ٧٠٪ سەرکەوتوو بووە، قوتابیان لە ڕووی دەروونییەوە زۆر ئاسوودەبووینە و سوودی زۆریان بینیوە.

٢.مامۆستایان دڵسۆزانه و سەركەوتووانە ئەرك و كارەكان و پەیامی ڕاستەقینەی خۆیان گەیاندووە و گرنگی زۆریان بە بابەتەكانداوە و هەماهەنگی تەواویان كردووە بۆ سەرخستنی پرۆسەكە.

٣.كارگێڕی قوتابخانەكان بە تەواوی ئەرك وكاری خۆیان جێبەجێكردووە و هەماهەنگبوونە لەگەڵ مامۆستایان و جێبەجێكردنی ڕێنماییەكان.

٤ .زۆربەی زۆری دایكان و باوكان و كەسوكاری قوتابیان هاندەرن بۆ پرۆسەكە و درێژەپێدانی.

| ژ | پارێزگە | ژمارەی قوتابخانە | ژ. قوتابی | ژ.مامۆستایانی خولیان بینیوە | ژ. مامۆستایانی خولیان نەبینیوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **هەولێر** | ٥٢ | ٤٧٠٥ | ٦٥٦ | ١١٠٠ |
| ٢ | **دهۆك** | ٤٢ | ٣٤٥٠ | ١٦٨١ | ٦٧٤ |
| ٣ | سلێمانی | ٤٦ | ٤٢٠٠ | ٦١٤ | ١١٥٠ |
| ٤ | گەرمیان | ٤٣ | ٢٤١٨ | ٢٢٥ | ٥٢٥ |
| كۆ | ٤ | ١٨٣ | ١٤٧٧٣ | ٣١٧٦ | ٣٤٤٩ |

**تەوەری دووەم:**

## هەڵسەنگاندنێك لە لایەن ڕاهێنەرێکەوە

مامۆستا مەسعوود یەك لە ڕاهێنەرە بە تواناکانی بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنانی سەر بە ب. گ. پەروەردەی پارێزگەی دهۆك بوو. تیمی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەر شرین عەبدلحافیز ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لەسەرخستنی خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان. لەمیانی چەند سەردانێکمدا بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، تێبینی ئەوەم کرد کە پێویستە کارەکانیان ئەرشیف بکرێن و هەڵسەنگاندنێکی ساڵانەشیان بۆ ئەنجام بدرێت. لەو سونگەیەوە داوام لێ کردن کە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ خولی ڕاهێنانی تایبەت بە مامۆستایانی بیرکاری و زانستە گشتییەکان بکەن. لەدوای چەند مانگێك ئەم نامەیەم لە لایەن بەڕێز مامۆستا (مەسعوود غەیاسەددین)ـەوە بەدەست گەیشت و توێژینەوەیەکیش بە زمانی ئینگلیزی هاوپێچ کرابوو کە لەلایەن گۆڤاری ئەکادیمی زانکۆی دهۆکەوە پەسەندکرابوو. لەبەر گرنگی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، لێرەدا بە پێویست دەزانین کە ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکەو هەندێك پێشنیارو تێبینییەکانی بەڕێزیان دووبارە لەگەڵ نامەکەیدا بڵاو بکرێنەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕیز دکتور ئەحمەد قەرەنی ڕاویژکاریێ وەزارەتا پەروەردێ

بابەت/ ڕاسپاردە وپێشنیار

سلاڤ وریٚز

دویڤ داخواز و پشتەڤانیا هەوە ییٚن بەڕیٚز، من ئەڤ ڤەکۆلینە ئەنجام دایە و ل دوماهیا ڤەکۆلینیٚ چەند راسپاردە وپیٚشنیار ب دیتنا من وەك ڤەکۆلەر پیٚتڤیە بهیٚنە وەرگرتن و ببنە جهیٚ پویتەدانیٚ ژ لاییٚ وەزارەتا پەروەردیٚ ڤە و هەر وەسا من چەند سیمینارەك ل پەروەردەییٚن قەزا ییٚن پاریٚزگەها دهۆکیٚ ل سەر ڤەکۆلینیٚ پیٚشکیٚش کرینەو ژ لاییٚ ئامادەبوونان ڤە گەنگەشە ل سەر هاتینە کرن و چەند راسپاردە وپیٚشنیاریٚن دی بۆ وەزارەتا پەروەردیٚ هاتینە ئامادەکرن.

## ناڤیٚ ڤەکۆلینیٚ ب ئینگلیٚزی:

(STUDY THE IMPACT OF ENGLISH COURSES ON PRIMARY SCHOOLS TEACHERS CONCERNING THE EDUCATIONAL CURRICULUM CONVERTS FROM KURDISH TO ENGLISH IN K.R.G., Case Study, Duhok City)

## ناڤیٚ ڤەکۆلینیٚ ب کوردی:

(کارتیٚکرنا خولیٚن ئیٚنگلیزی سەر مامۆستاییٚن قوتابخانیٚن بنەڕەت سەر وەرگیٚڕانا پرۆگرامیٚ فیٚرکرنیٚ ژ زمانیٚ کوردی بۆ زمانیٚ ئینگلیزی).

## Recommendations ڕاسپاردەیێن ڤەکۆلینێ

1. The researcher recommends establishing departments of sciences (physics, biology, chemistry, and mathematics) in college of basic education in Duhok.

١– ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت بەشێن زانستی(فیزیا، زیندەوەرزانی، کیمیا، و بیرکاری) ل کولیژا پەروەردا بنیات ـ دهۆك بهێنە ڤەکرن.

2. The researcher recommends that the institute of training and educational development - Duhok admit more students in sciences departments to fill the mentioned gap in primary schools in Duhok city.

٢ـ ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت پەیمانگەها راهینان و گەشەپێدانا پەروەردەیی ل پارێزگەها دهۆکێ هەژمارا هەرە مەزن یا مامۆستاییێن قوتابی ل بەشێ زانستی وەربگریت، دا ئەو ڤالاهییا ل قوتابخانێن بنەرەت دا هەیە تەژی بکەت.

3. The researcher recommends that ministry of education give more privileges to teachers for encouraging them joining to college of basic education and institute of training and educational development-Duhok.

٣- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت، وەزارەتا پەروەردی مافێن زێدە بدەتە مامۆستاییێن قوتابخانەییێت بنەڕەت دا بهێنە هاندان و هەژمارەیەکا پتر یا مامۆستایان خوەندنا خو ل کۆلیژا پەروەردا بنیات و پەیمانگەها راهینان و گەشەپێدانا پەروەردەیی تمام بکەن.

4. The researcher strongly recommends enhancing the harmony between the ministry of education and the ministry of higher education to provide the requirements of directorate of education in Duhok city and all educational directorates in Kurdistan region.

٤- ڤەکولەر پێشنیار دکەت کو سازان و لێکتێگەهشتن د ناڤبەرا وەزارەتا پەروەردیێ و وزارەتا خوەندنا بلند دا بهێزبکەڤیت دا پێتڤییێت ڕێڤەبەرییێت پەروەدەیی ل پاریزگەها دهۆکیێ و هەر وەسا هەمی ڕیڤەبەرییێت پەروەردەیی ل هەرێما کوردستانیێ بهێنە دابینکرن.

5. The researcher suggests not obliging teachers who has educational service more than (23) years to explain science and mathematics lessons in English language.

٥- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت ئەو مامۆستاییێن خزمەتا وان ژ ٢٣ سالا زێدەترە، زۆری ل وان نەهێتەکرن داکو وانێت زانستی وبیرکاری ب زمانی ئینگلیزی شرۆڤە بکەن.

6. Ministry of education should set in its program employing additional numbers of teachers (specialties of science and mathematics) for time being.

٦- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت کو وەزارەتا پەروەردێ پێتڤییە هەول بدەت بۆ دامەزراندنا ژمارەیەکا مامۆستاییێن پسپۆرێن بابەتێن زانستی وبیرکاریێ وەك چارەیەکا بلەز بۆ دەمێ نوکە.

7. The researcher suggests providing teachers with English courses continuously and expands English courses to include all teachers.

٧- ڤەکۆلەر پێشینیار دکەت کو مامۆستا ب شێوەیەکی فراوانتر ل خولێن ئینگلیزیکرنا بابەتێن زانستی وبیرکاری بەشدار بن وهەمی مامۆستا پێتڤیە بەشداری خولێن ئینگلیزیێ بن.

8. The researcher suggests establishing additional English courses for teachers and one English course is not enough to develop linguistic teacher's skills.

٨- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت کو هێشتا خولێن ئینگلیزی بهێنە ڤەکرن، و یەك خول نە بەسە بۆ مامۆستایان دا شیانێت وان یێت زمانی بهێز بکەڤن.

9. The researcher strongly suggests preparing an educational CD, contains pronunciation of words and typical methods of explaining the lessons.

٩- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت (سی دی)یەکی فێرکرنێ بۆ مامۆستایان بهێتە ئامادەکرن و تێدا خوەندنا درست یا وشێت ئینگلیزی بهێتە تۆمارکرن و هەر وەسا رێکێن نموونەییێت شرۆڤەکرنا وانەیان ژی ناڤدا بهێنە دیارکرن.

10. The researcher recommends making a shift in the role of educational supervisors whom should affect positively on teachers in schools.

١٠- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت کو گهورینەك ل رۆلێ سەرپەرشتیارێ پەروەردەیی بهێتە کرن و پێتڤییە سەرپەرشتیار ب شێوەکێ پوزەتیڤ کارتێکرنێ سەر مامۆستای بکەت.

11. The researcher strongly recommends that the ministry of education to continue in its plan and it only should provide the teachers' requirements to succeed this process.

١١- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت کو وەزارەتا پەروەردێ یا بەردەوام بیت سەر پلانا خو یا ب ئینگلیزکرنا بابەتێن زانستی و بیرکاریێ، بەس پێتڤییە وەزارەتا پەروەردێ پێتڤیێن مامۆستا بۆ ئەڤێ پرۆسەیێ دابین بکەت.

12. The researcher recommends that the ministry of education should notify educational bodies for advising teachers to use mother language in the first three years.

١٢- ڤەکۆلەر پێشنیار دکەت کو وەزارەتا پەروەردێ پێتڤیە ئاگەهداریا رێڤەبەرێت پەروەردێ بکەت و ب رێیا وان مامۆستا بهێنە ئاگەهدارکرن کو ئاریشە نینە ئەگەر زمانێ دەیکێ دگەل زمانێ ئینگلیزی بکاربینن دەمێ وانەیێت زانستی و بیرکاری ل سێ سالێت سەرەتایی یێت دەستپێکی دا شرۆڤە دکەن.

## پێنگاڤێن جێبەجێکرنا ڤەکۆلینێ

هندەك راسپاردە و پێشنیار بۆ وەزارەتا پەروەردێ سەر ب ئینگلیزیکرنا هەر دوو بابەتێن زانستی وبیرکاری ل هەرێما کوردستانێ:

حەز دکەم هەوە یێن رێزدار ئاگەهدار بکەم کو ئەز رابوویمە ب پێشکێشکرنا سیمینارا ل پەروەردەیێن قەزایێن دهوك ل دویڤ داخوازا هەوە یێن زۆر بەرێز سەر ڤەکۆلینا خۆ یا زانستی ل بارەی ب ئینگلیزیکرنا بابەتێن زانستی و بیرکاری ل هەرێما کوردستانێ. پشتی من سیمینار پێشکێشکرین و گەنگەشە ل سەر بابەتی هاتینە کرن ژ لایی ئامادەبوویان ڤە کو پێك هاتبوون ژ:

١- ڕێڤەبەرێن پەروەردەیێ ٢ - سەرپەرشتیارێن پەروەردەیی

٣ - ڕێڤەبەرێن قوتابخانان ٤- مامۆستا ٥ - راهینەرێن پەروەردەیی.

چەندین هزرێن نوی بۆ من هاتنە روونکرن، ڤێجا من ب گرنك زانی ئەڤان هزر و بۆچوونان بگەهینمە هەوە یێن زۆر بەرێز وەك راسپاردە و پێشنیار بۆ وەزارەتا پەروەردێ. ل خشتەیا خوارێ دا هاتیە دیارکرن ژڤانێ ئەنجامدانا وێ و هەر وەسا ئەو راسپاردە و پێشنیارێن هاتینە دیارکرن. جه و مێژوویا ئەنجامدانا سیمینارێ:

١- پەروەردا قەزا زاخۆ 2017 / 5 / 29.
٢- پەروەردا قەزا سێمێل 2017 / 6 / 5.

٣- پەروەردا قەزا ئاكرێ 2017 / 6 / 12.

## تێبینی وپێشنیار

پشتی پێشكێشكرنا سیمینارا ل پەروەردیێن قەزا دهوكێ سەر ڤەكۆلینا زانستی و كارتێكرنا خولێن ئێنگلیزی سەر مامۆستاییێن قوتابخانێن بنەڕەت سەر وەرگێڕانا پرۆگرامێ فێركرنێ ژ زمانێ كوردی بۆ زمانێ ئینگلیزی:

١- پلانا ئینگلیزكرنا بابەتێن زانستی و بیركاری ب شێوەیەكێ ماوەیی بهیتە جێبەجێكرن. ماوەیەك بهێتە دیاركرن و پەسەندكرن ژ لایێ وەزارەتا پەروەردێ ڤە و ئەنجومەنی وەزیران ژی رازیبوونا خۆ ل سەر دیار بكەت بۆ جێبەجێكرنا بڕیارێ ل هەرێما كوردستانێ..

٢- ڤەكۆلەر پێشنیار دكەت (٦) سال بهێنە دیاركرن بۆ جێبەجێكرنا پلانا ئینگلیزیكرنا بابەتێن زانستی و بیركاری ل هەرێما كوردستانێ..

٣- زۆری ل قوتابخانا نەهێتەكرن سەر ئینگلیزیكرنا بابەتێن زانستی و بیركاری و ب ڕێكا هەماهەنگیێ د ناڤبەرا ڕێڤەبەری یێن قوتابخانان و رێڤەبەری یێن پەروەردەیێ بڕیار بهێتەدان سەر ب ئینگلیزیكرنا بابەتان ل قوتابخانێت هەرێما كوردستانێ. هەر كاتەكێ رێڤەبەری یێن قوتابخانا ئامادەبوونا خۆ دیاركر بلا رێڤەبەرییا پەروەردەیێ ئاگەهدار بكەت و بڕیار بهێتەدان سەر ب

ئینگلیزیکرنا بابەتان ل قوتابخانێت بەرهەڤ بۆ جێبەجێکرنا پلانا ب ئینگلیزیکرنا بابەتێن زانستی و بیرکارییێ..

٤- هەمی ب. پەروەردەییێن هەرێما کوردستانێ بهێنە ئاگەدارکرن کو پێتڤیە بەرهەڤبوونا خۆ دیار بکەن و بڕیارا ب ئینگلیزیکرنا بابەتێن زانستی و بیرکاری چێبەجێ بکەن ل ماوەی دەستنیشانکری دا.

٥- وەزارەتا پەروەردەییێ پرۆگرامەکی و سیستەمەکی بدانێت بۆ چاڤدێریکرنا جێبەجێکرنا بڕیارێ.

تەوەری سێیەم:

## هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری

لەوەرزی یەکەمی سێیەم ساڵی جێبەجێکردنی پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان، بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری لە دیوانی وەزارەتی ڕاسپێدرا کە بەپێی بەرنامەیەکی مەیدانی سەردانی چەند بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بکات و لەڕێگەی ئەوانەوە سەردانی قوتابخانەکانیش بکەن و هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆسەکە ئامادە بکەن و تێدا خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانیشی دەستنیشان بکرێن. لە ئەنجامدا ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە بۆ جەنابی وەزیر بەرزکراوەتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە**

***ب ـ بەدوا داچوون بە پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی زانست وبیرکاری لە قوتابخانە کوردییەکان***

لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٦ی١٢ی٢٠١٧)، لێژنەی باڵای پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (بیرکاری وزانستەکان) لەگەل جەنابتان، لەسەر فەرمانی جەنابتان ژمارە (٩) لە رێکەوتی (٤ی١ی٢٠١٨) ئێمە راسپاردراین بۆ بەدواداچوون و لێکۆلینەوە لە پرۆسەکە لە رێگای سەردانی کردنی چەند قوتابخانەیەك لە سنووری ب.گ. پەروەردەی (هەولێر، دهۆك،

سلێمانی، گەرمیان، و هەڵەبجەی شەهید) لە دەسپێکی کۆرسی دووەمی خوێندن، هەروەها سەردانی لیژنەی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان لە هەولێر و دهۆك و شەقلاوە وشێخان وئاکرێ.

**ئەنجامی سەردان و پێشنیارەکان:**

یەکەم: بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەکە وەك بیرۆکە بە باش دەزانن.

دووەم: پرۆگرامەکان بەتایبەت (کتێبی زانست) گرانە و لەگەل توانای قوتابی کە جارێ پیتەکانی ئینگلیزی نازانێ زۆر بەرزترە.

سێیەم: مامۆستایان ئامادەییان نیە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆسەکە لەبەر ئەوەی:

- زۆربەیان سالانێکە مامۆستان لەسەر گوتنەوەی بابەتەکان بە زمانی کوردی راهاتوون وتێیدا پسپۆریشن.
- تەمەنیان یاریدەیان نادات فێری زمانێکی دیکە ببن.
- بۆ خۆیان ئاستی زمان ووبڕوانامەیان نزمە.
- خولەکان وەك پێویست نەبوون ماوەکەیان کەم بووە، هیچ هاندانێك نەبووە بۆ بەردەوامییان.
- مامۆستا هەیە بۆ ئەوەی هەست نەکات بەشکانەوە وازی هێناوە.

چوارەم: ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ئامادەباشی هەیە لە رووی قوتابی و قوتابخانەشەوە، بەم شێوەیە:

- نابێ ژمارەی قوتابی لە پۆلدا لە (٢٥ بۆ ٣٠) قوتابی زیاتر بێ کە ئێستا لە هەندێ قوتابخانە دەگاتە سەرووی (٥٠) قوتابی.

- ماوەی دەوام دەبێت زیاتر بێت لەماوی ئێستا.

**پێنجەم: هۆیەکانی فێربوون.**

بەبێ هۆیەکانی فێربوون، خوێندن بەجارێك پەکی دەکەوێ:

- لە هەموو وانەکاندا داتاشۆ دەبێ بەبەردەوامی بەکاربهێندرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ژووری تایبەت و ئامێری تایبەت و گۆبیستی و کارەبا و لاپ تۆپیان لەبەردەستدابێ.

- دەبێ (CD) هەموو وانەکان بەتایبەتی زانست بەزووترین کات بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشبکرێ.

- کتێب کە کێشەیەکی سەرەکییە و زۆربەی قوتابخانەکان لەکاتێکی درەنگ بەدەستیان گەیشتیە.

- کتێبی مامۆستا لە هیچ کام لە قوتابخانەکاندا نەبوون، کە کتێبیکی گرنگە.

شەشەم: سەرپەرشتیاری.

- سەرپەرشتیاری بە گرووپ کە لەناو هەولێر پەیڕەو دەکرێ، چاودێری وانەکانی بەتەواوی پەك خستووە.

- سەرپەرشتیار بۆ ئەوە ئامادەنەکراوە، سەرپەرشتی وانە کوتنەوە بکات بە زمانی ئینگلیزی.

**ژمارەی قوتابخانە بە ئینگلیزی کراوەکان:**

- ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە ئینگلیزی کراون هەرگیز لەگەڵ توانای قوتابخانەکان و پەروەردەدا ناگونجێ.

- ناو شاری دهۆك،سێمێل و شێخان بەتەواوی هەموو قوتابخانەکان کراون بە ئینگلیزی، بەرادەیەك کە قوتابیەك بیەوێ بەکوردی بخوێنێ یان لەو پۆلەدا بمێنێتەوە کە پرۆسەکەی نەگەیشتۆتێ ناتوانێ لەو شارەدا بمێنێتەوە.

- مامۆستای بەئەزموونەکان دەیانپرسی:

ئایا پەروەردە دەیەوێ زانیاری فێری قوتابی بکات یان زمانی ئینگلیزی؟ دەکرێ لە رێگای زمانی ئینگلیزیەوە، یان وانەی ئینگلیزی زیاتر پەرەی پێ بدرێ.

- لە وڵاتی سوێد، دانیمارك، ئەڵمانیا، ئیسپانیا و دەوڵەتانی دەوروپشت هەرهەموویان یەك ران لەسەر ئەوەی کەدەبێ زانستەکان بەزمانی دایك بخوێنرێ، ئەگەر بکرێ تەنها دەستەواژەکان بە زمانی ئینگلیزی بێ.

ـ ئەگەر زمان بۆ نەتەوەکانی دیکە جارێك گرینگ بێ ئەوە بۆ کورد زمان و کیانەکەی بەردەوام لە ژێر هەڕەشە دایە سەدجار گرینگە.

**پێشنیارەکان:**

سێ پێشنیار هەمیشە دووبارە دەبنەوە:

یەکەم: بەردەوام بین و هەموو قوتابخانەکان ساڵ بەساڵ بکەینە ئینگلیزی.

دووەم: بەجارێك هەموو قوتابخانەکان و هەموو قۆناغەکان بکەینەوە کوردی.

سێیەم: پرۆسەکە بەردەوام بێ لە بازنەی یەکەم، یان لە چەند قوتابخانەیەك کە لە سەدا بیستی ژمارەی قوتابخانەکان زیاتر نەبێ.

بۆ ئەمەش دەکرێ یەکە یەکە لەو سێ پێشنیارە وردبینەوە.

پێشنیاری یەکەم: ئەگەر بڕیار بێ هەموو قوتابخانەکان و هەموو قۆناغەکان بگرێتەوە پێویستیمان بە دراسەکردنی ئەم ئەگەرانە هەیە.

**یەکەم: بودجەیەکی تایبەت.**

دووەم: لێژنەیەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی و دانانی بەرنامەی تەواو.

سێیەم: گرنگیدان بە هۆیەکانی فێربوون بە شێوەیەکی سەرەکی.

چوارەم: دامەزراندنی دەرچووەکانی کۆلێژی بنیاد و بەشەکانی ئینگلیزی.

چوارەم: کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ ئەو مامۆستایانەی ئارەزوو دەکەن کە بە ئینگلیزی وانە بڵێنەوە لە شەسش مانگ کەمتر نەبێت.

**پێشنیاری دووەم: پاشگەز بوونەوە.**

لە بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکان، مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکان رایان وابوو کە بە زووترین کات سەرجەم پرۆژەکە بگۆرینەوە بۆ کوردی، بە پشت بەستن بەو هۆکارانە.

یەکەم: هیچ کام لە مامۆستاکان ناتوانن بە خولی مانگانە و ساڵانە فێری زمانێکی دیکە ببن.

دووەم: بە زمانی دایك منداڵان باشتر تێدەگەن و مامۆستاش دەتوانێ بۆ منداڵان بگوازێتەوە، نەك دووبارە کردنەوەی چەند وشەو دەستەواژەیەك.

سێیەم: ئەوان رایان وایە و ئێمە لە نزیکەوە لەکاتی سەردانی پۆلەکان لەوە تێگەیشتن کە مامۆستایان دڵسۆزی پەروەردەو قوتابیەکان ولەپەناوە هەموو بابەتەکانیان بە کوردی بۆ قوتابیەکان شەرحکردوە ولەرووی زانیاریەوە کە پرۆسەکە بگۆڕێتەوە بۆ کوردی هیچ کێشەیەك دروست نابێ.

**پێشنیاری سێیەم: کردنە ئینگلیزی سنووردار.**

بە پێی تێگەیشتنی ئێمە کردنە ئینگلیزی سنووردار باشترین چارەسەرە، بەڵام ئەویش دەبێ لە ڕێگای پرسیارکردن لە قوتابخانەکان و قوتابیان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان جێ بەجێ بکرێ. بۆ ئەوەش دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی چالاك دابمەزرێ بۆ سەرپەرشتیکردن و چاودێری کردنی پرۆسەکە لە هەموو ڕوویەکەوە. پێویستمان بە هەنگاوی خێرایە:

- ئاسانکردنی کتێبی زانستی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بە شێوەیەك لەگەڵ توانا و ئامادەیی قوتابی بگونجێ.

- ئامادەکردنی کتێبی تەواو بۆ هەموو قۆناغەکان و لەکاتی خۆیدا دابەشبکرێت.

- ئامادەکردنی هەموو هۆیەکانی فێرکردن (CD)، داتاشۆ، گوێ بیست، پۆستەرات.

- کردنەوەی خولی خێراو بەردەوام بۆ مامۆستایان.

- زیادکردنی بەشە وانەی (ئینگلیزی) بۆ ئەوەی قوتابی زووتر وزیاتر فێری زمانی ئینگلیزی ببێت.

- دامەزراندنی قوتابیانی دەرچووی پەروەردەی بنیاد دەست بەجێ.

ـ کردنی بازنەی دووەم بە ئینگلیزی ئەگەر لە چەند قوتابخانەیەکیش بێ کارێکی گران و بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە وەك چۆن داهێنانیشە، بەڵام ئامادەکاریەکانی بە پەلەن و دەبێ لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گرینگی پێ بدرێت.

**تێبینی:**

ـ ئەم راپۆرتە لە ئەنجای سەردان و بەدواداچوون لە پەروەردەو قوتابخانەکانی هەولێر، بەحرکە، شەقلاوە، دهۆك، سێمێلێ، شێخان، ئاکرێ. سەرەڕای کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان و سەرپەرشتیاران و مەشق و راهێنان، نووسراوە.

ـ دەشێ قوتابخانەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید و راپەرین و گەرمیان لەهەمان بارو زروفدابن، بەڵام تا ئێستا نەگونجاوە ئێمە سەردانیان بکەین.

**سەردان و کۆبوونەوەکان:**

**کۆبوونەوەی یەکەم:** (٢ی١ی٢٠١٨) کۆبوونەوەمان کرد سەبارەت دانانی بەرنامەی کار.

**کۆبوونەوەی دووەم:** (٢ی١ی٢٠١٨) کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ بەڕێز (دکتور ئەحمەد قەرەنی) سەبارەت زیاتر ئاشنابوونمان بە پرۆسەکە

وەرگرتنی بۆچوونەکانی بەڕێزیان، بەسووپاسەوە بەڕێزیان زانیاریەکانی بەشێوەیەکی گشتی پێدام.

**کۆبوونەوەی سێیەم:** (١٦ی١ی٢٠١٨) کۆبوونەوەمان کرد لەگەل بەڕێزان سەرپەرشتیارانی بیرکاری وزانست لە ب. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەولێر، پێك هاتبوون لە:

١- مامۆستا نەوزاد عوسمان عەزیز، سەرپەرشتیاری بیرکاری.
٢- مامۆستا فەریدە بەهرام صادق، سەرپەرشتیاری زانستەکان.
٣- مامۆستا شادیە کەریم حەمەد سەلیم سەرپەرشتیاری باخچەی ساوایان.
٤- مامۆستا هادی ئیسماعیل خورشید، بڕیاردەری لێژنە لە ب. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

**کۆبوونەوەی چوارەم:** (١٧ی١ی٢٠١٨) کۆبووینەوە لەگەل بەڕێزان بەڕێوەبەر و هەردوو راهێنەران لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق وراهێنان:

١- مامۆستا بایز عبدوللا مەحمود، بەڕێوەبەری مەشق و راهێنان.
٢- مامۆستا ئەبوبەکر، راهێنەر.
٣- مامۆستا تلارا، راهێنەر.

**كۆبوونەوەیپێنجەم:** (٢٨ی١ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (بابا تاهیر) مان   کرد، وە سەردانی سیٚ وانەمان کرد:

١- وانەی بیرکاری لە پۆلی یەکەم.
٢- وانەی بیرکاری پۆلی سێیەم.
٣- وانەی زانستەکان پۆلی دووەم.

**پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد لە گەل بەڕێزان:**

١-  مامۆستا (مستەفا کەمال خەفاف)، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.
٢- مامۆستا (ڕێزان قادر عەزیز) بەڕێوەبەری قوتابخانە.
٣- مامۆستا (شەوین مولود ویسی) مامۆستای بیرکاری، دیبلۆم ئینگلیزی هەیە، خولی بینیوە.
٤- مامۆستا (هەتاو داود بدرالدین) مامۆستای بیرکاری، دیبلۆم بیرکاری خولی بینیوە.
٥- مامۆستا (مەهاباد محمد حمدان) مامۆستای زانستەکان، دیبلۆمی ئینگلیزی.

**کۆبوونەوەی شەشەم:** (٢٩ی١ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (گوڤەندی بنەرەتی تێکەڵاو) مان کرد، وە سەردانی سیٚ وانەمان کرد:

١- وانەی زانستەکان، پۆلی دووەم.
٢- وانەی زانستەکان پۆلی سێیەم.
٣- وانەی بیرکاری پۆلی دووەم.

**پاشان لە ژووری بەرێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد لە گەل بەرێزان:**

– مامۆستا شەونم موزەفەر محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانە.

– مامۆستا کەلسومە حەمەد شەریف، دیبلۆم گشتی، وانەی زانستەکان، خولی بینیوە.

– مامۆستا سەروین ئەلغەفور عبدولغەفور، بکالوریوس کۆمەلایەتی، مامۆستای زانست پۆلی ٣.

– مامۆستا کافیە سەلیم ئەمین، دیبلۆم بیرکاری، مامۆستای بیرکاری.

– مامۆستا جیران کەمال حەسەن، دیبلۆم بیرکاری، وانەی بیرکاری خولی بینیوە.

– مامۆستا شادیە محەمەدئەمین، دیبلۆم بیرکاری، وانەی بیرکاری، خولی بینیوە.

– مامۆستا ساکار حەسەن مەحمود، دیبلۆم کۆمەلایەتی، وانەی زانست.

**کۆبوونەوەی حەفتەم:** (٣١ی١ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (بەفراوی بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد، وە سەردانی دوو وانەمان کرد.

١– وانەی زانستەکان، پۆلی یەکەم.
٢– وانەی بیرکاری.

پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد لە گەڵ بەڕێزان:

١- مامۆستا (ئەحمەد عەلی شەریف)، بەڕێوەبەری قوتابخانە.
٢- مامۆستا (شنۆ یەحیا شواریێ)، یاریدەدەری بەڕێوەبەر.
٣- مامۆستا (نوریە جومعە)، دیبلۆم گشتی، زانستەکان خولی بینیوە.
٤- مامۆستا (لیمو سلێمان حەمەد)، دیبلۆم بیرکاری، خولی بینیوە.
٥- مامۆستا (نیگار ئەنوەر محەمەد)، دیبلۆم بیرکاری، خولی بینیوە.
٦- مامۆستای خۆبەخش (ژوان مازن)، دیبلۆم ئینگلیزی، زانست دەڵێتەوە.

**کۆبوونەوەی هەشتەم:** (٦ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (هەکاری بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد.

کۆبوونەوەمان تەنها لەگەڵ مامۆستا (دلشاد عوسمان حەمەك) بەڕێوەبەر کرد، لەبەر ئەوەی دەوامی بەیانی چووین پۆلەکانی (١ و ٢ و٣) دەوامی ئێواران بوون. مامۆستاکانی ئەو پرۆسەیە:

١- مامۆستا (سوسن حەسەن عەبدوڵلا)، دیبلۆم ئینگلزی وانەی بیرکاری پۆلی(١) دەلێتەوە، خولی نەبینیوە.

٢- مامۆستا (سۆزان هاشم قادر)، دیبلۆم کوردی وانەی بیرکاری پۆلی(٢) دەڵێتەوە، خولی بینیوە.
٣- مامۆستا (کەژاڵ عوسمان قادر)،دیبلۆم کۆمەلایەتی، وانەی بیرکاری پۆلی (٣)، خولی بینیوە.
٤- مامۆستا (شادیە حەسەن میرخان)، دیبلۆم کوردی وانەی زانست دەلیتەوە، لە حسابی خۆی خولی ئینگلیزی بینیوە
٥- مامۆستا (تابان ئەنوەر حمید)، بکلوریوس ئینگلیزی وانەی زانست پۆلی (٣) دەلیتەوە.
٦- مامۆستا (سەنگین ئیسماعیل حەمەد حەبیب)، فەرمانبەری کۆگا، خۆبەخش وانەی زانست دەڵێتەوە.

**کۆبوونەوەی نۆیەم:** (٦ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (ئاکار ی بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد. سێ وانەمان بەسەر کردەوە وانەی (زانست)، وانەی (بیرکاری)، وانەی (هونەری). پاشان کۆبوونەوەمان کرد لەگەل بەڕێزان:

١- مامۆستا (ئەحمەد جادر یابە) بەرێوەبەر.
٢- مامۆستا (ئەڤین حەسەن میرخان)، بکلوریوس کۆمەلایەتی، وانەی زانست دەڵێتەوە خولی لە حسابی خۆی بینیوە.
٣- مامۆستا (ئارەزوو قاسم ئیسماعیل)، دیبلۆم هونەری، وانەی بیرکاری دەلێتەوە خولی بینیوە.

**کۆبوونەوەی دەیەم:** (٧ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (پێشرەو ی بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد چاومان بە یاریدەدەری بەڕێوەبەر مامۆستا (سەلمە رەشید حسێن)کەوت. دوو وانەمان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانستەکان پۆلی یەکەم، مامۆستا (صەنعان کەریم) بکلوریوس زانست.
٢- وانەی بیرکاری پۆلی یەکەم، مامۆستا (خەدیجە حەمەد کریم)، خولی بینیوە. بۆ ساڵانی ئایندە ئامادەییان نییە ئەگەر خول نەبێنن.

**کۆبوونەوەی یازدەهەمم:** (٧ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (دیاکۆ ی بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد.

پاشان کۆبووینەوە لەگەل بەڕێزان:

١- مامۆستا (ژیان بابە شیخ عومەر) بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی.
٢- مامۆستا (زیاد کەریم خدر)، دەرچووی ئامادەییە (خولی شیاندن)، وانەی زانست دەلێتەوە خولی بینیوە.
٣- مامۆستا (نیشتمان فەتحوڵڵا)، خانەی مامۆستایان، وانەی بیرکاری دەلێتەوە خولی بینیوە.
٤- مامۆستا (نەرمین ئەحمەد عومەر)، خولی شیاندن، وانەی زانست دەلێتەوە خولی بینیوە.

٥- مامۆستا (مەهاباد حسێن فەقێ)، دیبلۆم بیرکاری، وانەی بیرکاری دەڵێتەوە خولی بینیوە. داوای خولی زیاتر دەکەن، وە مامۆستای دەرچووی کۆلێژیان پێویستە.

**کۆبوونەوەی دوازدەهەم:** (٧ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (نالی بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد. ئەم قوتابخانەیە ناوی لە لیستی پرۆسەی بەئینگلیزی کردن هەبووە، بەلام نەکراوەتە ئینگلیزی، لە سەردانەکەمان تێبینیمان کرد لە زۆری ژمارەی قوتابیانی پۆلی دووەم (١٠٠) قوتابی دابەشکرابوون لەسەر (٢) هۆبە، وە پۆلی سێیەم (٩٥) قوتابی دابەشکرابوون لەسەر (٢) هۆبە، بە بەڕێوەبەرمان راگەیاند کە چارەسەری بکەن، مامۆستا (بدیعە)ی بەڕێوەبەر گووتی لە دەسپێکی ساڵی داهاتوو چارەسەری دەکەین.

**کۆبوونەوەی سێزدەهەم:** (٢٠ی٢ی٢٠١٨) سەردانی بەڕێز مامۆستا (صەباح قادر ئارام) بەڕێوەبەری گشتی ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای (فرۆبل ی پەروەردەیی) مان کرد کە سەرپەرشتکاری قوتابخانەکانی سیستەمی (Sabis)ە، کۆبوونەوەمان کرد باسمان لە چۆنیەتی ئامادەکردنی مامۆستا کرد بۆ قوتابخانەکانیان وەڵامی بەڕێزیان بەو شێوەیە بوو:

١- تەنها مامۆستای دەرچووی کۆلێژی (زانست)، (پەروەردە)، (ئاداب ئینگلیزی)، دوای تاقیکردنەوەی تایبەت بەخۆیان گرێبەست ئەنجام دەدەن.

٢- مامۆستای تازە وەرگیراو بۆ ماوەی (٦) مانگ بەشدار دەکەن بە خوولی چڕوپڕ بۆ زمان و زانست.
٣- دووبارە لەگەڵ وانەگووتنەوە مامۆستا بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە ژێر مەشقی بەردەوام دەبێت.

بۆ بەرچاوڕوونی بەڕێزتان ماوەی خوێندن لە قوتابخانەکانی (Sabis) زیاترە لە ساڵ ونیوی قوتابخانەکانی حکومی.

**کۆبوونەوەی چواردەهەم:** (٢٠ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (کەرنەڤال ی بنەڕەتی تێکەڵاو) مان کرد وانەی پۆلی (٣)مان بەسەر کردەوە:

ـ وانەی زانست پۆلی (٣) مامۆستا (منى كمال).

**پاشان کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ ئەو بەڕێزانە:**

١- مامۆستا (مەهدی اغا قادر) بەڕێوەبەر.
٢- مامۆستا (ئەکرەم مەغدید) یاریدەدەری بەڕێوەبەر.
٣- مامۆستا (مونا کەمال) دیبلۆم زانست، وانەی زانست دەڵێتەوە، خولی نەبینیوە.
٤- مامۆستا (نەوین صابر ئەحمەد) دیبلۆم بیرکاریوانەی بیرکاری دەڵێتەوە، خولی بینیوە.
٥- مامۆستا (قودرەت شەریف موسا) مامۆستای عەرەبی.

سەردانمان بۆ کۆمەڵگەی (بەحرکە) سەردانی هەردووک قوتابخانەمان کرد:

**کۆبوونەوەی پازدەهەم:** (٨ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (بەحرکەی هاوچەرخی بنەڕەتی تێکەڵاو)مان کرد و وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست پۆلی (١) مامۆستا (غازی نەعمان).
٢- وانەی بیرکاری پۆلی (١) مامۆستا (سوبحان عزەت خان صەنعان).

ئەم قوتابخانەیە لەڕووی کارگێڕی و دابینکردنی پێداویستەکانی خۆیان زۆر باش بوو. ژووری تایبەتیان هەبوو بۆ بەکارهێنانی داتاشۆ، هەروەها زووری تایبەت بە وانەی هونەری و کاری دەستی، مامۆستای بیرکاری رۆژانە(Work sheet) بۆ قوتابیان ئامادە دەکرد بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی قوتابیان و زانیینی ئاستیان.

کۆبوونەوەی شازدەهەم: (٨ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (رەوشتی بنەڕەتی لە بەحرکە) مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست، مامۆستا (ئالا ئەحمەد حەسەن) بەکالۆریۆس زانست، خولی بینیوە.
٢- وانەی بیرکاری، مامۆستا (شاکر مجید محمد) خولی شیاندن دەرچووی ئامادەیی، خولی بینیووە.

پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان بۆ وەرگرتنی بۆچوونەکانیان کرد. سەردانمان بۆ شارۆچکەی (شەقلاوە) سەردانی هەردوو قوتابخانەو بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاریمان کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کۆبوونەوەی حەڤدەهەم:** (١٢ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (نێرگزی هاوڕێی بنەڕەتی تێکەلاو لە شەقلاوە)مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست، مامۆستا (ژاڵە تەحسین) دیبلۆم کۆمەلایەتی، خولی نەبینیوە.
٢- وانەی بیرکاری، مامۆستا (نەمان عبدالله حمد) خولی شیاندن دەرچووی ئامادەیی پیشەیی کارەبا، خولی بینیووە.

ئەم قوتابخانەیە کێشەی جێگایان هەیە لەبەر ئەوەی (٣) ژووریان لێوەرگیراوە بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و بایومەتری.

**کۆبوونەوەی هەژدەهەم:** (١٢ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (نێرگزی هاوڕێی بنەڕەتی تێکەولاو لە شەقلاوە)مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی بیرکاری، مامۆستا (ئامینە حمد محمود) دیبلۆم وەرزش، خولی بینیوە.
٢- وانەی زانست، مامۆستا (سەوزە محەمەد ئەسعەد) دیبلۆم ئینگلیزی، خولی نە بینیووە.

**کۆبوونەوەی نۆزدەهەم (١):** (١٢ی٢ی٢٠١٨) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەییمان کرد لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی خوارەوە کۆبوونەوەمان کرد:

١- مامۆستا (سەرمەند صابر مستەفا) سەرپەرشتکاری یەکەم.
٢- مامۆستا (زاهر عومەر مستەفا) سەرپەرشتکاری وانەی بیرکاری بڕیاردەری لێژنە.
٣- مامۆستا (ئیسماعیل محەمەد حەمەدئەمین) سەرپەرشتکاری وانەی زانست.

سەردانمان بۆ شاری (دهۆك) سەردانی چەند قوتابخانەیەك و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆك مان کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کۆبوونەوەی نۆزدەهەم (٢):** (١٤ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (بڵندی هاوڕێی بنەڕەتی تێکەڵاو)مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی بیرکاری، مامۆستا (هشیار حسێن سەعید) دیبلۆم کوردی، خولی نەبینیوە.
٢- وانەی زانست، مامۆستا (سیپەل عەبدولحەکیم) خولی شیاندن، خولی نەبینیووە.

**پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد بۆ وەرگرتنی ڕا وبۆچوونەکانیان.**

**کۆبوونەوەی بیستەم:** (١٤ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (زانیاری هاوڕێی   بنەڕەتی تێکەل) مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم) مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی بیرکاری، مامۆستا (غوربەت ئیبراهیم) دیبلۆم بیرکاری، خولی بینیوە.
٢- وانەی زانست، پۆلی دووەم مامۆستا (هەلیل عبدوللا مەحمود) بکلوریوس ئینگلیزی، خولی نە بینیووە.

پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد بۆ وەرگرتنی را وبۆچوونەکانیان لەگەل ئەو بەرێزانە:

١- مامۆستا (دلخاز عەرب رەشۆ)، دیبلۆم کوردی وانەی بیرکاری دەلێتەوە.
٢- مامۆستا (غوربت ئیبراهیم) دیبلۆم بیرکاری.
٣- مامۆستا (عیماد صالح حەسەن)، بەڕێوەبەری قوتابخانە.
٤- مامۆستا (هەلیل عبدالله مەحمود) بکلوریوس ئینگلیزی زانست دەلێتەوە.
٥- مامۆستا (شیلان عادل)، دیبلۆم کوردی وانەی بیرکاری دەلێتەوە.

**کۆبوونەوەی بیست ویەك:** (١٤ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (سەلاحەدین ی بنەڕەتی تێکەل) مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی بیرکاری پۆلی دووەم، مامۆستا (هەلبین)دیبلۆم ئینگلیزی، خولی نەبینیوە.

٢- وانەی زانست، پۆلی دووەم مامۆستا (ڤیان) دیبلۆم زانست، خولی بینیووە.

پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد بۆ وەرگرتنی را وبۆچوونەکانیان لەگەل ئەو بەرێزانە:

١- مامۆستا (صەباح سەعید عبدولڕەحمان)، بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٢- مامۆستا (ئەحمەد مستەفا)، سەرپەرشتکاری پەروەردەیی.

٣- مامۆستا (هەلبین حازم تەیب) دیبلۆم ئینگلیزی، خولی نە بینیوە.

٤- مامۆستا (ڤیان) دیبلۆم ئینگلیزی، خولی نە بینیووە.

**کۆبوونەوەی بیست و دوو:** (١٤ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (هەلۆیست ی بنەڕەتی تێکەل لە ئەڤرۆ ستی)مان کردوانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم) مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست، پۆلی دووەم مامۆستا (مفاز محمد شاکر) دیبلۆم زانست، خولی بینیووە.

٢- وانەی بیرکاری پۆلی دووەم، مامۆستا (ریم سالم یونس) دیبلۆم ئینگلیزی، خولی نە بینیوە.

**کۆبوونەوەی بیست و سێ:** (١٤ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (١١ ئادار ی کوڕان لە سێمێل)مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم) مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست، مامۆستا (زەکیە نەبی حسو) دەرچووی ئامادەیی خولی شیاندن، خولی بینیوە.
٢- وانەی بیرکاری پۆلی دووەم، مامۆستا (صالح محەمەد صەبری) دیبلۆم بیرکاری، خولی بینیوە.

**پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان بۆ وەرگرتنی ڕا و بۆچوونەکانیان لەگەل ئەو بەڕێزانە کرد:**

١- مامۆستا (دلشاد محەمەد سەعید)، بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٢- مامۆستا (کاژین موحسن مەحمود) بکلوریوس کشتوکال، وانەی بیرکاری خولی بینیوە.

٣- مامۆستا (صالح محەمەد صەبری) دیبلۆم بیرکاری خولی بینیوە.
٤- مامۆستا (زکیە نەبی حسو) دەرچووی ئامادەیی خولی شیاندن، خولی بینیوە.

٥- مامۆستا (عامر صادق ئیبراهیم) دیبلۆم کشتوکاڵ، زانست دەڵێتەوە خولی بینیوە.
٦- مامۆستا (سەمیرە صالح) دیبلۆم کۆمەڵایەتی وانەی بیرکاری دەڵیتەوە خولی بینیوە.

**کۆبوونەوەی بیست و چوار:** (١٥ی٢ی٢٠١٨) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك مان کرد لە لایەن مامۆستا (عمر) ب.گ. پێشوازیمان لێکرا. بۆماوەی نیو کاتژمێر باسمان لە سەردانەکەمان کرد بۆ سنووری پەروەردەی دهۆك، وە باسمان لەو پرۆسەیە کرد بەشێوەی گشتی.

**کۆبوونەوەی بیست و پێنج:** (١٥ی٢ی٢٠١٨) سەردانی قوتابخانەی (پێکڤە ژیان ی بنەرەتی تێکەل لە شێخان)مان کردوانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست پۆلی یەکەم، مامۆستای وانە بێژ (جیهان حیکمەت یونس) دیبلۆم کۆمپیوتەر.
٢- وانەی بیرکاری، مامۆستا (صەدیق حسو حەمید) دەرچووی ئامادەیی خولی شیاندن، خولی بینیووە.

**پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان بۆ وەرگرتنی را و بۆچوونەکانیان لەگەل ئەو بەرێزانە کرد:**

١- مامۆستا (جاسم سەلیم حزیرە)، بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٢- مامۆستای وانه بێژ (جیهان حیکمت یونس) دیبلۆم کۆمپیوتەر.
٣- مامۆستا (صەدیق حسو حەمید) دەرچووی ئامادەیی خولی شیاندن، خولی بینیووە.
٤- مامۆستا (رزگار حسێن ئیسماعیل) دیبلۆم بیرکاری، خولی بینیووە.

**کۆبوونەوەی بیست و شەش:** (١٥ی٢ی٢٠١٨) سەردانی (قوتابخانەی ئازادی بنەرەتی تێکەل لە شێخان) مان کردوانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست پۆلی سێیەم، مامۆستا (شیفا کرێت عەلی).
٢- وانەی بیرکاری پۆلی یەکەم، مامۆستا (خالد عبدوللا).

**پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان کرد بۆ وەرگرتنی را وبۆچوونەکانیان لەگەل ئەو بەرێزانە:**

١- مامۆستا (جوهەر عومەر ئەحمەد) بەڕێوەبەری قوتابخانە.
٢- مامۆستا (شیفا کرێت علی).
٣- مامۆستا (خالد عبدوللا).

خۆیان هۆکاری فێرکردنیان ئامادە کردبوو، بەشێوەیەکی گشتی قوتابخانەیەکی سەرکەوتوو بوون، کێشەی سەرەکییان دەوامی دووەم لە لایەن عەرەبە ئاوارەکان بەکار دەهێنرا ببووە هۆی کەمی شوێنیان.

**کۆبوونەوەی بیست و حەفت:** (١٥ی٢ی٢٠١٨) سەردانی (قوتابخانەی سەروەری بنەرەتی تێکەل لە ئاکرێ)مان کرد وانەکانی زانست و بیرکاری پۆلی (یەکەم و دووەم)مان بەسەر کردەوە:

١- وانەی زانست پۆلی یەکەم،مامۆستا (بەهار جمال شیخۆ) بکالوریوس کۆمەلایەتی خولی نەبینیوە.
٢- وانەی بیرکاری پۆلی سێیەم، مامۆستا (دلڤین شاکر شریف) دیبلۆم گشتی خولی بینیوە.

**پاشان لە ژووری بەڕێوەبەر کۆبوونەوەمان بۆ وەرگرتنی را وبۆچوونەکانیان لەگەل ئەو بەرێزانە کرد:**

١- مامۆستا (محەمەد عەبدولقادر محەمەد) بەڕێوەبەری قوتابخانە.
٢- مامۆستا (دلڤین شاکر شەریف) دیبلۆم گشتی، وانەی بیرکاری دەلێتەوە.
٣- مامۆستا (بەهار جەمال شێخۆ) بکالۆریۆس کۆمەلایەتی، وانەی زانستەکان دەلێتەوە.

جەبار جەمال غەریب
شـــارەزای پەروەردەیـــی

زاگرۆس مەحمود عەرب
بەڕێوەبەری دلنیایی جۆری

تەوەری چوارەم:

## پوختەی دوو ساڵی پرۆژەی

## بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان

یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن وفێربوون، پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) لە باخچەی منداڵان و قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی، بۆ ئەو مەبەستەش پلانێکی گشتگیری داڕشت، کە بەم هەنگاوانە دەستپێکرا:

١- پێکهێنانی لێژنەی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە ولێژنەی جێبەجێکار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان ولێژنەی سەرپەرشتیکردن لە پەروەردەی قەزاکان بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٦٢٤) لە١٠/٥/٢٠١٥ تایبەت بەجێبەجێکردنی پرۆسەی کردنەوەی قوتابخانەکانی پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی (بیرکاری، زانستە گشتییەکان) لە باخچەی منداڵان و قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و لە هەر قوتابخانەیەکیش کە ئەم پرۆسەیەی تێدا پێڕەو دەکرێت لێژنەیەکی هەمیشەیی بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرو ئەندامێتی مامۆستایانی بابەتی بیرکاری و زانستەکان و زمانی ئینگلیزی پێکهێنرا، بەم شێوەیە کارو ئەرکەکانی ڕاوێژکارو کارگێڕی و تەکنیکی و سەرپەرشتیاری و بەدواداچوون ڕێکخرا.

٢- وەك ئامادەكاری بۆ كردنەوەی خولی راهێنانی مامۆستایان لە بەرواری ٢٠١٥/٥/٢٥ یەكەم خولی راهێنانی بۆ مامۆستایانی بابەتەكانی (بیركاری و زانستە گشتیەكان) لەلایەن زانكۆی (سابیس) كرایەوە كە تیایدا (٨٧) مامۆستا بەشداربوون بەرێژەی(٣٠) مامۆستا وسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە هەریەك لە پەروەردەكانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی). دواتر خولەكان بەردەوام بوون و لەبەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنان و پەیمانگەكانی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی سەر بە وەزارەتمان و لە هەردوو زانكۆی ناحكوومی (جیهان و ئیشق) چەندین خولی ڕاهێنان بۆ سەرپەشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان كراونەتەوە.

٣- بەپێی پلانی وەزارەت بۆ ئامادەكرنی پرۆگرامەكانی خوێندن، كتێبی هەردوو بابەتی (بیركاری، زانستە گشتییەكان) بە زمانی ئینگلیزیش بۆ قۆناغی پۆلی یەكەمی بنەڕەتی كە بۆ هەر بابەتێك (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دانە چاپكرا.

٤- لە یەكەم كۆبوونەوەی لێژنەی بالآ كە لەبەرواری (٢٠١٥/٥/١٩) لە وەزارەت ئەنجامدرا بەئامادەبوونی سەرۆك و گشت ئەندامان، كۆمەڵێك رێنمایی پەسەند كران بۆ جێبەجێكردن، لەوانە لەهەر ناوەندێكی خوێندندا كە ئەم ئەزموونە دەیگرێتەوە بە فەرمانێكی قوتابخانەیی لێژنەی زمانی ئینگلیزی بەسەرۆكایەتی بەڕێوەبەرو ئەندامێتی مامۆستایانی بیركاری وزانستەگشتییەكان و زمانی

ئینگلیزیی ئەو پۆلانەی کەپرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت پێکبهێنرێت وکارو ئەرکەکانی ئەو لێژنەیەش لەچوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکرێنەوە:

ئا- ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردنی تایبەت بە هەردوو بابەتەکەوە، چ بەڕێگەی وەرگرتنیان لە کۆگاو تاقیگەکان و چ ئەو شتانەی ڕاستەقینەن و لەدەوروبەری قوتابی هەن.

ب - چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانی وانەوتنەوەو گرفتەکانی ناوپۆل، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندی بە کێشە زمانەوانیەکانییەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستەیش مامۆستای زمانی ئینگلیزی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت.

پ - بەشدابوون لەچالاکییەکانی دەرەوەی پۆل ودەرخستنی تواناکانی قوتابی ومامۆستایانی هەردوو بابەتی ناوبراو بەتایبەتی لە ڕێزبوونی سەرەتای دەوامی ڕۆژانەو لەکاتی سازدانی ئاهەنگی سروودو گۆرانییەکان وئامادەکردنی پێشانگەکانی وێنەو شێوەکاری و کارە دەستییەکاندا.

ج - لێژنەکە کۆبوونەوەیەکی هەفتانە ئەنجام بدات و خاڵە گرنکەکانیشی لەکۆنووسێکدا تۆمار بکات. لە حاڵەتە پێویستییەکانیشدا سەرپەرشتیارە پسپۆرییەکان لێی ئاگادار بکرێنەوە. هەرجارێ یەك یان زیاتر لەدایك یان باوکی منداڵ وقوتابیان وەك نوێنەری ئەنجومەنی دایبابان تێدا بەشدار بێت باشترە، بۆ ئەوەی هەردوو لایەن لەکێشەو گرفتەکانی منداڵ و

قوتابیان ئاكادار ببنەوەو بەهاوبەشی ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.

د ـ دابینكردنی ئامرازەكانی( داتاشۆ) بۆ قوتابخانەو باخچەكانی منداڵان.

٥- لەساڵی خوێندنی (٢٠١٥/٢٠١٦)، ئەم پرۆسەیە لە(١٨٣) قوتابخانە جێبەجێ كرا وەكو ئەزموونێك كە لە پۆلی یەكەمی بنەڕەتی دەستپێكرا، (٤٦) سلێمانی، (٥٢) هەولێر، (٤٢) دهۆك، (٤٣) گەرمیان. بۆ (١٤٧٧٣) قوتابی پۆلی یەكەمی بنەڕەتی.

٦- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی كرا بۆئەوەی ئەو مامۆستایانەی لەكۆلێژەكانی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران وەردەگیرێن، پرۆگرامەكانی خوێندنیان لەهەر سێ بەشی (بیركاری وزانستە گشتییەكان و باخچەی منداڵان) بە زمانی ئینگلیزی بێت.

٧- دروستكردنی پردی پەیوەندییەكان و هەماهەنگی لەگەڵ زانكۆی جیهان بەمەبەستی كردنەوەی خول بۆ مامۆستایان لەسەر ئەركی خۆیان، كە تا بەرواری ٢٠١٦/٨/١ ژمارەی (٤) چوار خولیان بۆ مامۆستایانی پارێزگەی هەولێر كردۆتەوە، كۆی گشتی دەكاتە (٣٢٨) مامۆستا. خولی یەكەم بۆ(٦٦) مامۆستا، خولی دووەم بۆ(٦٨) مامۆستا، خولی سێیەم بۆ (٧٨) مامۆستا، خولی چوارەم بۆ(١١٦) مامۆستا.

٨- دروستکردنی پردی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی ئیشق بەمەبەستی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان لەسەر ئەرکی خۆیان، کە تا بەرواری ٢٠١٦/٨/١ ژمارەی (٢) دوو خولیان بۆ مامۆستایانی پارێزگەی هەولێر کردۆتەوە، کۆی گشتی دەکاتە (١٦٠) مامۆستا. خولی یەکەم بۆ(٨٥) مامۆستا، خولی دووەم بۆ (٧٥) مامۆستا.

٩- لەساڵی خوێندنی ٢٠١٦- ٢٠١٧ بەپێی پلانی وەزارەتمان ژمارەی ئەو قوتابخانانەی ئەم پرۆسەیە تێدا جێبەجێ دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| ز | ب. گ. پ. پارێزگە | ژ. قوتابخانەکان | ژ. قوتابیان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٢١٨ | ٢٤٣٤٢ | |
| ٢ | دهۆک | ٨٣٦ | ٥٣٤٨٧ | |
| ٣ | سلێمانی | ١٣٧ | ٢٠٨١٥ | |
| ٤ | گەرمیان | ٧٠ | ٦١١٣ | |
| ٥ | هەڵەبجەی شەهید | ١ | ١٠٠ | |
| | کۆ | ١٢٦٢ | ١٠٤٨٥٧ | |


ژ. قوتابخانەکان
900
800
700
600
500
400
300
200
100
0
218
836
137
70
1
ژ. قوتابخانەکان
هەولێر
دهۆک
سلێمانی
گەرمیان
هەڵەبجەی شەهید


ژ. قوتابیان
60000
50000
40000
30000
20000
10000
0
24342
53487
20815
6113
100
ژ. قوتابیان
هەولێر
دهۆک
سلێمانی
گەرمیان
هەڵەبجەی شەهید

بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨) یش، پلانێکی فراوانتر داڕێژراوەو هەموو ئامادەکارییەکانیشی بۆ کراوە، کە بازنەی یەکەمی قۆناغی فێرکردن (پۆلەکانی ١–٢–٣) بگرێتەوە.

## ئەنجام

١– زمانی کوردی زمانێکی زیندووەو چەندین ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن. لە زمانە پێشەنگەکانی جیهانیش دادەنرێت، کە چەندین شاکارە ئەدەبیەکان پێی نووسراونەتەوەو بەردەوام لەبرەودایە، بەڵام لەڕووی زانستییەوە لە پاشکۆی لیستی زمانە زانستییەکانی جیهانی ئەمرۆی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدایە. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیەو کورد لە سێڕیانێکی یەکلاکەرەوەدایەو دەبێت بڕیاری خۆی بوێر بدات و یەکێك لەم سێ گریمانانەی خوارەوە هەڵبژێرێت:

**ئا** - بەکوردیکردنی هەر زانستێك، بە دانانی فەرهەنگی زاراوەکانی ئەو زانستەو شیکردنەوەی چەمکەکانیان، کە نزیکەی (٢٠٪)ی دەگرێتەوەو (٨٠٪)ی دیکەشی لەنێو ڕستە زمانە پاراوەکەیدا ڕێك بخات. ئەم کارە تیۆرییە تەواو نابێت، ئەگەر ئەو زانستە لەڕووی پراکتیکییەوە بەکارنەهێنرێت و داهێنانیشی تێدا نەکرێت.

ب - پرۆژەیەکی نیشتمانی وەرگێران دەستپێبکات و سەرچاوە زانستییەکان لە زمانەکانی دیکەوە بکرێنە کوردی.

پ - یەکێك لە زمانە پێشەنگەکانی جیهانی لە وانەکانی بیرکاری و کۆمپیوتەرو کیمیاو فیزیك و زیندەزانیدا بکرێتە زمانی خوێندن. هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەشدا، سوود لەو زمانە وەوربگیرێت، بەتایبەتی لەو لایەنانەدا کە پێوەندی بەو زانستەوە هەبێت.

لەم ڕووەوە زمانی ئینگلیزی پێشنیازکراوە بۆ ئەم ئەرکە. ئەم پێشنیازەش لە دوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت:

- یەکەمیان، هەر لە دەستپێکی بەفەرمیکردنی خوێندن، وانەی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی دەڤەرەکەماندا (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەخوێندرێت.

- دووەمیانیش، زمانی ئینگلیزی ئێستا وەکو زمانێك کە تایبەت بێت بە نەتەوەیەکەوە سەیر ناکرێت، بەقەدەر ئەوەی کە زمانی لێکتێگەیشتنە لەنێوان نەتەوەکانداو بە تایبەتیش، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مۆرکێکی جیهانی وەرگرتووەو بۆتە زمانی زانست لە زۆربەی وڵاتاندا.

٢- پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی (بیرکاری و زانستە گشتییەکان) وەکو پرۆژەیەکی نیشتیمانی ئامادەکرا، کە زمانی زانست لە قوتابخانەکانی هەرێمدا بکرێتە زمانی ئینگلیزی، بۆ ئەوەی هاوشێوەی بەشە زانستییەکانی کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی لێ بکرێت. بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەم بارەوە تەواوکاری یەکتربن. بەڵام بەربەست و ڕکابەری لەبەر دەم ئەم پرۆسەیە زۆر بوون، کە نەیانهێشت وەزارەتی پەروەردە بەشێوەیەکی دروست و سەرانسەری جێبەجێ بکات. هەمان ڕێگر و بەربەستیش هەن کە وەزارەتی خوێندنی باڵا نەتوانێت بەشە

زانستییەکانی بکاتە کوردی. ئەم جوداوازی و لێکدابڕانە کێشەیەکی گەورەیە. ئەگەر بەم پرۆسەیەش نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ئەوە دەبێت دەرگەی دیکە والآ بمێننەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی دیکە. هەرچەندە ئێستا پرۆسەکە لە سنووری وەزارەتدا ماوەتەوەو سیستمێکی پەسەندکراویشی بۆ دەرنەچووە، بەڵام چەند هەنگاوێکی باشی بڕیوەو پانتاییەکی گونجاوی ڕەخساندووە، کە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا بکرێتە پرۆژەیەکی نیشتیمانی و سەرانسەری و هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە.

٣- پرۆژەیەکی ستراتیژی وا گەورە، پێویستی بە بودجەیەك هەیە، کە هاوتەریب لەگەڵ خاڵ وبڕگەکانیدا جێبەجێ بکرێت، بە شێوەیەك کە پاڵپشتە داراییەکانی پرۆژەکە بەپێی دەرخستەی داواکارییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگەکان سەرف بکرێت و گوژمەی پێویست بۆ هەر حاڵەتێك لەبەردەستدا بێت، چونکە ئەو پێداویستیانە دواناخرێن و دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بێ پچڕان و پشتگوێخستن و لە کاتی خۆیدا ئامادە بکرێن و بەگەڕبخرێن.

ئەوەی لەمیانی ئەم دوو ساڵەدا کراوە، بەبێ تەرخانکردنی بودجەیەکی دیاریکراوی پەسەندکراو بووە. زۆربەی کارو تێچووەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیەوە بەپێی ویستی خەمخۆرانی پرۆسەی پەروەردەو بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی جەنابی وەزیری

پەروەردەوە ئەنجامدراون، بەتایبەتی کردنەوەی خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنان، تەنانەت هەندێك لەو خولانە بەشێوەیەکی نیمچە خۆبەخشی بووەو کرێی هاتوچۆی مامۆستایان سەرف نەدەکرا. ئەو خولانەی لە زانکۆ ناحکومییەکانیش کراونەتەوە هەر خۆیان تێچووی خولەکانیان لە ئەستۆگرتووە. ئەوەی ڕێکخراوەکانیش پێشکەشی کردووە، هەر جێگەی ڕێز و سوپاس بووە، بە تایبەتی ئەو ژمارە زۆرەی داتاشۆی یونێسف بۆ قوتابخانەکانی ئەم پرۆسەیەی دابینکردووە. کارەکانی لێژنەکانی پێکهێنراو بۆ ئەم مەبەستەش هەر بەبێ دەرخستە و پاداشت بووە.

٤- کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکان کە ئێستا لە قوتابخانەکانی هەرێمدا بە شەش زمان دەخوێندرێن (کوردی بە هەردوو دیالێکتەوە، تورکمانی، سریانی، عەرەبی، ئینگلیزی). ئەمەش لەڕووی تەکنیکی و زمانەوانییەوە کارێکی ئاسان نیە. بەڵام کە بکرێنە ئینگلیزی لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون. ئەوە زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی دووەم، بۆیە پرۆگرامەکانیان پێویستی بە هەندێك دەستکاری هەیە، بە تایبەتی لە بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتیدا، بۆ ئەوەی هاوتەریب لەگەڵ بابەتی زمانی ئینگلیزی بڕوات کە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە دەستپێدەکات و تا دوا قۆناغیش بەردەوام دەبێت. ئەمە لە لایەنی تەکنیکییەوەو لە

لایەنی زمانەوانیشیەوە هەردوو پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم و فێرکردن بە هەمان زمانەوە تەواوکاری یەکتر دەبن. ئەوەی لە هەردوو لایەنیش گرنگتر ئەوەیە، کە زمانی دایك دەبێت بنەمای سەرەکی بیناکردنی کەسایەتی ئینسان بێت و هەم بنچینەی ڕێکخستنەوەو بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە بێت. لەم ڕووەوە دەبێت زمانی دووەمیش کە زمانی زانستە پاڵنەرێك بێت بۆ سەرخستن و گەشەکرنی زمانی دایك. بەپێی بارودۆخی ئەو دوو ساڵەی ئەم پرۆسەیەی تێدا جێبەجێ دەکرا، کارێکیٚ ئاسان نەبوو وەزارەت بتوانێت ئەو هاوکێشانەی سەرەوە هاوسەنگ بکات و بە شێوەیەکی زانستی بیخاتە سەر ڕێڕەوی خۆیی دروست.

٥- یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەم پرۆسەیە، کە لەمیانی شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی لێژنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگەکاندا بەدی دەکرا ئەوە بوو، کە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە شێوەیەکی دروست ئامادە نەکراون، کە لە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندندا ڕۆڵیان هەبێت. هۆکاری ئەو سستی و کەمتەرخەمییەش لەوانەیە بۆ خودی بەرنامەو ڕێکارییە پێڕەوکراوەکانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری بگەڕێتەوە. ئەوەی پێوەندی بەم پرۆسەیەوە هەیە، ئەوەیە، کە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە دوو لایەنەوە. لەلاییێکەوە نەتوانرا بەپێی بەرنامەڕێژیەکی ڕێکوپێك ئەو قوتابخانانەی بەپێی مەرجەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکە دەستنیشان بکرێن. لە

لایەکیترەوە گروپێکی سەرپەرشتیاری پسپۆر لە بابەتە زانستەکەی خۆی و لە هەمانکاتدا زمانزان بێت ئامادە بکرێت.

ئەوەی لە هەردوو لایەن گرنگتریش ئەوەیە کە ئەو مامۆستایانەی وانەی بیرکاری و زانستە گشتییەکان دەڵێنەوە دەستنیشان بکرێن و لەڕووی پێداگۆگییەوە ئامادە بکرێن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنیش بۆ کارو ئەرکەکانیان بکرێت.

٦- ستافی راهێنەران لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان و هەروەها سەنتەرەکانی زانکۆ ناحکومییەکانیش سەرپشکرابوون کە بەرنامەی خول و جۆری وانەوتنەوە هەڵبژێرن بە مەرجێ ئامانجەکانی پرۆسەکە بپێکێت. سەرچاوەی ئەم بۆچوونەش ئەوە بووە، کە دەبێت مامۆستا کارەکتەرێکی بگۆڕ بێت لە پرۆسەکەدا، نەك لە بازنەیەکی چەقبەستوودا بخولێتەوەو تەنیا ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندن بۆ قوتابیان بگوازێتەوەو بەپێی ساڵەکانی خزمەت کە لە پیشەکەیدا شارەزایی پەیداکردووە.

لەجیاتی ئەم پرۆسەیە ببێتە ئامرازێك بۆ گۆڕینی شێوازە تەقلیدیەکەی وانەوتنەوە، بۆچوونێکی پێچەوانە هەبوو و هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دەبێت بەرنامەی خولەکان سەرانسەری بێت و هاوشێوەی پەرتووکەکانی پرۆگرامی خوێندن یەکگرتوو بێت و مامۆستایانی هەموو پارێزگەکان لەسەر یەك بابەت و بە یەك شێواز ڕابهێنرێن.

٧- هەردوو پەرتووکی بیرکاری و زانستە گشتییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بە یارمەتی زانکۆی جیهان بەدەنگ و ڕەنگ تۆمار کران، بۆ ئەوەی مامۆستا و قوتابیان لەڕووی فۆنیتیك و فێربوونی پیت و وشەو ڕستەکانی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی دروست و بێ هەڵەی زمانەوانی فێربن. هەوڵدرا کە هەندێك وانەوتنەوەی نموونەییش تۆمار بکرێن، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیەکی تەواو بۆ مامۆستایانی نوێی ڕاهێنراو فەراهەم بێت. لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی گەرمیان و پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی - هەولێر و لێژنەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیە و تەنانەت هەندێك لە مامۆستا بەڕێزەکانی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستیش دەستپێشخەری باش و سەرکەوتوویان لە تۆمارکردنی هەندێك وانەی نموونەیی هەبوو. لەسەر ئاستی وەزارەتیش هەوڵدرا کارێکی گشتگیری بەم شێوەیە ئەنجام بدرێت. سەرپەرشتیاری پسپۆری بیرکاری (تۆفیق عومەر عوسمان) وەکو خۆبەخش کارێکی باشی کرد(٢٩)، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی نەتوانرا بەپێی تیراژی پێویست تۆمار بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (٢٠١٧) لێژنەیەکی پسپۆر لە سێ شارەزای زمانی ئینگلیزی پێکهێنرا بۆ ئەوەی هەر کارێکی پێوەندی بە پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و

---

[٢٩] دەقی نامەی بەڕێزیان بۆ جەنابی وەزیری پەروەردە لە پاشکۆی ژمارە ـ ٢٨ـ دا بڵاوکراوەتەوە.

زانستە گشتییەکانەوە هەبێت بە شێوەیەکی زانستی ئامادە بکرێت و لەڕووی فێرکردن و پەروەردەییەوەش ڕێك بخرێت.

٨- ڕێکخستنەوەی میلاکی قوتابخانەکان و سوود وەرگرتن لە پسپۆری مامۆستایان ئاستەنگێکی دیکەی پرۆسەکە بوو. بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی بنەڕەتی دەرچووی خانەی مامۆستایان و پەیمانگەکانی پێگەیاندنن، تەنانەت ڕێژەیەکیش دەرچووی ئامادەییە پیشەییەکانن و تەنها خولی پەروەردەییان بینیوە. بەبێ ڕێکخستنەوەی میلاکی مامۆستایان و جێبەجێنەکردنی ڕێنماییە نوێیەکانی کرێی وانەوتنەوە، ئەستەمە پرۆسەکە ڕێڕەوی خۆی دروست وەربگرێت و بەشێوەیەکی ئاسایی و سەرانسەری لە بازنەی دووەمدا جێبەجێ بکرێت، بەڵکو وەکو پرۆسەی بازنەی سێیەم و قۆناغی ئامادەیی لێدێت، کە ساڵانە لە هەر بازنەیەکدا چەند قوتابخانەیەکی بژاردە ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکات.

٩- هەرچەندە هۆیەکانی فێرکردن و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پەروەردەیی لایەنێکی سەرەکی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانستە گشتییەکانە، بەڵام کارێکی ئاسان نیە بەپێی بارودۆخی دارایی ئێستای وەزارەتی پەروەردە ئەو پێداویستیانە دابین بکرێن. ئەمەش هۆکارێکی نەرێنییە لە سەر پرۆسەکەو جێبەجێکردنیشی سنووردار دەکات.

١٠- ژینگەی قوتابخانەکان و سیستمی پێڕەوکراوی خوێندن لە هەرێمدا، گونجاو نین کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك چالاکییەکانی

دەرەوەی پۆل ئەنجام بدرێن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا. کێشەکە گەورەتر دەبێت کە ئەم سیستمە لە پرۆسەی بە ئینگلیزیکردنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستە گشتییەکاندا پراکتیزە نەکرێت.

ئەمەو چەندین هۆکاری دیکەی لاوەکی ئاستەنگ بوون لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە، بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە کە لە پلانی داهاتووی وەزارەتی پەروەردەدا، بە ڕێژەیەکی سنووردارو تەنها (٢٠٪) لە قوتابخانەکانی هەر پارێزگەیەك ئەم پرۆسەیە تێدا پێڕەو بکرێت، بە تایبەتی کە دەگاتە ئاستی بازنەی دووەمی قۆناغی بنەڕەتی و پۆلەکانی (٤، ٥، ٦) دەگرێتەوە.

# سەرچاوە

جگە لە یاساو ڕێنماییەکان و نووسراوەکانی تایبەت بە وەزارەتەوە، سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوەش وەرگیراوە:

**کتێب:**


١- أرمان ماتلار (٢٠٠٨)، التنوع الثقافي والعولمة، دار الفارابي، بيروت.

٢- برتران تروادِك، علم النفس الثقافي، ت: حكمت خورى و جوزف بو رزق، دار الفارابي، بيروت ٢٠٠٩، ص٩٠.

٣- ثاتسى م. لايتثاون، و نينا سثادا، كيف نتعلم اللغات، ت: علي علي احمد شعبان، المركز القومي للترجمة، القاهرة ٢٠١٤.

٤- جودت عبدالهادي، التعلم وتطبيقاتها التربوية، ط٣، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٦، ص٩٧- ١٠٠.

٥- ذوقان عبيدات و سهيلة أبو السميد (٢٠٠٧)، الدماغ والتعليم والتفكير، دار الفكر، عمان.

٦- حسن حسين زيتون و كمال عبدالحميد زيتون (٢٠٠٣)، التعليم والتدريس من منظور النظرية البنائية، عالم الكتب، القاهرة.

٧- عبدالرحمن السعدي و ثناء مليجي السيد عودة (٢٠٠٦)، التربية العلمية مداخلها واستراتيجياتها، دار الكتب الحديث، القاهرة.

٨- عزة خليل عبدالفتاح (١٩٩٧)، تنمية المفاهيم العلمية والرياضية للاطفال، دار قباء، القاهرة.

٩- محمود إسماعيل صيني، إسحاق محمد الأمين، التقابل اللغوي وتحليل الأخطاء (١٩٨٦)، عمادة شؤون المكتبات، الرياض .
١٠- محمد عزيز الحبابي (١٩٧١)، من المنغلق الى المنفتح، ت: محمد برادة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
١١- ميشيل تومبسون وآخرون(١٩٩٧)، نظرية الثقافة، ت: د. علي سيد الصاوي، مراجعة: د. الفاروق زكي يونس، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.
١٢- هـ. دوجلاس براون، أسس تعلم اللغة وتعليمها، ت: د. عبدة الراجحي و د. علي علي احمد شعبان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت١٩٩٤.
١٣- وتنسون ميريل (١٩٩٣)، تدريس المفاهيم ـ نموذج تصميم تعليمي، ت: محمد حمد عقيل الطيطي، دار الأمل، اربد.
١٤- يسريه صادق و زكريا تاشربيني (١٤٢١هـ)، نمو المفاهيم العلمية للاطفال، برنامج مقترح وتجارب لطفل ما قبل المدرسة، دار الفكر العربي، القاهرة.
15- Tony Buzan, (1984), Use Your Head, ed.2, England Mackays of Chatham Ltd.
16- Tony Buzan (2005), The ultimate book of mind maps, Thorsons, London.

17- L. S. VYGOTSKY, Mind in Society – The Development of Higher Psychological Processes, Ed. Michael Cole…., 2ed, Harvard University Press, 1979.

**نامە ئەکادیمییەکان**

١٨– راقم سهام، أثر الازدواجية اللغوية المبكرة على النشاطات المعرفية، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر ٢٠٠٧–٢٠٠٨.

١٩–سوزان خليل محمد ريان(٢٠١٠)، فعالية استخدام استراتيجية فيجوتسكى في تدريس الرياضيات وبقاء أثر التعلم لدى طالبات الصف السادس بغزة، رسالة ماجستير، كلية التربية بالجامعة الاسلامية، غزة.

-

# پاشکۆکان

**پاشكۆی ژماره ( ١ )**

| | |
|---|---|
| Kurdistan Government - Iraq<br>Consult of ministers<br>Ministry of Education | حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە |

(١)

NO: ژماره :

Date: / / 2007 بەروار : / / ٢٠٠٧

## مذكـــرة تفاهـــم

بموجب هذه المذكرة المبرمة في هذا اليوم الثلاثاء الموافق ٢٠٠٧/٤/١١ بين كل من:

١. وزارة التربية في إقليم كردستان–العراق ويمثلها معالي الدكتور دلشاد عبد الرحمن محمد وزير التربية (طرف أول).

٢. شركة جيوبروجكتس ومقرها المملكة المتحدة – وبيروت، شارع جان دارك، بناية الوهاد ص.ب ٥٢٩٤/١١٣ بيروت، ويوقع عنها الدكتور رضا علي إسماعيل مدير عام الشركة (طرف ثاني).

مقدمة:

بما أن وزارة التربية في إقليم كردستان– العراق ترغب في تطوير مادتيّ العلوم والرياضيات لصفوف مختلف المراحل الدراسية، من خلال تحديث أساليب تصميم موادها التعليمية، لتكون أكثر استجابة لإحتياجات المتعلمين وخصائص نموهم، وأكثر تلبية لإحتياجات المجتمع ومتطلباته التنموية التي تشدّد عليها سياسة حكومة كردستان – العراق.

وحيث أن شركة جيوبروجكتس وبالتعاون الكامل مع شركة هاركورت العالمية الناشر الأمريكي لسلسلة العلوم والرياضيات التي تصدر بالأصل باللغة الأنجليزية، قد أثبتت قدرتها على توفير هذه المواد التعليمية المطورة والمطوّعة (من سلسلة هاركورت، وهولت– راينهارت، وونستون Harcourt, Holt-Reinhart and Winston) بما لديها من الإمكانات والإستعدادات التي تحقق المواصفات المطلوبة. فقد اتفق الطرفان على توقيع هذه المذكرة وفقاً للشروط الآتية:

1

١- أهداف المذكرة

١-١ تعتبر المقدمة جزءاً لا يتجزأ من هذه المذكرة ولا يجوز تفسيرها إلاّ في ضوئها.

١ - ٢ تهدف هذه المذكرة الى قيام تعاون تربوي بين الطرفين في مجال تطوير مناهج العلوم والرياضيات بما يستجيب لخطة الطرف الأول في تطوير التعليم كجزء من خطة التنمية الشاملة في اقليم كردستان- العراق، وذلك من خلال تطبيق الطرف الأول في جميع مدارسه للمناهج العالمية الحديثة والمتطورة التي يعدّها الطرف الثاني.

١ -٣ تحدد المواصفات الفنية في أعمال الطباعة باستعمال ورق لون أبيض قياس (٨٠ غم) للداخل وللغلاف ورق آرت لماع وجهين (٢٣٠ غم - ٢٥٠ غم ) على أن يطلع الطرف الأول أو من يخوله على نوعية الورق والكرتون للموافقة عليه وعلى باقي المواصفات والقياسات المحددة.

١ - ٤ يعين الطرف الأول فريقاً من خبرائه لتنفيذ أعمال الترجمة والمراجعة اللغوية. ويسلم الطرف الاول للطرف الثاني كامل الترجمة للمجموعات الدراسية لتنفيذها بحسب مضمونها في موعد أقصاه ٣٠ يوماً من تاريخ التوقيع على هذه المذكرة.

١ -٥ بالنسبة للكتب والمواد التعليمية التي ستطبق في العام الدراسي ٢٠٠٧-٢٠٠٨، فان الطرف الثاني يتعهد بانجاز الطباعة خلال مهلة ٩٠ (تسعون) يوماً من تاريخ استلام الترجمة. ويمكن أن يتم التسليم على دفعات مختلفة .

١ -٦ يتم تحديد كلفة تنفيذ كل مرحلة من مراحل مشروع اعداد الكتب والمواد التعليمية لمناهج الرياضيات والعلوم المطورة بما في ذلك الطباعة والشحن وصولاً الى المخازن المركزية لوزارة التربية في الاقليم في عقود توريد خاصة بكل مرحلة تستند الى بنود هذه المذكرة وأحكامها. وتحدد الكلفة بالدولار الامريكي .وتشمل التكلفة قيمة اعمال الترجمة والمراجعة اللغوية والتنضيد والطباعة والتغليف والتصحيف بالصمغ او الخياط(حسب الحاجة) وكل مواد الطباعة الاخرى والشحن الى مخازن الطرف الأول .وتكون جميع هذه الأعمال على كامل نفقة الطرف الثاني.

١ - ٧ يتحمل الطرف الثاني غرامة قدرها ١٠٠٠٠ (عشرة آلاف) دولار أمريكي عن كل يوم تأخير عن المدة المقررة لإنهاء أعماله المشار اليها في هذه المذكرة.

١ - ٨ يطبع كتاب التلميذ وكتاب المعلم بالألوان، وتطبع باقي الكتب المتفق بشأنها باللونين الاسود والابيض.

ا.د. س حمن الدين عبدالله

١ -٩ تشحن البضاعة عن طريق سوريا مروراً بنقطة حدود اليعربية باتجاه زاخو أو عن طريق تركيا مروراً بنقطة زاخو الحدودية الى اراضي الاقليم.

١ - ١٠ يتم المصادقة على هذه المذكرة المبرمة بين الطرفين في دائرة كاتب عدل أربيل لضمان حقوقهما في مدة أقصاها ثلاثة أيام من التوقيع عليها.

٢- اعداد المواد التعليمية

٢-١ يتعاون الطرف الثاني بشكل وثيق مع الطرف الأول من خلال اللجان التي بشكلها، في اعداد المواد التعليمية لمادتي العلوم والرياضيات التي تلحظها هذه المذكرة وتلك التي قد يتفق بشأنها في المستقبل، معتمداً على سلسلة هاركورت للمراحل من الصف الأول وحتى السادس، ومن سلسلة هولت- راينهارت، وونستون للمراحل من السابع وحتى الثاني عشر، على أن يتم تطويع ومواءمة المادة التعليمية لحاجات الطرف الأول لصفوف مراحل التعليم العام من الصف الأول وحتى الصف الثاني عشر ويجب القيام مشاركةً بوضع منهاج للدراسة الأدبية للمراحل من ١٠ - ١٢ للسنة القادمة والسنوات التي تليها.

٢-٢ تكون المواد التعليمية باللغات: الكردية، العربية، السريانية، التركمانية والإنكليزية. وبالأرقام العربية (4,3,2,1....الخ) بدءاً من الرابع الابتدائي مع إستخدام الرموز باللغة اللاتينية وليس كما ورد في المنهج العالمي من الصف الاول الابتدائي .

٢-٣ يشترك الطرفان في مراحل إعداد مواد وأوعية المنهج من خلال اللجان المشتركة التي يتم تشكيلها.وتضطلع اللجان المشتركة بالمهام التالية:

أ. اعتماد المواد التعليمية وضمان توافقها مع حاجات الطرف الأول.

ب. اعتماد مصفوفة المدى والتتابع للمواد التعليمية.

ج. مراجعة المفردات اللغوية والفنية الواردة في المواد التعليمية والصور المصاحبة.

٢-٤ يلتزم الطرف الثاني بتعديل المواد التعليمية حسب التعديلات التي يتم الاتفاق عليها مع الطرف الأول والمعدّة مع الكميات المطلوب طباعتها مرفقة بنسخة من الترجمة الى اللغات الكردية والسريانية والتركمانية والعربية والانكليزية وعلى ضوء الترجمة الكردية كأساس لباقي اللغات والتي تعتبر جزءاً من هذه المذكرة.

٢-٥ يلتزم الطرف الثاني بتقديم نماذج سرية لامتحانات الشهادات العامة لمادتي العلوم والرياضيات على أن تكون هذه النماذج معدة وفقاً لأحدث طرق التقويم وأهداف المنهج، وشاملة لمختلف أجزائه.

٣- الانتاج والطباعة

٣-١ يتحمل الطرف الثاني كافة تكاليف اعداد المواد التعليمية موضوع هذه المذكرة أو التي يتفق بشأنها مستقبلا وتحضيرها للطباعة، بما في ذلك أتعاب المترجمين والمراجعين اللغويين وكلفة التنضيد، كما يتحمل كافة تكاليف الطباعة والشحن والتوريد الى مخازن الطرف الأول .

٣-٢ يضع الطرفان في كل سنة برنامجاً تنفيذياً وزمنياً لبنود هذه المذكرة يحدد أسس مراجعة المواد التعليمية واعتمادها أوتعديلها ،ويحدد مواعيد الطباعة والتوريد وأسعار الكتب بما يضمن مصلحة الطرفين .

٣-٣ يلتزم الطرف الثاني بوضع شعار الطرف الأول على صفحات الأغلفة الأمامية مع الصفحة الاولى (أو كما تحددها الجهة المخولة) للكتب والمواد التعليمية (المتفق عليها بهذه المذكرة) وله الحق أيضاً في وضع شعاره الخاص به على صفحة الحقوق والغلاف الخارجي (حسب اتفاق الطرفين)

٤- التوريد والاسعار

٤-١ يلتزم الطرف الثاني باعداد وتوريد المواد والأوعية التعليمية المعتمدة، أو التي ستعتمد مستقبلاً، وحتى العام الدراسي ٢٠١٠- ٢٠١١ وفق الأسعار الموضحة والتي سيتم الاتفاق لاحقاً بشأنها مع الطرف الأول استناداً الى المرفق رقم(١) وطبقاً للجدول الزمني الموضح في المرفق رقم(٢)، وتصدر بموجبها عقود توريد تحدد مواصفات المواد والأوعية التعليمية والكمية المطلوب توريدها والفترة الزمنية للتوريد.

٤-٢ يتعهد الطرف الثاني بتزويد الوزارة مجاناً بكتاب اعادة التعليم في الرياضيات وبكتاب دليل التقويم في الرياضيات والعلوم بعدد المعلمين وذلك من الصف الأول ولغاية الصف السادس الابتدائي.كما يتعهد بتسليمه مجاناً أيضاً نسخة من شريط الفيديو الخاص بالنشاطات العملية في مادة العلوم من الصف الأول للصف السادس الابتدائي وللوزارة الحق باستنساخ ما تحتاجه من نسخ منه.

٤-٣ للطرف الأول الحق في زيادة كميات المطبوعات سنوياً بنسبة ٣٠% وبالأسعار نفسها.

٥- حقوق النشر والتوزيع

٥-١ يحتفظ الطرف الأول بحق توزيع الكتب والمواد التي يعدها الطرف الثاني في اقليم كردستان- العراق.

ا راسى نجم الدين عبد الله

مدير عام المناهج

4

٥-٢ يحتفظ الطرف الثاني بحقوق الطباعة والنشر والمواءمة للمواد التي يعدها بموجب هذه المذكرة أو قد يعدها مستقبلاً ، وله الحق في استخدامها خارج اقليم كردستان- العراق.

٦- التدريب

٦-١ يلتزم الطرف الثاني ،قبل بدء تطبيق المناهج الجديدة وفي أثناء تطبيقها كتدريب داعم ، بعقد دورات تدريب مكثفة لمشرفي مادتي الرياضيات والعلوم وبعض المعلمين لضمان نجاح تطبيقها وبما يحقق رغبات الطرف الأول وأهدافه ( مرفق رقم ٣ )

٦-٢ يلتزم الطرف الثاني وعلى نفقته، باعداد برامج التدريب وموادها وملفاتها استناداً الى حاجات الطرف الأول واستناداً الى خبرة الطرف الثاني في بلدان أخرى.

٦-٣ يتعهد الطرف الثاني بإيفاد فريق تدريب من طرفه مكوّن من أربعة خبراء أو أكثر لكل من مادتي العلوم والرياضيات لتدريب الموجهين وبعض المدرسين، كما يستقبل الطرف الثاني في مكاتبه عدداً من أخصائيي الرياضيات والعلوم من إقليم كردستان- العراق من أجل المشاركة في ورشات عمل تدريبية. ويتم وضع جدول تفصيلي باتفاق الطرفين حول مواعيد ومدة ومكان وبرنامج الدورات التدريبية.

٦-٤ يتحمل الطرف الثاني تكاليف سفر وأجور واقامة وتنقلات خبرائه الذين سيشاركون في برامج التدريب.

٧- تسديد المستحقات

٧-١ حين التسليم تكون قيمة رصيد عقد التوريد قد استحق دفعها بالكامل ويحصل الدفع فور تسليم بوالص الشحن للمصرف.

٧-٢ كل المستحقات يدفعها الطرف الأول للطرف الثاني بالدولار الأميركي .

٨- مدة الاتفاقية

تسري أحكام هذه المذكرة حتى نهاية عام ٢٠١١ في مرحلة أولى وتمدّد لفترة جديدة باتفاق وموافقة الطرفين ، حيث يتم تحديث المناهج المعتمدة إستناداً إلى التحديث الذي يطرأ على سلسلة هاركورت وبما يضمن بقاء المناهج المعتمدة في إقليم كردستان- العراق مواكبة على الدوام لكل

5

تحديث يطرأ عالمياً على طرق التدريس ومحتوى المواد التعليمية وبالأخص استخدام التكنولوجيا في التعليم.

(٩) يحق للطرف الأول الغاء هذه المذكرة في حال أخل الطرف الثاني بالتزاماته المحددة فيها ونتج عن اخلاله ضرراً فادحاً بمصالح الطرف الأول، ولم يستجب لطلبات الطرف الأول باصلاح الخلل ودفع الضرر خلال مهلة شهر ونصف عمل من تاريخ اخطاره كتابة بذلك. أو بناءً على ظروف مستجدة بالنسبة للطرف الأول حيث لا يمكنه الاستمرار

١٠- أحكام عامة

١٠-١ القوانين التي ترعى أحكام هذه الاتفاقية

أيّ خلاف قد ينشأ جراء تطبيق هذه المذكرة أو يطال تفسير أحد بنودها يخضع للتحكيم بين الطرفين، عن طريق تشكيل لجنة تحكيم مكونة من ثلاثة أعضاء يسمي كل طرف عضواً منهم ويسمى العضو الثالث باتفاق الطرفين.وتكون قرارات لجنة التحكيم ملزمة للطرفين.

وفي حال فشل لجنة التحكيم باتخاذ القرار المناسب تعرض القضية على المحاكم المختصة في اقليم كردستان، وتكون هذه المذكرة خاضعة للقوانين النافذة في اقليم كردستان من جميع نواحيها ويعود طرفا المذكرة الى أحكام هذه القوانين بخصوص أية حالة لم يرد بشأنها نص في هذه المذكرة.

١٠-٢ تتم كل المراسلات باللغة الكردية و العربية و الانكليزية حسب الحاجة ويتم ارسالها واستلامها بين الطرفين حسب الأصول .

١٠-٣ حررت هذه المذكرةعلى نسختين باللغة العربية ولاحقا ستترجم الى اللغة الكردية لمقتضيات المصلحة العامة وتم التوقيع عليها من قبل الطرفين بمدينة أربيل عاصمة اقليم كوردستان في العراق ، ويحمل كل طرف نسخة منها للعمل بموجبها.

| | |
|---|---|
| عن وزارة التربية في إقليم كردستان | عن شركة جيوبروجكتس |
| معالي الدكتور دلشاد عبد الرحمن محمد | الدكتور رضا علي اسماعيل |
| وزير التربية | المدير العام للشركة |

## پاشكۆی ژماره ( ٢ )

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی كوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Education | إقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التربية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية الذاتية |

دەرکردە

ژمارە: ٢٠٤٢٠

ڕێكەوت: / ١٠ / سەرماوەرز ٢٧١١/ كوردی

No:
Date: ٢٠١١ / ١٢ / ١

### فەرمانی وەزاری

بڕیارماندا بە پێك هێنانی لیژنەی باڵای هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە ی كۆنگرەی گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بە سەرۆكایەتی خۆمان و ئەندامیەتی ئەو بەڕێزانەی لە خوارەوە ناوو ناونیشانیان هاتووە .

| | | |
|---|---|---|
| ١. بەڕێز/ د.احمد محمد مام عثمان قرنی | ڕاوێژكار | جێگری سەرۆك |
| ٢. بەڕێز/ یوسف عثمان یوسف | ب.گ.پلان دانان | ئەندام |
| ٣. بەڕێز/ ئاراس نجم الدین عبدالله | ب.گ.پرۆگرام و چاپەمەنییەكان | ئەندام |
| ٤. بەڕێز/ برهان عبدالله عادل | ب.گ.دیوان | ئەندام |
| ٥. بەڕێز/ عبدالعزیز سرحان فارس | ب.گ.ف.بنەڕەتی و باخچەكانی ساوایان | ئەندام |
| ٦. بەڕێز/ احمد سمایل رحمان | ب.گ.ف.ئامادەیی و پیشەیی | ئەندام |

سەفین محسن دزەیی
وەزیری پەروەردە

وێنەیەك بۆ/

- نووسینگەی وەزیر.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان .
- ب.گ. پلان دانان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.گ. پرۆگرام و چاپەمەنییەكان .... لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.گ.ف. بنەڕەتی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.گ.ف. ئامادەیی .... لەگەڵ ڕێزدا .
- ب. خۆیەتی لەگەڵ هاوپێچ .
- ب. تجهیزات .
- ب. ژمێریاری/ كارگێری.
- بەڕێزان / سەرۆك و ئەندامانی لیژنە / بۆكاری پێویست .... لەگەڵ ڕێزدا .
- دۆسیەی كەسی/٦ .
- خولاو .

ئامادە ٢٠١١/١١/٢٩ ل/ خۆیەتی ارداش ب.خۆیەتی / م.دلشاد

Kurdistan Region - Erbil
Phone: ٢٢٣٢٤٧٥/٢٢٣٠٢٥٠
E- mail :info@kurdistan-moe.org
هەرێمی كوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٣٢٤٧٥/ ٢٢٣٠٢٥٠

بەڕێز وەزیری پەروەردە \\ سەرۆکی لیژنەی بالاّ ی کۆنفرانسی ب.گ. پرۆگرامەکان

سلاّو و ڕێز

ب \ کۆنووسی کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەی بالاّ

لە سەر داوای بەڕێزتان و بە سەرۆکایەتیتان لیژنەی بالاّی سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانسی پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی بیرکاری و زانست بۆ هەمووان کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بە هاوکاری دەزگای بلاّوکردنەوەی جیۆپرۆجێکتس ئەنجامی دەدات لە ڕۆژی پێنجشەممە ٥ \ ١ \ ٢٠١٢ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجام دا کە لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەك لە ئامانجی بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە لایەن بەڕێزتانەوە دەستی پێکرد و دواتر یەکە یەکەی ئەندامان ڕاو سەرنج و تێبینیەکانیان خستەڕوو کە بەم خاڵ و ڕاسپاردانە کۆتایی هات .

- دەستکاری کردن لە هەردوو فەرمانی وەزاری ژمارە ٢٢٠٩٢ و هەروەها ٢٢٠٥٩ لە ١ \ ١٢ \ ٢٠١١ کە تایبەت بوو بە ئەندامانی لیژنەی بالاّو لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکە بە زیاد کردنی هەندێ ئەندامی پەیوەندیدار و بەخشینی هەندێکی تر کە خۆیان پێیان وابوو کە ناچنە نێو کاری ئەم کۆنفرانسە بەڵکو لە ڕۆژانی ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە وەك بەڕێوەبەری گشتی ڕاو سەرنجی خۆیان دەبێت لە سەر بەرنامەکانی کۆنفرانسەکە,هەروەها نوێنەری جیۆپرۆجێکتس لە هەردوو لیژنە ئەندامیان دەبێت چونکە لایەنی پەیوەندیدارن لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامانە.
- گفتوگۆکردن لە سەر ئەرك و دەسەلاّتی لیژنەی بالاّو هەروەها ئەرکەکانی لیژنەی ئامادەکاری و لیژنەی پارێزگا و لیژنەی قەزا کە خۆی لە دروستکردنی لیژنەی تری پێویست دەکات بۆ ئامادەکردنی فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەیان و چۆنێتی پڕکردنەوەیان.
- لیژنەی پێکهێنراو لە/ پەروەردە ب.گ.و پارێزگاکان بە کاری پێداچوونەوەی خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵدەستن و سەرجەم ڕاپۆرتەکان ئامادە دەکەن و گفتوگۆی بەردەوامی لە سەر دەکرێت لەگەڵ

شارەزایانی پرۆگرامەکان لە ب.گ. پرۆگرامەکان و شارەزایانی دەزگای جیوپرۆجێکتس بۆ گەیشتن بە دوا بڕیار لە چاککردنەوە و پوختکردنی بابەتەکان بە هەر دەستکارییەك کە پێویست بێت.

•ئەم ڕەشنووسانە دێتە ئامادەکردن و کاری لە سەر ناکرێت تا دەرئەنجامی هەڵسەنگاندن لە ڕاپرسییەکان تەواو دەبێت کە تایبەت دەبێت بە (( قوتابیان و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و کەسوکاری قوتابیان ) و کۆتای کۆنفرانسەکە بڕیاری تەواو لە سەر هەنگاوەکانی دواتر دەدرێت.

•بەڕێز ( د. أحمد محمد مام عثمان قرنی ) ڕاوێژکار لە وەزارەتی پەروەردە و جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵا کۆبوونەوەکانی تر بەڕێوە دەبات, (م. أراس نجم الدين عبدالله ) بە بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەستنیشانکرا

•بڕیاردرا کە ڕۆژی سێشەممە ١٠\١\٢٠١٢ کۆبوونەوەی دووەم بێتە ئەنجامدان.

| | | |
|---|---|---|
| برهان عبدالله ئەرگوشی | د. أحمد محمد مام عثمان قرنی | أراس نجم الدين عبدالله |
| ب.گ. دیوان | ڕاوێژکار | ب.گ. پرۆگرام |
| ئەندام | جێگری سەرۆك | بڕیاردەر |
| باپیر بکر باپیر | عبدالعزیز سرحان فارس | سفين محسن دزەیی |
| ب.گ ئەزموونەکان | ب.گ. فێرکردنی بەئنڕەت | وەزیری پەروەردە |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |

**بەڕێز وەزیری پەروەردە \ سەرۆکی لیژنەی باڵای کۆنفرانسی پەروەردەیی بۆ هەڵسەنگاندن و جێ بە جێکردنی پرۆگرامەکان.**

## کۆنووسی کۆبوونەوەی سێیەمی لیژنەی باڵا

## پێنج شەممە ٩ \ ٢ \ ٢٠١٢ نووسینگەی جەنابی وەزیر

لە کات و بەرواری سەرەوە وە بە سەرۆکایەتی بەڕێزتان لیژنەی باڵای کۆنفرانسی ب.گ. پرۆگرامەکان کۆبوونەوەی سێیەمی خۆی ئەنجامدا وە ئەم خالانەی خوارەوە تاوتوێکران.

**<u>سەرنج و تێبینییەکان::</u>**

١- لە سەرەتای کۆبوونەوەکە بەڕێز ( د. أحمد قەرەنی ) جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵا کورتەیەکی لە سەر کار و بەرنامە ئەنجامدراوەکان باسکرد و تێیدا تیشکی خستە سەر کۆبوونەوەی بەڕێزیان لە گەل لیژنەی ( بە دواداچوون و شیکردنەوەی فۆرمەکانی ڕاپرسی ) کە بەڕێز ( یوسف عثمان یوسف ) سەرۆکایەتی دەکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆرمە جیاجیاکانی ڕاپرسی کە لە لایەن ب.گ. پرۆگرامەکان ئامادەکراوە وە دا[illegible] ماوەی یەک حەفتە بۆ قبولکردنی یان پێدانی هەر ڕاو سەرنجێك دانراوە بۆ ئەوەی هەنگاوی تری بەرنامەی کار نیشی بۆ بکرێت

٢- مەبەستی سەرەکی ئەم کۆنفرانسە هەڵسەنگاندنی فۆرمەکان و شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە دەگاتە دەست لیژنەکان.

٣- بەڕێز سەرۆکی لیژنەی بە دواداچوون و شیکردنەوەی فۆرمەکانی ڕاپرسی ئەوەی خستە ڕوو کە کار کردن لە هەڵسەنگاندنی ئەم فۆرمانە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە بۆ دیاریکردنی ڕاو سەرنجەکانیان .

٤- زۆر بە پێویست زانرا لایەنی سێیەم کۆمپانیا بێت یان هەر لایەنێکی تر بەشدار بێت, هەر بۆیە بە پێی پێوەرەکانی جیهانی بە تایبەتی لە گەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ یان ڕاند کە ئێستا لە کارەکانی بەردەوامە و هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵاش ڕۆڵی کاریگەر ببینن.

٥- لە سەر بنەمای خاڵی چوارەم لە کۆبوونەوەی تایبەتی بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکانی عێراق و کوردستان کە ڕێکخراوی یونسکۆ هەمان ڕۆژ ئەنجامی دا و بەندە و بەڕێز د. أحمد قەرەنی بەشداری کۆبوونەوەکەمان کرد, ئەم داواکارییە خرایە ڕوو کە تێیدا ڕێکخراوی یونسکۆ ئامادەباشی خۆیان نیشان دا لە بەشداریکردن لەم هەڵسەنگاندنەو ئەنجامدانی کاری شیکردنەوەی ڕاپرسییەکە و دانانی کەسی شارەزا بۆ ئەم پرۆسەیە.

٦- ڕێککەوتنێك بکرێت لە گەل کۆمپانیای جیوپرۆجێکتس بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنی پرۆگرام و چاککردنەوەی هەڵەکان بە پێی ناوەرۆکی گرێبەست بە مەرجێك پرۆسەکە لە ڕووی تێچوونی دارایی بکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

٧- لە میانی ئەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری باسێکی تەواوی ئەو ئەرك و ماندوو بوونەی دیاریکرد کە لە ماوەیەکی زۆرەوە خەریکی ئامادەکردنی ئەم فۆرمانەی ڕاپرسین و ئەوەشی بە باش نەزانی کەسی شارەزا لە کۆمپانیای جێبەجێکار بەشداری ڕاپرسییەکەو شیکردنەوەی ئەنجامەکانی بکەن و ناکرێت ئەم ئەرکە لە ڕووی تێچوونی داراییش بکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

٨- وا پێشنیارکرا لە دابەشکردنی فۆرمەکان مامۆستای پیاو باشترە و لە لایەنی قوتابیان کچان زیرەکترن بە پێی ئەنجامی ئەزموونەکانی بەکەلۆریا ( ب.گ. ئەزموونەکان)

٩- ب.گ. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پێی وایە پشت بەستن بە تواناکانی خۆمان بکرێت و باشترە و لیژنەی زیاتر و خەلکێکی زۆرتر بەشداری ئەم لیژنانە بکەن.

**ئەنجامەکان::**

** نووسراو بکرێت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ داواکردنی سێ نوێنەری شارەزا لە بواری ئەنجامدانی ڕاپرسی و شیکردنەوەی داتا.

** ب.گ. دیوان لە گەل نوێنەری جیوپرۆجێکتس دانیشن بۆ یەکلاکردنەوەی خستنە ئەستۆی تێچووی ئەم کارانە.

** سایتی وەزارەت ئەکتیف بکرێت و ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی ڕاپرسی بەشداربێت. *لە ڕێگای بە . پەروەردەکانەوە بێت.*

** پێشنیار دەکرێت ئەوەی گرنگە بایەخ بە کاتی کارکردن بدرێت بە مەرجێك لە سەر حسابی پەلە کردن و کەوتنە نێو هەڵە نەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| جلال همزە کاکەشین<br>ب.گ. س. پەروەردەیی<br>ئەندام | یوسف عثمان یوسف<br>ب.گ. پلانی پەروەردەیی<br>ئەندام | بورهان عبدالله ئەرگوشی<br>ب.گ. دیوان<br>ئەندام |
| بابیر بەکر بابیر<br>ب.گ. ئەزموونەکان<br>ئەندام | أراس نجم الدین عبدالله<br>ب.گ. پرۆگرامەکان<br>بڕیاردەر | ئەحمەد محەمەد قەرەنی<br>ڕاوێژکار<br>جێگری سەرۆك |
| | | سەفین محسن دزەیی<br>وەزیری پەروەردە<br>سەرۆکی لیژنە |

*تێبینی*
*خاڵی چوارەم پرسی عقد نەدرێژ بکرێت*
*هەروەها لە دوای عقد پەیمانگا ئاسایی*
*نەبێت*
*٢/٢٦*

**بەرێز وەزیری پەروەردە \\ سەرۆکی لیژنەی بالآی کۆنفرانسی ب.گ. پرۆگرامەکان**

**لە ڕێگەی بەڕێز || د. أحمد محمد مام عثمان قرنی \ جێگری سەرۆك**

لە سەر ڕاسپاردەی بەڕێزتان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی بالآ ( د . أحمد قرنی ) لە جیاتی ڕۆژی شێشەممە ، ڕۆی چوارشەممە ١١ \ ١ \ ٢٠١٢ لیژنەی بالآ بە ئامادەبوونی ئەندامانی پێشنیار کراو کۆبوونەوەی دووەمی خۆی لە دیوانی وەزارەت ئەنجامدا وە. یوسف عوسمان یوسف لە بەر کۆبوونەوەیەکی دیکە نەیتوانی ئامادە بێت. تیایدا ئەم تەوەرانە بوونە جێی باس و گفتو گۆ و بەرنامەی کار وە لە کاتی پێویست ب.گ. دەزگای جیوپرۆجێکتس لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو ئامادە دەبێت. ,

- تا زووە لە گەل گەڕانەوەی بەڕیز وەزیری پەروەردە هەر دوو فەرمانی وەزاری واژۆ بکرێن و کار و ئەرکەکانیان واتە لیژنەی بالآو لیژنەی ئامادەکاری دیارییکرێن لە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکان و چۆنێتی جێبەجێکردنیان.

- بەرنامەی کۆنفرانس لە قۆناغی سەرەتاییدا هەڵسەنگاندی پرۆگرامەکان دەبێت.

- لە تەوەری دواتر ئەرکەکانی لیژنەی بالآ هاتنە دیاریکردن.\ کە ئەمانەن............

- أ- دەستنیشانکردنی ئەندامان.

٤- ب_ دەبێتە ئەلەقەی پەیوەندی لە گەل لایەنەکانی سەرەوەتر وەك پەرلەمان و ئە نجوومەنی وەزیران و ..هتد وە لە گەل لایەنەکانی خوارەوە لە ب.گ. پەروەردەکان و لیژنەکانی تری ئامادەکردن.

- ج_ سەرپەرشتی دوو لیژنە دەکات ( لیژنەی ئامادەکاری و لیژنەی سەرپەرشتی بە کۆتا هێنانی فۆرمی ڕا پرسی و شیکردنەوەیان )

٤- ت- بە دواداچوونەو دیراسەکردنی فۆرمەکانی ڕا پرسی و پەسندکردنیان بۆ کار لە سەر کردنی.

**** ئەرکەکانی هەردوو لیژنە بەم جۆرە دەسنیشاندەکرێت.

•لیژنەی ئامادەكاری:::

•م. أراس نجم الدين عبدالله \ ب.گ پرۆگرامەكان سەرۆكایەتی دەكات.

•چەسپاندنی ناوی ئەندامانی لیژنەی ئامادەكاری بە هاوكاری لە گەل ب.گ. پەروەردەی پارێزگاكان.

•فۆرمی هەڵسەنگاندن ( ڕاپرسییەكان ) لە لیژنەی ئامادەكردنی فۆرم لە لیژنەی ئامادەكردن كە شارەزایانی بابەتەكان لە ب.گ. پرۆگرامەكان ئامادە دەكرێت وەردەگیرێت.

•كاری مەیدانی لە ڕاپرسیەكان كە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان ئە نجام دەدرێت كە بریتین لە ٢٥ جۆر فۆرم تەواو دەكرێت.

•كار لە پەروەردەی قەزاكان كە پێك دێت لە ڕۆلی تەواوی سەرپەرشتیارانی كارگێری و بەڕێوەبەری قوتا بخانەو مامۆستایان لە سەر ئەم ڕاپرسیە دەكرێت.

